# کوردستانێکی ئازاد                    گەلێکی یەکسان

## ڕووبەڕووی ڕاستییەکان

چاوپێکەوتنی گۆڤاری (ئاڵای سووری کوردایەتی) لەگەڵ مامۆستا و رابەری هێژا هاوبیر (عەلی)، کاك ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆك دا.





هاوبیری نەمر ئازاد مستەفا لە ئەشکەوتەکەی شاخی سورێن.

له بڵاوکراوەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد – پاسۆك

دەزگای چاپەمەنیی شەهید فەرهاد خەفاف.

چاپی دووەم، ٢٦٠٦ -١٩٩٤

چاپی سێیەم، ٢٠١٨، ماڵپەڕی هاوبیرانی کوردایەتی.

PASOK.eu

## پێشەکییەکی پێویست

خوێنەرانی بەڕێز.....

ئەم نووسراوەی بەردەستتان، چاوپێکەوتنێکی ٥٠ پرسیارییە کە گۆڤاری (ئاڵای سووری کوردایەتی)، ئۆرگانی هێزی پێشمەرگەی پاسۆك ئاڕاستەی هاوبیری نەمر کاك ئازاد مستەفای سکرتێری پاسۆك یان کردبوو، چاوپێکەوتنەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی ٥٠ پرسیار کە ئەوکاتە لەژێر ناوی هاوبیر (عەلی) دا لە کاك ئازاد مستەفا کراوە.

لەسەرەتادا پێویستە ئەوە بڵێم کە دوای چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (پاسۆك لە کڵاورۆژنەی دروشمەکانییەوە)، ئەمە دووەم نامیلکەیە کە چاپمکردووەتەوە و دەیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز. هەتا ئێستا زۆربەی نامیلکە و وتارەکانی هاوبیر ئازادی نەمرم بەچاپکردنەوە گەیاندووەتەوە و وردە وردە لە دەرفەتی گونجاودا پاکنووس و هەڵەچنیان دەکەم و بڵاویان دەکەمەوە.

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم چاپە نوێیەی (رووبەڕووی ڕاستییەکان)دا، هەوڵ دەدەم بە چەند وشەیەك کورتە ژیاننامەیەکی هاوبیر ئازاد مستەفای نەمر بخەمە بەردەستی ئێوەی خوێنەرانی بەڕێز..... هەرچەند ئازاد مستەفا کەسایەتییەکی نەتەوەیی و سیاسی و هاوبیرێکی ناسراوی ناو سیاسەتی کوردی و بزووتنەوەی کوردایەتی بووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری نەوەنوێکانی ئەم سەردەمە ئاشنای ژیان و تێکۆشان و نووسینەکانی ئەو نین، هەربۆیە ئەم کورتە پێشەکییە بوو بە ئەرکێکی پێویست تا ئەو کەسانەی کە بە ژیان و تێکۆشان و بەرهەمەکانی هاوبیر ئازاد ئاشنا نەبوون و نین و هیچ بەرهەمێکی ئەویان نەخوێندووەتەوە، هەندێ زانیاریی سەرەتاییان هەبێت. هەروەها ئاماژە بە هەندێ لە نووسراوەکانیشی دەکەم و تیشکی ناساندن دەخەمە سەریان.

هاوبیر ئازاد مستەفا کە لەڕاستیدا ناوی راستینەی خۆی (محەمەد مسەتەفا)یە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە گوندی بارزان لەدایك بووە، کە ئەو کاتە باوکی کاری پۆلیسی لەوێ ئەنجام داوە. کاك ئازاد، لەنێو خێزانەکەیاندا تاکە برای شەش خوشك بووە. پاشان بەخێزانەوە گەڕاونەتەوە بۆ شاری سلێمانی، لە سلێمانی هاوشانی ژیانێکی هەژارانە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی خوێندووە و پاشان پەیمانگەی پزیشکیی لە بەغداد تەواو کردووە.

هاوبیر ئازاد هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە خولیای کوردایەتیی هەبووە و وەك کەسێکی زیرەك و هۆشیار و چالاك ناسراوە. ساڵی ١٩٧٤ بەشداریی شۆرشی ئەیلوولی کردووە و دوای هەرەسی شۆرش گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە سلێمانی نیشتجێ بووەتەوە. شایانی باسە دوای کۆتایی شۆرش، لە ١٩٧٥/٩/١١ دا، لەگەڵ چەند هاوبیرێکی دیکەی کازیك دا، دووبارە تێهەڵچوونەتەوە و لە کەرکووك، پاش زنجیرە کۆبوونەوە و مشتومڕکردنێکی زۆر، پارتی سۆسیالیسی کورد (پاسۆك)یان دامەزراندووە. ساڵی ١٩٧٧، بەهۆی دەستپێکردنەوەی چالاکیی سیاسی و جموجۆڵی زۆریەوە، لەگەڵ هاوبیرێکی دیکەیدا لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیر دەکرێن و پاش ئازار و ئشکەنجەدان و بەهۆی خۆڕاگرییەکی ئازایانە و بێوێنە و هیچ نەدرکاندنەوە، لەسێدارە نادرێت و فەرمانی ١٠ ساڵ زیندانیکردن بەسەریدا دەسەپێنرێت و پاشان ساڵی ١٩٧٩بە لێبووردنێکی گشتی، ئازاد دەکرێت. هەر دوابەدوای ئازاد بوونی، روو دەکاتە شاخ و لەنێو هاوبیران و هێزی پێشمەرگەی پاسۆك دا بەردەوامی بە تێکۆشانی سیاسی- چەکداری دەداتەوە. بەڵام بەخابن لەنێو شۆڕشدا و لەنێو کۆری خەبات و ژیانی هەرە سەخت و پر لەهەژاری و نەداری و برسێتی و

پرکاریی پێشمەرگەیەتیدا، دووچاری نەخۆشیی (شێرپەنجە) دەبێت و بە فەرمانی هاوبیرانی پاسۆك و بە هاوکاری و یارمەتیی هاورێیان و دڵسۆزانی کوردایەتی، بۆ چارەسەرکردن دەگەیەنرێتە سوید. پاش گەیشتنی بەسوید، لەو ماوە کەمەیشی کە بۆ چارەسەر بەناچاری لەوێ ماوەتەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لە چالاکی سیاسی و بەو ئازار و دەرد و نەخۆشییە سەختەشیەوە، توانیویەتی سێ کۆڕی سەرکەوتووانە بە ناوەڕۆك و چڕوپڕ بۆ هاوبیران و بەشێکی زۆری کوردانی دانیشتووی سوید بگێڕیت. لەو ئاوارەیی و هەلومەرجە دژوارەی نەخۆشییەکیشیدا، خولیای تێکۆشان و کوردایەتی ڕێگەی دانیشتن و پشوودانی پێنەداوە و سەرباری ئەو بارە گرانەی ئازاری زۆری نەخۆشییەکەی، هەرچیی بۆ کورد و هاوبیران و پاسۆك لە توانایدا هەبوو بێت، درێخیی نەکردووە و پێشکەشی کردوون. شایانی باسە لەماوەی مانەوەی سویدیدا، چەندی وتاری سیاسی و وێژەیی نووسیوە و دەیان نامەی بۆ کەسوکار و هاوبیر و هاورێ و دۆست و ناسیاوەکانی ناردووە. هەروەها هەر لەوێ دەستی کردووە بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی و تەنها توانیویەتی ٤٢ لاپەڕەی لێ تەواو بکات. سەرەنجام بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، لە بەرەبەیانی ڕێکەوتی ١٩/٣-١٩٨٩ دا، پاش ململانێ و بەربەرەکانییەکی ورەبەرزانە لەگەڵ ئازار و دەردی نەخۆشیی شێرپەنجەدا، لە نەخۆشخانەی (کارۆڵینسکا)ی شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆیەکجاری ماڵئاوایی لە هەمووان کرد. بێگومان مەرگی ناوادەی هاوبیر ئازادی نەمر رووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتبار بوو بۆ هەموو کەسوکار و هاوبیران و دۆست و نسیاوانی، هەروەها زیان و خەسارەتێکی گەورەش بوو  کە لە سەرجەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان  و فێرگە و بیروباوەڕ و ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتی کەوت. هاوبیر ئازادی نەمر، یەکێ بوو لە هاوبیر و ئەندام و سەرکردە هەرە دڵسۆز و چالاك و ماندووییننەسەکانی پاسۆك، ئەستێرەیەکی هەرە پرشنگداری ئاسمانی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی کوردی بوو. لەڕاستیدا بیروباوەڕ و ئازایەتی و خۆڕاگری و کۆڵنەدان و پێنووسە بەپرشتەکەی هاوبیر ئازاد، چەکێکی بەکار و برندە بوون بۆ گشت دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان. بەدڵنیاییەوە بەرهەمی بیر و ڕەنج و تێکۆشانی هاوبیر ئازاد، بۆ هەمیشە تێشووی ڕێبوارانی ڕێبازی کوردایەتی و کاروانی هاوبیرانی بیروباوەڕی کوردایەتی و دڵسۆزان و تێکۆشەران میللەتەکەمان دەبێت. لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییەش باس بکەین کە لە وڵاتەکانی سوید و ئەڵمانیا و هۆڵەند و دانیمارك و ئینگلستان و لە کوردستانیش لەناو هاوبیرانی پاسۆك و لایەنە سیاسییەکاندا، بە شکۆ و ڕێزدارییەکی زۆرەوە پرسە و ماتەمینیی بۆ گیراوە. پاشان لەلایەن هاوبیرانی پاسۆك و ژمارەیەکی زۆری کوردانی تاراوگەوە، بەوپەڕی ڕێز و شکۆداری و خەمبارییەوە، تەرمە پیرۆزەکەی رەوانەی کوردستان کراوەتەوە و دایکی نیشتمان بۆ هەمیشە ئامێزی ڕێز و پێزانین و خۆشەویستیی بۆ کردووەتەوە. یەکەم جار لە گوندی (زەڵێ) بەخاك سپێردراوە و دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، دووبارە بە بەبەشداری سەدان هاوبیر و هاورێ و هاونیشتمانی خەمخۆر و دڵسۆزەوە پێشوازیی لە تەرمە پیرۆزەکەی کراوەتەوە و لە گردی شەهیدانی سلێمانی بەخاك سپێردراوەتەوە.

- لێرەوە ئاماژە بە هەندێك لە نووسین و بەرهەمەکانی هاوبیر ئازادی نەمر دەدەین:

١- کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی – پەڕتووك.

٢- هێندێك بیرەوەریی ڕۆژانی کاژیك – پەڕتووك.

٣- شەهیدی سەرکردە ئازاد مستەفا لە دووتوێی نووسینەکانیدا – پەڕتووك.

٤- دروشمی ڕمانی ڕژێمی بەعس و مەسەلەی کورد – نامیلکە.

٥- كورد و مەسەلەی نەتەوایەتی لە دیدەگەی بەعسەوە –ناميلكە.

٦- بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا – ناميلكە.

٧- بەرنامەی پاسۆك دەربارەی برەی یەكگرتوو – ناميلكە.

٨- با لەژێر تیشكی فەلسەفەی كوردایەتیدا هەنگاو هەڵێنین – ناميلكە.

٩- لاكردنەوەیەكی كوردانە بەلای شۆڕشی ئەیلوول دا – ناميلكە.

١٠- مەڵۆیەك لە خەرمانی بیری پاسۆك – ناميلكە.

١١- پاسۆك لەچەند دێڕێكدا – ناميلكە.

١٢- نەتەوە و نەتەوایەتی – ناميلكە.

١٣- چەند سواڵەیەك لە خەرمانی بیری پاسۆك – ناميلكە.

١٤- دەربارەی فاشیزم – ناميلكە.

١٥- پاسۆك لە كڵاوڕۆژنەی دروشمەكانییەوە – ناميلكە.

١٦- هەندێ لەباسەكانی بیری نەتەوایەتی كورد – وتارێكی دورودرێژە.

١٧- پاسۆك بناسە – ووتار.

١٨- هەنگاوێ لەسەرەڕێی بیركردنەوە لە داڕشتنی بینای فیكردی كوردی دا – ووتار.

١٩- خەباتی هاوبەش و ناوكۆیی – وتار.

٢٠- قولی ڕەش و سپی لەبورادا دەردەكەوێ – وتار.

٢١- دەبێ ببین یا نەبین – وتار.

٢٢- بانگی كوردایەتی بەئاشكرا و دروست خۆشە – وتار.

٢٣- (عەریف عۆدە) لەبۆتەی شۆڤێنێتیی عەرەبیدا – وتاری رەخنەیی دورودرێژ.

٢٤- ئێمە و بەعس – وتار.

٢٥- با بۆ ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی بیربكەینەوە – وتار.

٢٦- شۆڕشی كوردستان و رێكەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ – وتار.

- جگە لەوانە، دەیان وتار و بەیاننامەی لە گۆڤاری (ئاڵای سووری كوردایەتی) و (سەربەخۆیی) و (روانگەی ئازاد)ی پاسۆك و (خوێندكاری كورد) ی رێكخراوی سۆكسەدا نووسیوە.

- چەندین بابەتیشی لە عەرەبییەوە وەرگێراوە.

لە کۆتاییدا دەڵێین: هاوبیر ئازادی نەمر، بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی کوردستان و مێژووی کورد و کوردایەتیدا وەك ئەستێرەیەکی هەرە بڵند و دروەشاوە دەمێنێتەوە.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هاوبیر ئازادی نەمر بێت.

هەزارن تاجەگوڵینەی پێزانین و رێزداری و ئەمەکداری بۆسەر گڵکۆی پیرۆزیان بێت.

برا و هاوبیری دڵسۆزتان

بەختیاری شەمەیی

ئەمستەردام – ٢٠١٨/١٢/١٦

((لەبارودوخێکی (متناقض)ی وەکو ئیمڕۆدا کە چەند چەکێك و مشتێ پارە نرخەکەی (عوزریەتی) بیروباوەڕەکە بێت، ئێمە پاراستنی رووسووریی حیزبمان بە هەموو ئیمکانیاتی دنیا ناگۆڕینەوە، چونکە ئێمە نەبازرگانین و نەقۆنتەراتمان کردووە)).

پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین.

بە بۆنەی تێپەربوونی ساڵێك بەسەر یەکەم ژمارەی (ئاڵای سووری کوردایەتی)دا، بەپێویستمان زانی بیکەینە هەلێك بۆ تیشك هاویشتنە سەر بیروباوەڕی کوردایەتی و هەندێ لایەنی نابەرچاو و تایبەتیی سیاسەتی حیزبمان و کێشەکانی ئەمڕۆی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

بەسوپاسەوە هاوبیری بەڕێز و تێکۆشەرمان هاوبیر (عەلی) ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندین.

١- گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی چۆن لەدایك بوو؟

پێویستیی ئۆرگانێکی ناوەندی، یان هەتا بڵاوکراوەیەکی ڕێکوپێکی هەفتانە، مانگانە، یان دەوری، لە زوویەکی زووەوە بە توندی خۆی خستۆتە بەر هەست و بیری حیزبمانەوە، ئەگەر چی زۆر کۆسپی لە دەسەڵات بەدەر و لە مپەری باڵاتر لە بەژنەباڵای حیزب ڕێگری هێنانەدی ئەو پێویستی و ئاواتە بووە و چەندین هەوڵی بۆ دراوە و جارێ دوانیش بە نەبەکامی هاتۆتە بەرهەم، بەڵام تا چاو هەڵهێنانی ئاڵای سوور، نەبوونی ئۆرگان، یەکێك بووە لە ناتەواوییە بەرچاوەکانی حیزب! دەشێ ئەوەش بڵێم هێشتا لە ئاستی ئەو تەما و هیوایەی ئێمەدا نییە کە بۆ ئۆرگانێکی ناوەندیی هێزی پێشمەرگەیە نەك ئۆرگانی ناوەندی حیزب لەوەش بەولاوە ئۆرگانی فەلسەفەی کوردایەتی.

٢- ڕێکوپێکی و دوانەکەوتنی ژمارەکانی ئاڵای سوور دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە چ کێشە و کۆسپێکی هونەری لەبەردەمدا نەبێت؟ بەڵام زۆری هەڵەی چاپ زۆر جاران زیان لە ناوەڕۆکی باسەکان دەدات. لەم بارەیەوە چ روونکردنەوەیەکتان هەیە؟

کۆسپ وتەگەرە، ئەگەر شتێکی ئاسایی و بەرچاو بێت بۆ ژیانی کوردەواری، ئەوا کۆسپە مادیەکان بەتایبەتی وەکو خەسڵەتێکی خۆرسکیی حیزبی لێ هاتووە! پێتان سەیر نەبێت کە زۆر جاران لەبەر کەمی کاغەزی ڕۆنیۆ، یان نەبوونی مەرەکەب یان مانگرتنی تایپەکان، ناچار دەبین بارستایی ژمارەکان کەم کەینەوە و ئەوەندەش لەملاولا سواڵی کاغەز و بەرگ و مەرەکەبمان کردووە کە لەتاممان دەرکردووە. ئەم پرسیارەت ڕێچکەی پێچەوانەی دەگرت و لەوانەبوو بڵێی بۆ ژمارە دوازدەتان لەکاتی خۆیدا دواکەوتووە؟ ئەمە هۆیەك بووە بۆ ئەوەی دەست لەو پرۆژەیە هەڵگرین کە پێشتر سەرکردایەتیی حیزب بڕیاری دابوو کە بەهەر چوار ژمارە (کتێبێکی) وەرگێردراو بە زنجیرە لە ئاڵادا بڵاوبکەینەوە. دیارە کەمیی کادری هونەری و پسپۆری ڕۆژنامەگەری خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە و ماڵی هاوبیر (مام هەژار) ئاوابێت (تایپ رایتەر و مصلح و گەڵاڵەکەرێتی)ی گۆڤارەکەی خستۆتە ئەستۆ و جاروباریش بەدەرنەفیزەکەی سێ چوار ڕۆژ ڕۆنیۆ تاقانەکەمان پەك دەخات! بەهەر حاڵ، ئەمانە بەشێکن لە باجی سەربەخۆیی و سیاسەتی مەبدەئی و راستی حیزبمان کە هەردەم ئامادەین شانی بدەینە بەر.

٣- بۆ ناوی (ئاڵای سووری کوردایەتی) بۆ دانراوە؟

ئەی بۆ ناوی (ئاڵای سووری کوردایەتی) نەبێت؟ جارێ چ ئاڵایەك لە ئاڵای خەباتی کوردایەتی خوێناوتر و شەکاوەترە؟ یان ئەگەر مێژوو نازناوی سوور بدات بە یەکێ، پێت وا نیە ئەو یەکە کوردە؟ ئەگەر مەسەلەی هۆ بێت ئەوا دەتوانم لەم خاڵانەدا کورتیان کەمەوە:

١/ ئاڵایە بە مانای مجازی و راستیەکەی باوەڕی بنجیی حیزبمانە: لەم بارەوە شاعێرێکی* کورد دەڵێ:

دۆستەکانم باش بزانن

دوژمنانم باش بزانن

چەند باوەڕم

بە ئاوێستا و بە زەردەشت و بە خوا هەیە

هەزار هەندەش باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە.

* (عەبدوڵلا پەشێو)

٢/ ئەو ئاڵایەی باوەریشمان پێ یەتی (ئاڵای سووری کوردایەتی)یە لە کوردستانێکی ئازاد دا و بۆ گەلێکی یەکسان بێت.

٣/ بۆ ئەوەشە رێگە لەو بیرتەسك و شەوکوێر ودواکەوتوانە ببرینەوە کە وەك گای ئیسپانی بە ((سوور)) بەلەسە دەبن و جاروبارێك بەناهەق دوژمنانمات لە ملی ئێمەیان دەپێچن یان خۆیان دەیانەوێ بۆیاخی کوردایەتی لە خۆیان هەڵسوون.

٤/ پەیوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی کوردستانیدا لە چ ئاستێکدایە؟

بەشێوەیەکی گشتی، ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە بۆ پتەوکردنی ریزەکانی هێزە سیاسییە شۆرشگێر و دڵسۆزەکانی کورد و ئامادەی هەموو جۆرە برایەتی و هاوکاریەك بووین.تاکە رێگە و زامنی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی کورد یەکێتی و یەکگرتنی هێزە سیاسییەکانە لەسەر بەرنامە و رێوشوێنێکی دیموکراسیانە، لەبەر زۆر هۆ و بەتێخوێندنەوەی باری کوردستان و هەڵکەوتی هێزە سیاسیەکان ((بەرەی یەکگرتووی یەکسانی هاوتا)) مان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ وە خستۆتە روو و بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو، بەشی هەرە زۆری کۆششمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوە و ئێستا و لەداهاتوشدا ئامادەی هەموو جۆرە هاوکاری و هاریکاریەکی دڵسۆزانەین لەگەڵ هەرلا و بەرەیەکی شۆرشگێر و دڵسۆزا بۆ خزمەتی کێشەی نەتەوەکەمان و لەسەر بناغەی ڕێزی بەرانبەری و بەشێوازی دیموکراسیانە و ئازادی بیروباوەڕ و چالاکی سیاسی و چەکداری. هەمیشەش دوو خاڵی گرنگمان بەرچاو خستووە:

١/ هەموو کەس و لایەکمان بەبرا و دۆست و هاوکار قبوڵە بەڵام نەخۆمان بەکوێخای کورد دەزانین و نەکوێخایەتیش لەکەس دەسەلمێنین.

٢/ دۆستایەتی کەس و هیچ هێز و بەرەیەك بەدوژمنایەتی کەس ناکرێن، ئامادەنین لەژێر هیچ بارودۆخێکدا، ڕاو هەڵوێستی کەس کاوێژکەینەوە.

بەم پێیە لەدەرگای هەموانمان داوە و هەرلایەك هەنگاوێك بەلاماندا هاتبێ دەههەنگاو بەپیریەوە چووین. ئەمەش هێڵی دروست و چەسپاو و مەبدەئی نەگۆڕی حیزبمانە لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی دیدا.

٥- هۆی ئەو دالەنگین و نابەرانبەریەی فراوانی و گەشەی ڕێکخستنە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیە و کەمی ژمارەی پێشمەرگەیە چیە؟

ئێمە لەسەرەتاوە باوەڕمان بەوە بووە کەڕێکخستن بنکە و سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بوون و چالاکیی شۆڕشگێڕانەی سیاسی و چەکداریە و ئەساسە. بۆیە لەسەدا نەوەدی توانای خۆمان بۆ ئەو لایەنە تەرخان کردووە و هێزی بنەڕەتی و ئەساسی هەرحیزبێك بە چەندایەتی و چۆنایەتی ڕێکخستن و بنکەی حیزبی دەپێورێ. دیارە ڕۆژگاری داهاتووش ڕاستی ئەم بۆچوونە بەئیسپات دەگەیەنێ. بەویست و خوازی خۆشمان بوایە حەزمان دەکرد ئەو دالەنگینە بەرانبەری بوایە، بەڵام سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن و اعتماد کردنە سەرجەماوەری کورد و ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە سەرچاوەیەکی چەك و ماددی کە کەم تا کورتێ مەسەلە مەبدەئیەکەی تێدا بکەوێتە مەترسیەوە یان چ نەبێت خۆدۆڕاندن و فینچاندنەوەی تێدا بێت، لەبارۆدۆخێکی (مناقص)ە ی وەکو ئیمڕۆدا کەچەند چەکێك و مشتێ پارە نرخەکەی (عزریەتی) بیروباوەرەکە بێت ئێمە پاراستنی روو سوریی حیزبمان بە هەموو ئیمکانیاتی دنیا ناگۆڕینەوە، چونکە ئێمە نە بازرگانین و نەقۆنتەراتمان کردووە، کە پاسۆك زابێت و ئەمە بێت.

لەسەر مانە کوردبین و بەرژەوەندیی باڵای کورد لەسەرو هەموو ئیعتبارێکی دیکەوە دابنێین و سەد پێشمەرگەی پشت بەستوو بەجەماوەر، زۆر زۆر کاریگەر تر و شەرەف مەندانەترە لە هەزاران هەزار چەکداری پاڵدراو. ئێمە بەقەناعەت باوەڕمان بەوەیە کە (چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە). جگە لەم کۆسپانە کۆسپی قووتکراوە و مەترسی ئەم و ئەو لە لافاوی ڕادەر و گەشەیەی پاسۆك هۆیەك بوون بۆ کێشە و گرفت نانەوە بۆمان و ئێمە هەر هەندێك بەخۆماندا هاتینەوە بە (تواضع)ە وە دەڵێین: بەو ژمارە کەمەوە لەناوچەی سلێمانی چەند هێندەی، هەندێ لا کاریگەر بووین و دوژمنەکەمان هەراسان کردبوو. دەشبێ ئەوە لەبیر نەکەین کەمەسەلە ژمارە نیە، ئەگینا شۆڕشی ئەیلول سەدو بیست هەزار پێشمەرگەی هەبوو،چونکە بناغەی لەسەر بەفر بوو، لەشەو و ڕۆژێکدا توایەوە. ئێمە بەهێزترین و زۆریش لەخۆمان ڕازین چونکە خاوەنی ئەو ڕێکخستنەین و ئەوەی دەشمێنێتەوە و بەرگەی هەر گۆڕان و ڕوداوێکی کتوپری ناوەخت بگرێت ڕێکخستنە.

٦- زۆرجار دوژمنەکان قاوی دژی عەرەب و فارس و تورکمان بۆ دادەخەن، سەرچاوەی ئەم قاو و هەڵبەستنە چیە و لەم بارەیەوە ئەگەر بفەرموون تیشکێ بخەنە سەرئەم باسە؟

دژایەتیی هەر نەتەوەیەك بدرێتە پاڵ ئێمە، یان بیری نەتەوایەتی بەگشتی، گەڕێکی یەکجار ڕەزاگران و گاڵتە جاڕانەیە. وەکو ئەوە وایە خراپتریش کە بڵێین ((خەباتی کرێکارانی سعودی دژی بەرژەوەندی کرێکارانی ئەمەریکایە))!.

ئێمەی نەتەوەیی بەر لە هەموو شتێك و زیاد لە هەموو شتێك، ڕێز لە بیر و هەست و بەرژەوەندی و ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەییانەی نەتەوەکان دەنێین، دیارە نەتەوە دراوسێ و هاوماڵەکانمان پێش خەڵکی تردەکەونەوە لەم بارەیەوە ئێمە دژی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی ئەو نەتەوانەین کە بەزۆر و بێ ویست و بەرژەوەندیی ئێمە و نەتەوەکانی دیکە، داگیریان کردوین و دەمانچەوسێننەوە، وەکو دەزانن دابەش کردنی کوردستان بەویست و خواز و داواکاری و هەوڵی جەماوەری ئەو نەتەوانە نەبوون و هیچ بەرژەوەندیەکیان لەداگیرکردن و بەزۆر

بەستنەوەی کوردستاندا نییە. بەڵام داگیرکەرەکە کە (سوْ استفادە) لە هەستی نەتەوەییانە یان نیشتمانی و هاوڵاتیانەی ئەو گەلانە دەکەن و دەیانەوێ ئاراستەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بکەن، ئەگەر بۆیان سەربگرێت پێمان وایە کارێکی ناڕەوایە و هێندەی زیان و دژایەتی ئێمە، زەرەر بەخش و دژ بە بەرژەوەندیی ئەوانە، بەچکە عەرەبێك گای لە کام گاڕانی دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکاندا هەیە، ڕاپێچی کوردستانی کەن و بەکوشتنی بدەن، بەچکە فارسێك کەی حەز دەکات لە کوردستاندا گۆڕیشی هەبێت و تورکێك چ بەرژەوەندیەکی هەیە لە ئەنەدۆڵەوە بیبەنە کوردستان و کوردی پێبکوژن و کورد بیکوژێت؟ یان ئەو ڕژێمانە خۆیان دژی نەتەوەکانی خۆیانن و زۆر جار لە کورد خراپتریان بەسەر دێنن. ئێمە دڵنیاین ئەگەر ئەو جەماوەرە چەواشە نەکرێت و لەخشتە نەبرێت و زۆری لێ نەکرێت، هەرگیز ئامادە نییە و ئامادە نابێت مۆرەیەك لە کورد بکات نەك وڵاتەکەی داگیر بکات یان ببێتە داردەستی ئەو رژێمە رەگەزپەرستە چەوسێنەرانە. ئەمە وەکو شتێکی چەسپاو و لەرووی مەبدەئەوە لامان روونە و باوەڕمان بە دۆستایەتی و برایەتیی نێو گەلان هەیە، ئەگەر وانەبین خۆمان هەڵدەوەشێنینەوە و دژی خۆمان دەوەستینەوە، چونکە چۆن دەشێ کۆمەڵێکی نەتەوەیی پەیرەوا نی فەلسەفەی کوردایەتی دژی نەتەوەیەکی دیکە بن؟ بۆیە ئێمە ئەو رژیم و بیر و پارتانەی نێو ئەو گەلانە کە باوەڕیان بە بوون و سەربەخۆیی کورد نییە، هەرچی بڵێین و بکەن بە (نەتەوەیی) یان نازانین و بەکۆمەڵێ رەگەزپەرست و دەمارگیر و لادەریان دەزانین. راستی وچەوتی هەر ئیدیعایەکیشیان تەنها باری سەرنج و هەڵوێستی تیوری و عیلمییە بەرانبەر کورد و مەسەلەی کورد، سەنگی مەحەك و بواری راستی و ناراستی بیروباوەرەکانیانە. بەنیسبەت کورد و ئەو گەلانەشەوە مەسەلەکە زۆر چەواشە کراوە و دوو لایەنە: لایەنێکی هەوڵ و کۆشەی ئیستعمار و دەسەڵاتدارە ڕەگەز پەرەست و کلکەکانیانە بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی و بڵاوکردنەوەی بیروباوەری چەوت و چەواشە کردنی جەماوەرەکەیان و سازدان و هاندانیان دژی کورد وەکو نەتەوە، لایەنێکی دیکەی رارایی و ترسنۆکی رابەر و پارتە بورژوازی و کۆسمۆپۆلیتییەکانی کوردە کەنەیان وێراوە و نەیان توانیوە و نەیان ویستووە مەسەلەی کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز و بەرابەر و هاوتا لەگەڵ ئەواندا دەربخەن و داوا بکەن. هەمیشە خۆیان بچووككردۆتەوە و زەمینەیەکی فیکری و ئایدیۆلۆجی و هەتا رەفتارییشیان خۆش کردووە کە گومان لە مەسەلەکەیان بکرێت و تەعامولی نەتەوەیەکی سەربەخۆمان لەگەڵدا نەکرێت. پێش ئەم ساڵانەی دوایی مەسەلەی کوردستانی گەورە و مافی دیاری کردنی چارەنوس و دەوڵەتی کوردی و ئەو مافانەی بۆ هەر نەتەوەیەکی دیکە قابیلی چەند و چوون و گومان نەبوون و هەندێ جار لەسەر لاپەڕەکانی خۆشیان بەرگریان لێکردوون و هاواریان بۆ کردوون، کەچی دەکرایە تۆمەت و لاقرتە بۆ نەتەوەییەکان! لەم بارەوە ئاڵای سووری کوردیەتی زۆر تیشکی خستۆتە سەر ئەم باسە.

بەکورتی، ئێمە گەلانی عەرەب و فارس و تورك و هەموو نەتەوەکانی جیهان بەدۆست و هاوکار و برای خۆمان دەزانین ((دیارە نەبرا گەورە و نەبرا گچکە))، برای دوانە و دروست بەقەدەر یەك و هاوسان و هاوشان لەگەڵ یەکدا. پر بەدڵ حەز بە سەرکەوتن و پێشکەوتنیان دەکەین و ئەوەندەی بۆشمان بکرێت و پێمان هەڵسو ڕێ، هاوکاریان دەکەین بۆ گەیشتنە ئامانجە رەواکانیان و (حتما) چاوەڕوانی هەمان گیان و ئامادەگیش لەوان دەکەین. هەر بەندو باوێکی هەڵبەستراو دژی ئەم بیر و رێبازە گونجاو و چەسپاوەی ئێمە، لە هەر لا و کەسێکەوە بێت، تەنها بۆ بەرگرتنە بەتین و تەوژمی بیروباوەڕی کوردایەتی، چونکە تەنها و تەنها لە بەر رۆشنایی بیر و فەلسەفەی کوردیەتیدایە کە کۆتایی بە عومری بەلای، داگیرکەری ئەو داگیرکەرانە و بنیاتنانی پەیوەندیی دۆستانە و برایانەی بەرانبەری و یەکسان و هاوتا لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا، مەسەلەی دژایەتی، ئێمە لە پرۆگرامی حیزبماندا دیاریمان کردووە کە ((دژی هەموو بوونێکی

مادی و مەعنەوی زیان بەخشی بێگانەین لە کوردستاندا)) و هەرکەسێ بە نیازی داگیرکردنی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوەکەمان پێ بنێتە وڵاتەکەمانەوە، بە دوژمنی دەزانین و ئەمەش تەنها تاکەتاکەی ئەو گەلانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی داگیرکەری و کورد لەناوبردن لە کوردستاندان و دژی رەوتی مێژوویی کوردن، نەك گەلەکان خۆیان. ئێمە بۆ ئەوەی بە باخەڵ فەرەح و بەرچاوروون و ((متساهل)) و پێشکەوتوو، فلان و فیسارمان بزانن! دوژمن و داگیر کەر بە برانازانین. ئەوانەی ئەوە دەکەن نازناوەکانی (خۆفرۆش و سازشکار و بێگانە پەرست و قسر) هەڵدەگرن و لە (کورد) ێتی دەشۆرێنەوە. ئێمە دڵنیاشین تەنها لە (کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) دا دەتوانرێ کۆشکی برایەتی و هاوکاریی ئیجابی لەگەڵ ئەم دنیایەدا هەڵبسێنین. بۆیە لەسەرمانە لە پەیوەندی و هاوکاریمان لەگەڵ ئەو پارت و رێکخراوە پێشکەوتنخوازانە و دڵسۆز و شۆرشگێرانەی ئەو گەلانەدا هەمیشە ئەم خاڵە دووپات بکەینەوە و یارمەتیان بدەین تا هەڵوێست و ڕوانگەی زانستیانەیان هەبێت بەرانبەر کورد و مەسەلەکەمان. بێ دان نان بە بوونی و سەربەخۆیی کورد و هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی، ناشێ و ناکرێ پەیوەندی و هاوکاریی ستراتیژی لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەدا داڕێژرێت و هەرچییەك بکرێت بێ پێشەکی و بەرچاوخستنی ئەم ڕاسیە بەڵگە نەویستە، تەنها خۆهەڵخەڵەتاندن و تاکتیك و توانا بەخەسار دانە و بەس. بەم ڕێگەیەش نەبێت ناتوانین خزمەتی،نەتەوەکەمان بکەین.

٧- ئەوەندەی بزانم، بەنیوە و نیوەچڵی ئەم ئەرکە پێویستیە –تا ڕادەیەك- بەئەنجام گەیشتووە،بەلانکەمەوە زۆر ڕێکخراوی عەرەبی خەریکن بگەنە ڕۆخی قەناعەتی ((مافی دیاری کردنی چارەنووسی کورد)) بەڵام وەکو نوسراو و بەڵگەی مێژوویی زۆرجار گیرە گیری تێدادەك، تاچ ڕادەیەك بەڵگە و پۆزشەکانیان دەسەلمێندرێ و چ نموونەیەکی بەرچاومان هەیە؟

دیارە مەسەلەکە زۆر ئاسان نیە، تازە بەتازە لایەنە کوردیەکان کەوتوونەتە سەرهەست و بیری گرنگی ئەم لایەنە و جاروبار دەیدرکێنن! جا بەرانبەرەکە زۆری تری دەوێت تا باوەڕ بێنێ، بەداخیشەوە زۆر توانا بۆ ئەم لایەنە خەرج نادرێت. سیاسەتی کوردی وەکو لەسەر تاکتیك و شتی کاتی و ڕۆژانە بژیەت وایە، ئەمەش پتر دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەلاوژێی حیزبایەتی و ئەو بینەپرکێ ناشەریفانەیەی لەسەر حسابی کورد و بیروباوەڕەکان دەکرێت. ئەگەر بەرنامە و پلان و شێوازێکی دیاری و قەراردار هەبوایە ئەگەر نەڵێین (بەرەو جۆرە یەکێتیەك) تەنها تەنسیقێك هەبوای،ە هەتا لەنێوان کۆمەڵە سیاسیەکانی یەك پارچەشدا، ئەم ئەرکە هەرە گرنگ و پیرۆزە بە ئاسانی جێبەجێ دەکرا،بەتایبەتی بەهۆی تایبەتکاری و گرنگی و سەرەڕمیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو وڵاتانە و لەناوچەکەشدا، ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان هیچ بەڵگە و پۆزشێك لە هیچ کەس قبوڵ ناکەین و پێمان وایە هەر تێدا هێشتنەوە و زمان گرتن و گیر گیر و خۆدزینەوەیەك لەم بارەوەیە ((بەر چاو تەنگی و کورت بینیی ناشۆرشگێرایەتیە )). ئەگەر نەڵێین شۆفینیەتیکی سەرپۆش بەسەرە!. ((ئەو هێزە هاوکار و دۆستەی ئیمرم ئەگەر دان نەنێ بەو ڕاستی و مافەدا، سبەی لەسەر کورسیەکانی حوکم چۆن دەستم پێدا بگات، یان چی لە (صدام) جیاوازترە؟! مەسەلەکە ئەوەیە ئەمە ماکێکی کوشندەی رەگەز پەرستایەتی و شۆفیەنیەتیە تا لەبن و بێخ هەڵنەکەندرێ، هیچ هاوکاری و دۆستایەتی و گوزەرانێك ممکن نیە. ئەو ئەگەر پێی وانەبێت من نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆم و هیچ قەرزی بابی بەسەرمەوە نیە، سبەی کە رێکیش بکەوین و (حوکمی زاتی راسەقینەش)م وەکو نوقڵ و بەرات پێ ببەخشێ، هەر لە پێستی خۆمان بجوڵێینەوە ئەو هەڵدەسلەمێتەوە و بەلەسە دەبێت. ئەویش هەر کارێ بکات، ئێمە هەقمانە گومانی لێ بکەین. ئیتر چۆن لێك تێ گەیشتن و (حسن النیە) دروست دەبێت کە بەردی بناغەی هەر هاوکاری و گوزەرانێکی هاوبەش یان

جیاوازی و بەرابەریە؟ مەسەلەکە لێرەدا مەسەلەی ئەساسی و مەبدەئی یە، ئێمە ئەگەر دڵنیا بووین لە هەڵوێست و بیرو ڕای ئەو لایەنە کە وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن (مافی دیاری کردنی چارەنووس) تێمان دەڕوانن، ئەو کاتە مەسەلەی شێوە و جۆر و شێوازی ممارەسەی ئەو (مافە) گرنگ نیە و تەنها دەکەوێتە سەر هەڵکەوت و هەلومەرجی لەبار و پێویست. لەوانەیە باری جەماوەر و وڵاتەکە و بەرژەوەندی هەر دوو لا وا پێویست بکات کە ئەو مافە لەشێوەی (خود گەردانی، لا مەرکەزی و ئوتونومی) و یەکێتی وفیدراسیون و... هتد، ممارەسە بکەین. ئەگەر بەووردی سەرنجی ئەم مەسەلەیە بدەین هەتا حوکمی زاتی) خۆی وەکو زاراوەیەك دروست دەرناچێ، هەر مافێك و هەر شێوە و قاڵبێکی قانوونی ئەو مافە ئەگەر لەسەر بناغەیەکی مەبدەئی و ئەساسی بوونی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی و جوداوازی میللەیەتی، کە (مافی دیاری کردنی چارەنووسە) هەڵنەستێ، سەد (ڕاستەقینە و فراوان) یشی بە کلکەوە نرێت مەترسی هەڵگەڕانەوە و پوکانەوە و بن بووشی لێ دەکرێت. دیسان و دیسانەوە لە ((ئاڵای سووری کوردایەتی)) دا تیشکی پتر و روون تر خراوەتەوە سەر ئەم باسە. یەکێ لەو نموونانەی لەیادمدا مایێت -کەبەداخەوە زۆرن– ئەوە بوو پارتێکی عەرەبی هاتنە بارەگاکەمان بۆ سەردان و بیر گۆڕینەوە و هەوڵی هاوکاری لەگەڵ یەکدا، ئێمە ئەم باسەمان لاکردەوەو پێمان ووت: ئێمە حەز دەکەین و دەخوازین کە پەیوەندیەکانمان ڕاست و پتەو، ئەگەر بکرێت سترا تیژیش بێت ئەمەش بێ دان نان بەوەی کە " کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز و بەشکراوی، خاوەنی مافی دیاری کردنی چارەنووسە " نایێت. بۆیە ئێمە بەلانی کەمەوە لە ئێوە چاوەڕوان دەکەین کەدان، بەوەدا بنێین کە ((کورد لە کوردستانی باشوردا بەشێکە لە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی بە لە سەروو (جبل حمرین) دیاری دەکرێت)). دیاربوو لە هیچ شوێنێکی دیکە ئاوا بەرەو ڕووی ئەو ڕاستیە نەکرا بوونەوە بۆیە نەدەچوونە ژێری. پاش لێدوانێکی زۆر ووتیان : ئەمە ڕاستەو دەبێ وا بێت. بەڵام ئیمڕۆ جەماوەرەکەمان ئەمەمان لێ قبوڵ ناکات و ئەقڵی خەڵکی وەری ناگرێت و زەمینەی دەرپرینی نیە!. ووتمان: برایان حیزبی سیاسی دەبێت پێشڕەو و ئاڕەستەکەری جەماوەر بێت. ئەی ئێوە نەتوانن ((مفاهیمی)) ڕاست و ڕاستی و هەق بخەنە بەردەمی جەماوەر و پێیان گۆش بکەن و بیر و ختورە و هەستی شێواویان لا پەروێننەوە، کارتان چیە و بۆ رابەر و پێشرەون؟ ئەگەر ئەم ڕاستیە بەڵگە نەویستەی باوەڕتان پێیە، نەتوانن بیخەنە سەر کاغەز، خەتی نێوان ئێوە و "صدام" کامەیە؟ زامنی ئێمە چیە؟ هەر چۆنێ بوو، تا بەدەمی نەیان سەلماند، ئامادە نەبووین کۆبوونەوەی رەسمیان لەگەڵدا بکەین. بەڵام ئەوەتا دەیانبینینەوە! بەهەر حاڵ بەڕای ئێمە سەد ڕێکەوتن و بەیاننامە و بەرەو هاوکاری و چارەسەری کاتی بێت و پروات، ئەگەر لەسەر ئەو بناغەی باوەڕهێنانە بە نەتەوەی کورد و((مافی دیاری کردنی چارەنووس)) هەڵنەسێت، چی لێ هەڵناکڕێنین و ئەو زەمینە سیاسیە دەبێ بەر لەهەموو شتێك بێت، تەنها ئەوە بناغەی ئاشتی و ئاساییش و ڕێکەوتن و گوزەرانە لەکوردستاندا.

٨- هاوبیری مامۆستا، هەندێ جار ئێمەش دروشمی (حکومی زاتی فراوان) یان (ڕاستەقینە) بەرز دەکەینەوە و لە (بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا) مەسەلەی (حوکمی زاتی) مان وەکو ئامانجێکی کاتی دیاری کردووە، ئەمە تا چ رادەیەك لەگەڵ دروشم و را و هەڵوێستی لایەنەکانی دیدا یەك دەگرێتەوە؟ یان جیاوازیان چی یە لەوان؟ وچۆن لەگەڵ بیروباوەڕ و ئامانجە ستراتیژییەکانی حنیزبدا یەك دەگرێتەوە و دەگونجێ؟

بەلای ئێمەوە سیاسەت زانستە و هونەر، نە زانستێکی رووت و وشکە و نە هونەرێکی بەرز بە تەنیا، بەڵکو ئاوێتە و پێکەڵ پێکی یەکن. سیاسەتیش کەرەسە و ئامرازی ئامانج و رەوتە مێژوویەکەی نەتەوە و جەماوەرە، سیاسەتمەدارێك تەعریفی سیاسەت بەوە دەکات کە

((هونەری سازدان و کردنی کاری شیاوە – السیاسە فن ممارسە الممکنات من الامور)) بەڵام بیروباوەڕ و سەرەتا بنەڕەتییەکان، ئامانجە ستراتیژیەکان، چەسپاو و نەگۆڕە و دەستکاری و جێگۆڕکێ و لێ داشکاند و مەسلەت و مساومە هەڵناگرێت. بەڵام دەشێ و پێویستە لەگەڵ بار و هەلومەرجی رەخساو و بەردەستدا بگونجێندرێ و بسازێنرێ، بەس بەو مەرجەی پشوو درێژی و هەنگاو و وچانەکان لە چوارچێوەی دیاری ئامانجە ستراتیژییەکان نەترازێ و لە سەر حسابی بیروباوەڕ و سەرەتا بنەڕەتییەکان نەبێت، ئێمە وەکو لە پرۆگرامی حیزب و بڵاوکراوەکانی دیدا، چەندە سوور بووین لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکانمان، مەسەلەی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە و ئازادیی کوردستان، هێندەش بەرچاو روون و واقعی بین بووین و دیاریمان کردووە کە لە بار و هەڵکەوت و هەلومەرجێکی وەکو کوردا، گەیشتن بەو ئامانجە چەندین تێکهەڵچوون و قوناغ و وچان و دەسکەوتی کاتی گەرەکە و ئەو ئامانجە کاتیانە لەبەر رۆشنایی هەل و هەڵکەوت و بار وممکناتدا دیاری دەکرێت. حیزبمان لە بەرنامەی خۆیدا ئەو ئامانجە کاتیانەی بە (ئەوپەری  ممکن لە زەمەنێکدا) دیاری کردووە. زۆر بەداخەوە دەڵێین کە بار و هەڵکەوتی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا زۆر پتر لە (حوکمی زاتی) هەڵدەگرێ و ممکنە (حوکمی زاتی) ئەو پەڕی ممکن بووە  پێش ساڵانی حەفتا نەك ساڵانی پاش هەشتا! بەڵام لەبەر شەڕەتێلا و تەصفیەی حساباتی کۆن و بەرژەوەندی و بینە پرکێی ناشەریفانەی حیزبی و مساوەمە و مناقصەی سەر ساحەکە و باری ئاڵۆزی شۆرش و پەیوەندیی هێزە سیاسییەکان لە سەرێکەوە و خۆناساندن بە زاراوەی (حوکمی زاتی)یەوە هەر وەکو لەو زاراوەیە ترنجێنرابین و دەرچوون تێیدا و بەهەر بارێکدا لە دین دەرمان کات وایە، بۆ دەبێ تەنها چارەی کاتی کێشەی میللی کورد (حوکمی زاتی) بێت؟ و چاو لە فڵانە وڵات و فیسارە تاقیکردنەوە و ئەم بیرە و ئەو فەلسەفەیە بکەین و نەتوانین باری وڵاتەکەی خۆمان بەرچاو بگرین. ئەمە باسێك و داخێکی یەکجار سەختە، ئێمە هەر ئەوەندەمان لە دەست دیت نەگلێینە هەندێ لوعبەی گوماناوی و رای خۆمان تۆمار بکەین و بیخەینە بەرچاوی ئەو هێزە سیاسیانە و جەماوەریش. هیواداریشین بکەوێتە سەر بارێك بتوانین (بە خواهی نەخواهی) بۆ بەرژەوەندی کورد بیچەسپێنین. ئێمە لەوەدا لەگەڵ ئەو برایانەدا یەك دەگرینەوە کە بە ناچارانە، دامێنی ممکن (نەك ئەو پەری، حوکمی زاتیە)، بەڵام بەمەرجێ لەسەر بناغەی سەربەخۆیی کورد، وەك نەتەوە و ((مافی دیاری کردنی چارەنووس)) هەڵبستێت و ئەو حوکمی زاتییە، شێوەی گونجاو و ممکنی ئیمرۆی ممارەسەی ئەو (مافە) یە. چونکە ئەگەر حوکمی زاتی لەسەر ئەم بناغەیە هەڵنەستێ، نابێتە مافی میللیی نەتەوەیەك  وتەنها شێوەیەکی ئیداریی حوکمە و بەس و هەراشتر و باڵاترە لە تەقسیماتی ئیداری وەك (لیواکان و پارێزگاکان و بلدیات و لەم بابەتانە) پێویستە چەواشەیی و بەهەڵەدا چوون و وەهمێك هەیە برەوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە (کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و بەشێك نیە لە گەلی ئێران یان عێراق یات تورکی یان سوری)) کوردستان بابەش کرایێت و هەر پارچەیەی بە ناڕەوا خرابێتە سەر کیانێکی سیاسی، بەڵام خاکی نەتەوەیەکی تایبەتیە کە کوردە. جا ئیمڕۆ وا پێویست دەکات و بار و هەلومەرجەکە ئەوە هەڵدەگرێت کە شێوەیەکی تایبەتی و کاتی بدۆزرێتەوە بۆ پێکەوە ژیانی کورد و ئەو نەتەوانە، تا زەمینەی ئەوە خۆش دەبێت کوردیش وەکو هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەویە، کیان و بوونی ئازادانەی و سەربەخۆی هەبێت کە مەسەلە و باسێکی گونجاو و رەوایە. ئێمە سەرمان لەوە دەماسێ، خەڵکی هەبێت خۆی بە کورد و پێشکەوتووخواز و دیموکراسی و ئەم و ئەوە بزانێت، کەچی لە رووی واقعی و بیرکردنەوەوە، نەتوانن هەتا مەبدەئی ئنتدابی ئیستعماریانەش بسە لمێنن. جاران ووڵاتە ئیستعماریەکان کە ووڵاتێکیان داگیر دەکرد، نەیان دەگووت ماڵی بابی خۆمانە و پارچەیەکی ئێمەیە و قووتی بدەن. بەڵگەیان ئەوە بووە کە ئەو گەلانە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی خۆیان بەرێوەبەرن و سەربەخۆ بن، ئەمان وەکو (وحی) و چاودێری کە رێك فێریان دەکەن و ڕایان دێنن کە چۆن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن و

بەس. لەگەڵ هەموو درۆ و دڕندایەتییەکیشیاندا زۆر جاران ئەم قسانەیان بەراست گیراوە و مێژووی خەبات و سەربەخۆیی زۆربەی وڵاتە ئەفەریقاییەکان و هەندێکیش لە ئاسیاویەکان، بەزەختی سیاسی و رێکەوتن و خەباتی پەرلەمانی بەئەنجام گەیشتوون. کەچی گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا بەتەنیا زیاد لە شەست ساڵە لە خەباتی سیاسی و چەکداری و چواردە ساڵ شۆرشگێڕی گەورە و سەرتاسەریی جەماوەری هەبووە و وا شەش ساڵیشە لە سەخت ترین باردا زرمەمان دێت، هێشتا حوکمی زاتی شەپڵە لێدراومان پێ رەوانابینن. دەرووی بابی ئیستعمار رەش بێت ئەگەر ئەو داگیرکەرانەدڕندەتر و کەم فرسەت و گڵاوتر نەبن. لەهەمان کاتدا پێمان وایە بوونی دوو شۆرش و سیان، چوار، هەڵە نیە، ئەگەر هەموو پێداویستییەکانی شۆرش و بەرژەوەندیی میللی بەرچاوگیرێ و خۆیشی شۆرشی ئیرادەی، مێژوو و جەماوەربێت.

ئێستاش بەرژەوەندیی بەرزی کورد و پێویستی((فرسەتی خۆرایی)) نەدانە دەست دوژمن و پشتگیریی گەلی خۆمان لە هەموو بار و هەلومەرجێکدا ڕێمان نادات،ئەگینا بە ئەسکوێی ڕاستی و کوردایەتی، هەمانەی هەموو ئەوانەمان بەتاڵ دەکردەوە کە بەفرماڵی سەربانی دوژمنن و گای کورد دەکەن بەقوربانی گیسکی خەڵکی و دەیانەوێ لەسەر حسێبی ئەم و ئەو (کەکوردیشن) تەلاری قرچۆکی خۆیان بڵند بکەنەوە. چونکە دڵنیاین کەس لەدەست حوکمی توند و تەرازووی مووکێشی مێژوو دەرباز نابێت، بۆیە هەموو ئەوانەی دەبینە دڕکی سەرە ڕێگەی کوردایەتی، لەقوژبنێکی کوردستاندا بێت ،ڕۆژی خۆی دێت کە هەقی خۆیان بنرێت مست.

٩- لەتاقی کردنەوەی ئەم ساڵانەی دوایی، ئایا باری سیاسی کوردستان بەرپابوونی شۆرش لەدووپارچە یان زیاتری هەڵدەگرێ؟

هەر کاتێ بار و هەلومەرجی شۆرش پەیدا بوو و بارێکی شۆرشگێری هاتە پێش، ئیدی پرس بەکەس ناکات و کەسیش بەری پێ ناگیرێ، ئەمەش هیچ لە سەروەری و ئیجابیەتی مرۆڤ کەم ناکاتەوە، چونکە مرۆڤەکە خۆیەتی کەرەسە و ئامانجی شۆرشەکە. گونجان و نەگونجان و شیاوی دوو شۆرش و سیان یان سەرتاسەری هەموو کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ:

یەکەمیان/ ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتیی شۆرشەکە یان مەبەست لەوەیە ئایا تەنها ڕاپەرینێکی (عفوی و مفتعل)؟ یان شۆرشێکی جەماوەری ڕەسەنی هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەر.

دووەمیان/ بیری ڕابەری شۆرش بۆ بار و هەلومەرجی کوردستان تەنها بیروباوەڕێکی نەتەوەیی دەتوانێ بەم ئەرکە هەستێ، چونکە تەنها ئەو بیرەیە کە لەنگەری، پێویستی و پێداویستی و بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد رابگرێ دوور لە عەقڵیەتی ناوچەگەرێتی و ئەم دیو و ئەو دیوە، بەمانا، روانگەی نەتەوەییانەیە بتوانێ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنێ و خاوکردنەوەی تەوژم دان بەم یان ئەو و چۆنێتی گونجان (انسجام) لە نێوان ئەو بزوتنەوانەدا دروست بکات.

سێیەم/ رابەران و پیاوانی بزووتنەوە و شۆرشەکە مێژووی چارەکە سەدەیەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەگشتی و ئەم چەند ساڵەی دوایی بە روونی ئەم لایەنانە روون دەکاتەوە نەبوونی ئەو مەرج و هۆکارانە لە نەبوونی منطق و بیروباوەرێکی نەتەوەییانەی ڕەسەن لەتری بەسەدان کەس داوە و زۆر جار دووپات و دوو بزووتنەوە و دوو شۆرشی خستۆتە بەرانبەر یەکدی. هەردوور نەڕۆین زۆر جار پەیوەندیی دۆستانەی نێوان لایەك و داگیرکەرێکی کورد زۆر توندوتر و خۆشتر بووە لە پەیوەندیی نێوان دوو ڕێکخراو و یان هەتا دوو بزووتنەوەی کوردیشدا،

ئەمە ئەگەر ئەڵێین زۆر جاران لایەك یان پتر بوونەتە بەشێك لە سیاسەتی داگیرکەر و کوتەکی دەستی دوژمنە کە. هەتا لای جەماوەریش بارێکی نەفسی ئەوەندە سەخت و چەوتی دروست کردووە، کە پرس و ڕای (عێراقێتی ،ئێرانێتی، کوێندەرێتی)؟ ڕۆژانە بەگیانی هەمواندا دەچزێ و ئەو نەزعەیەی کە داگیرکەران نەیان توانیوە لەناو کوردا بیچەسێنن، خەریکە لە ژێر باڵی سیاسەتی چەوتی نا نەتەوەییانەدا نەزعەی ناوچەگەرێتی و عێراقی و ئێرانی و ئەم و ئەو سەرپێ هەڵبدەن. ئێمە بایی سیاسییەکی واقعی بین، دەزانین هەندێ جار دۆستایەتی و هەتا هاوکاری ئەم داگیرکەر یان ئەو داگیرکەر خۆ دەسەپێنن و پێویست دەبێت تا ئەو شوێنەی هیچ لایەك لەسەر حسێبی لایەکی دیکە نەبێت، ئەم جۆرە پەیوەندیانە پێویستن و ڕێگە پێ دراویشن. بەڵام لەمە بترازێ ((خۆفروشی و کورد فرۆشی و خیانەتە)) جا هەر زرە تەئویلێکی بۆ بدۆزنەوە بەشی ئەوە ناکات کە هیچ بزووتنەوەیەك کەرەسەی کاتی سەرکەوتنی نامسۆگەری خۆی لەسەر حسێبی هیچ بزووتنەوەیەکی دنیا چ جای بەشێك لە بزووتنەوەی نەتەوەکەی دەست بخات. بێ هیچ پێچانەوە و شاردنەوەیەکیش ئەم داگیرکەر یان ئەویان لەبەر خاتری چاوی کاڵی کورد و لەڕێی خوا و لەبەر بیروباوەڕەکەی یارمەتی بەشێکی کورد نادات لە کاتێکدا خۆی بەشە کوردەکەی خۆی بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کات. چونکە تاکە بواری راستێتی و هەق پەرستی و پێشکەوتنخوازی و مرۆڤایەتی هەر لایەك بەشە کوردەکەی خۆیەتی، ئینجا لایەکی دیکە. لەمەش بترازێ ئەوان بەناچارانە و عەرەب ووتەنی لەبەردەم هەڵبژاردنی ((اهون الشرین)) دا مراهنە کۆمەك یان چاوپرکێ لەگەڵ یەکدا دەکەن و دەزانن چاکیش دەزانن بام ناوچەگەرێتی و سەڵتەنەت تەڵەبی و خۆ ویستی و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی یان شەخسی ئەم پارتە و ئەو شەخسە و فلان کەس و فیسار دەستەبەرەی ئەوە دەبن کە مەترسیەکە لەو دوورخەنەوە، بەڵام ڕەوتی مێژوویی و چارەنووس و مەسەلەی کورد و ناوکۆیی و یەك بوونی مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی نەتەوەیەك، درەنگ یان زوو بەرماڵیان پێ دەگرێت. ئەوان تەنها بە هیوای خۆ دەربازکردن لە بەڵایەکی نێزیك و گەورەی بەرچاو پەنا دەبەنە بەر کێشەیەکی دووردەستی داهاتوو تەنهاش دڵیان بەوە خۆشە کە بەداخەوە تا ئیمرۆ ئەو فشە دۆستایەتییە تاکتیکیەی ئەوان بۆ خزمەتی هەموو بزووتنەوەی کوردایەتی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ لێدانی دوژمنەکەی ئەو و نیزیك کردنەوەی بەرژەوەندی و مەبەستەکانی ئەو بەخەرج دراوە. بۆیە ئێمە لەکاتێکدا دروشمی (لەهەر شوێنێك کورد پێویستی بەپاسۆك بێت سەنگەری لەوێ دەبێت) و لێدانی زەعیفترین حەڵقەی زنجیرەی داگیرکەرانمان بەرچاوخستووە بێ گوێدانە ئەو ناوە سەپاوانەی بەسەر کورددا و هەردەم ئامادەبووین بە خوار و ژوور و ڕاست و چەپدا تفەنگەکانمان وەرگێرین بەو جۆرەی کەلەبەرژەوەندی کوردبێت.

١٠- ئایا لەڕووی واقعی و سیاسی و تەکتیکیشەوە بێت، نابێ جیاوازیی داگیرکەرانی کوردستان بکرێت؟

هەر کە ووتت داگیرکەر، دەپرێتەوە، پیاو چاك داگیرکەر نابێت، بۆیە لای ئێمە داگیرکەر و بە (اطلاق) داگیرکەرە و یەك ناوك و جەوهەریان هەیە. بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی کە مەوقعی ئەو رژێم یان ئەو دەسەڵات لە سەرجەم بزووتنەوەی چالاکی مرۆڤ و سیاسەتی گشتی نێو دەوڵەتان و بار و هەلومەرجی گەلی کورد و ئاسۆی داهاتووی ئەو رژێمە و پەیوەندی و جەمسەرەکانی بە سیاسەتی جیهانیەوە، باسێکی دیکەیە. بۆ نموونە و ئەگەر کودەتایەك یان شۆڕشێکی جەماوەری و پێشکەوتنخوازانە لە ترکیا دا رووبدات، مەوقعی ئەو رژێمە جیا دەبێت لەگەڵ رژێمەکەی ((صدام )) دا و هەر خۆی ئەو بارە نوێیە ئاسۆیەکی روونتر و فراوانتر دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باکور و پێویستە باری نێودەوڵەتی و

ناوچەکە و هەڵکەوتی رژێمەکە بە گشتی و باری کورد بە تایبەتی بەرچاو بگیرێ و لەبەر رۆشنایی ئەوەدا هەنگاو هەڵێنرێت. لەوانەیە هەر راگرتنی رژێمێکی وا لەمەودای دووردا بۆ خۆی شۆرشێك بێت بۆ کورد. شۆرشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ لە عێراقدا بە هەڵوەشانەوەی ((پەیمانی بەغدا)) بە تەنیا دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی کورد، یان رمانی رژێمێکی شاهەنشاهی لە ئێراندا گەورەترین کۆسپی لەبەردەم نەتەوەی کورددا ((نەك تەنها گەلی کورد لە خۆرهەلات)) تەخت کرد و بارێکی شۆرشگێری هێنایە پێش. بەڵام مەترسی گەورە لەوەدایە کە ئەو گۆرانانە لافاو لەگەڵ خۆیاندا دێنێ و ئەگەر رابەران و پارت و رێکخراوەکان زۆر ئاگادار و هۆشمەند و بیر تیژ نەبن، جڵەویان لەدەست دەردەچێ جگە لە پیلان و دەستی دەرەکی هەر خۆی لافاوی عاتیفە و عەفەویەتی جەماوەر، زۆر جاران تەڕ و ووشك پێکەوە دەسوتێن و ئەوەش دەستووری شۆرشە مەزنەکان و بارە شۆرشگێریە کڵپە سەندوەکانە. لەم بارەیەوە سەرەنجی وورد لە شۆرشی فەرەنسا زۆر شت روون دەکاتەوە و تێ رامانینی باری کوردستان زۆر داخ بە مرۆڤ هەڵدەکێشێ. ئەم توندڕەویی و هەرزەییەتیە لە خەباتی ئاسایی و باری ئاسایشدا مەترسی گەورەی هەیە، لینین دەربارەی ((نەخۆشی چەپ رەوی هەرزانە)) زۆر وەستایانە و بلیمەتانە، تاو و با و بژیی شۆرشگێریانەی هەرزانەی لەتین و تەوژمی شۆرشگێرانەی رەسەنی جیاکردونەتەوە و بە (نەخۆشی) ناوی دەبات و زۆر جار لە دوژمن و داگیرکەرەکەش پر مەترسی ترە. بە کورتیەکەی داگیرکەران لە رووی چۆنایەتی و لە جەوهەردا یەکن، بەڵام لەرووی چەندایەتی و دەرەجەوە، جیاوازیان هەیە و دەبێ بە هەڵسەنگاندن و بەرچاو خستنی ووردی هەموو لایەن و جەمسەری مەسەلەکان ئەم مەسەلەیە تاووتوێ کرێت. بێگومان تەنها هۆش و بیری نەتەوەییانەی کورددۆستانەی پێشکەوتوخوازانە دەتوانێ ئەم ئەرکە راپەڕێنێ.

١١- لەم بارەیەوە حیزبی ئێمە تا چ رادەیەك توانیویەتی و دەتوانێ ئەم ئەرکە جێ بەجێ بکات؟

ئێمە لە حوکومدان بەسەر خۆمان و خەڵکیشدا، بێ پێچنەوە و بە (تواضع) ەوە دەڵێین بەو توانا و ووزە دیارییە کەمەی ئێمەوە و لەناوبارێکی وا ئاڵوزدا و لەجەنگەی بینە یرکێیەکی چەواشەدا و لەهەراج خانەی سیاسەتی ئیمرۆی کوردیدا ئەوەی بە ئێمە کراوە کردومانە و هەمیشەش لەسەر حسابی بەرژەوەندی و بە زیانی کاتیی حیزبمان شکاوەتەوە، بە جۆرێکی وا کە هەموو توانامان لە ساڵانی -١٩٧٩ و ١٩٨٠– دا بۆ بەرگرتن بە شەڕی براکوژی تەرخان کردبوو و ئەگەر چی لە زۆر لایەنەوە چاوی رێزگرتنی ئەو هەوڵەمان دەوێتەوە، بەڵام هەبوون ئەو هەوڵەی ئێمەیان بە (دەلاڵێتی) لە قەڵەم دابوو و زۆر جارانیش ئەو مەبدەئیەتەی خۆمان یەکجار بە گران لەسەرمان تەواو بووە و وا چاکە باس کردنی هەڵگیرێ بۆ ڕۆژی خۆی. بەش بە حاڵی خۆمان هەمیشە ئەمینداری، بیرورا و قسەکانی خۆمان بووین و هەڵوێستەکانمان بواری راستگۆێیمان بووە. ئێمە ئەگەر چی نەمانتوانیوە ئەو بارە دالەنگیوە راست کەینەوە، یان وەکو پێویست موکر بین لەسەر ساحەکە، بەڵام توانیومانە لەشاری کوێراندا چاو زەق کەینەوە، لە بری ئەوەی زگماك کوێر بێت لە بیروباوەر و سەرەتا بنەڕەتیەکاندا کوێر بێت چاری نییە  ئێمە ئەگەر لە بارێکی دیکەی چاتردا بووینایە، بێ گومان دەمانتوانی زۆر شتان راست بکەینەوە و هەر بەو هیوایەشەوە و بەوەدا کە ئەو ئەرکە چاوەڕوانمان دەکات دەست بە کاربین و دڵنیاشین لە سەرکەوتن. ئێمە بناغەی خۆمان مادام،، توند و پەیت دارشتووە و ڕەگمان لە ناو جەماوەردا داکوتاوە، ئەگەر لەسەرخۆ و درەنگیش سەر هەڵدەین و سەر پێ کەوین، بۆ داهاتوومان چاترە و ئەوانەی وەکو دومەڵان هەڵدەتۆقین چەند زوو هەڵچن ئەوەندەش زووە، دە شکێنەوە. کورد دەڵێ (شەرت هۆهۆ نییە، شەرت کۆکۆیە).

١٢- هەڵوێستی پێویست لە کوردستانی خۆرهەڵات چییە و هەڵوێستی حیزبمان لەم بارەیەوە چییە؟

سەرەتاترین و بچوکترین ئەرکی شۆرشگێری هەر دەستەیەکی شۆرشگێری، خەباتی رزگاریخوازی گەلانی چەوساوە و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهانە، ئەمەش چ لە رووی مەبدەئیەوە و چ بەرژەوەندی و هاوچارەنووس و بەرژەوەندی هاوبەشی پێویستی دەکات، جا ئەرکەکە دووجاران پێویست و خۆی دەسەپێنێ بە نسبەت داواکاریە رەواکانی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستاندا و ئێمە ئەو کوردەی کە بە دەمیش بێت پشتگیری خەباتی گەلانی چەوساوەی وەکو فەلەستین و ئیرلەندی و ئەفەریقی و ئەمەریکای لاتینی و ئەم وئەو بکات، کە هەستێکی مرۆڤانەی پێویستە، ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکەین کە بەدەم و دەست پشتگیری گەلەکەی خۆی بکات و یارمەتی خەباتی رزگاریخوازی پارچەیەکی دیکە بدات. با بڵێین لە بارێکی ئاڵۆز و سەختی وەکو کوردستاندا ئەم ئەرکە هەروا بە ئاسان هەڵنەستێ ناچارانە و (اضعف الايمان) دەبێت ئەگەر پشتگیری و یارمەتی گەلی کورد نەدرێت، بەلانی کەمەوە و بەهیچ جۆرێك و لەژێر هیچ بارێکدا دژایەتی نەکرێت، کۆسپی لەبەردەمدا قوت نەکرێتەوە و دەست لەکارو باری وەرنەدرێت. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەمیشە لەگەڵ گەلی خۆماندایین و هەردەم لەگەڵ ئەو دروشمە مەشهورەداین کە دەڵێ (وغنی دائما علی الحق) هەر بارێکی سەرنج و هەڵویستەیەکیشمان هەبێت لە سنووری بەرچاو خستنی دڵسۆزانە و بۆ بەرژەوەندی کورد نەبێت و لە چوارچێوەی ڕاگۆرینەوە و رادەربڕینی هێمنانە و برایانەدا نەبێت، نەکردوومانە و نەدەیکەین. مەسەلەی گەلێك و مافە رەواکانیشی مەسەلەیەکی (مغلق) و جیایە لە رەوت و سیاسەتی ئەم حیزب و ئەو رێکخراوە و ئێمە رێگە بە خۆشمان نادەین کە تراشکا ری لە ئیرادەی جەماوەری گەلەکەمان بکەین و ئەو رابەر و پێشرەوەی بۆ خۆی هەڵیدەبژرێری دروست جێگەی رێز و پشتگیریی ئێمەیە. چونکە جەماوەر ئەگەر لەسەر هەڵەش بێت، کە نابێت، هەر راستە. لەم بارەیەوە سەرمان بڵندە، روومان سوورە و لەهەموو دەورو بارێکدا پشتمان بە پشتی گەلەکەی خۆمانەوە بووە و زۆریشمان لەسەر کەوتوە، چونکە ئەمە بەشێکە لە ئەرکی سەر شانمان و تەرجەمەی علمی بیروباوەڕی نەتەوەییانەی رەسەنمانە. بەڵام داخەکەم لە سیاسەتی ئیمرۆدا تەنها چەندایەتی و قەڵە باڵغی گێچ کێشی تەرازووی بەرچاوە، چۆنایەتی، دەبێت مێژوو هەقی خۆی بداتێ و ئێمەش ئەو هەقەمان مەبەستە.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت، چۆن رابەرانی ئەو دیوو رێگەی ئاشتی و چارەسەری هێمنانە بە تاکە رێگەی کێشەکەیان دەزانن. ئێمەش بەرژەوەندی و سوودی گەلی کورد و هەردوولاش هەر بە چارەسەری ئاشتیانە دێتە پێش چاومان. خەیاڵی کورد نەهێشتنیش بۆ کەس نەچۆتە سەر. پڕ بەدڵ دەخوازین و مەبەستمانە کەلە کوردستانی خۆرهەڵاتدا گەلەکەمان بە ئاشتی و هێمنانە بگەنە داوا رەواکانی خۆیان.

١٣- دەربارەی کوردستانی باکوور (بەزۆر بەستراوە بە تورکیاوە) و باری هێزە سیسییەکان و سەرەنجی بەرێزتان چی یە؟

وەکو دەزانن کوردستانی باکوور، چ لە رووی ژمارەوە و چ لە رووی پانتایی خاکەوە، گەورەترین و گرنگترین پارچەی کوردستانە، هەر هەڵکەوتی کوردستانی باکوور و نێزیکیی لە سنووری (یەکێتیی سۆڤیەت) و لە سوریاوە کە دەروازەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب و سەرەنێزەی وڵاتە عەرەبییە خۆگر و راوەستاوەکانە بە رووی ئیسرائیلدا و هەڵکەوتی رژێمی کۆنەپەرستی بەسراوە بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکیەوە، ئەمە جگە لە پاشخانی شۆرشێرانە و رابەرایەتیی ئەو

پارچەیە بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی ئەم چەرخەدا، هەر ئەم هۆیانەشە کە لە رووی ئامانج و دروشم و داواکارییە میللیەکانیانەوە لە پارچەیەکی دیکە، پیشکەوتووترین داواکاری خەباتەکەیان بۆ کوردستانی سەربەخۆ تەرخانە و مەسەلەی (خود موختاری و خودگەردانی و حوکمی زاتی) لە فەرهەنگی سیاسیاندا نییە. ئەم بارە گرنگییەتییەکی تایبەتی دەدات بەو پارچەیە، هەر لەوەوە کە لێدانی رژێمێکی کۆنەپەرستی ریسوابووی وابەستە بە ئەمەریکاوە زۆر زۆر ئاسان ترە لەو رژێمانەی سەرپۆشێکی تەنکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی بەسەرخۆدا کێشاوە، یان لە ململانێ دەوڵەتیەکەدا یان هیچ نەبێت خۆی ساغ نەکردۆتەوە کە ئەمە کێشەیەکی گەورەی خەباتی پارچەکانی دیکەیە! هەروەها لەرووی پشتگیری و کۆمەکی دەرەکی کە مەوقع و چارەنووسی کورد تەنها سۆڤیەتە، دەرفەت و مەودا و هەلی چاکی لە پێشە. هەر ئەمەشە کە تەفسیری چڕبوونەوەی ئەو هەموو پیلانە بکات لەسەر ئەم بزووتنەوەیە هەیە. خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی باکووردا دوو ئەرکی لەبەردەمدایە و دوو زامنی سەرکەوتنی هەیە کە بەداخەوە هیچیان جێبەجێ نەکراوە و پیلانەکەلەسەر ئەو دوو خاڵەیە:

١/ یەکێتی ڕیزەکانی بزووتنەوەکەیە، کە ئەو باری چەوساندنەوە و داپڵۆسینەی لەوێ هەیە،ئەگەر دەستی تێکدەر و چەواشەکردن لێی گەڕێ، لەخۆرا دروست دەبێت.

بەڵام نەك تەنها نەتوانراوە گونجاندن و تەنسیق لەنێوان بیروباوەڕە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا دروست بکرێت- وەکو هەموو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی دیکە گرتویانەتەبەر- بەڵکو لەنێوان یەك جۆرە بیرکردنەوە و یەك بیردا دەیان ڕێچکە و کوێرە ڕێیان لێ کردۆتەوە و هەر هەمووشیان دژ بەیەکن.لەچ جەهەنەمێکی سەر ڕووی ئەم زەمینەدا نۆ ڕێکخراوی مارکسی لینینی هەیە؟ لەنێوان ئەو ڕێکخراوانەدا هی وایان هەیە کە تەنها لە مۆزەخانەی مێژووی بیری مارکسیزمدا جێگەی هەیە و هەیانە خۆی بەکلکی کوێرە ڕێی هەڵدێری واوە گیرساندۆتەوە کەبچوکترین جووڵە دەیترازێنێ بۆ لوتکەی هەزار بەهەزار!

٢/ دۆستایەتی وڵاتانی سۆسیالیستخواز بەگشتی و یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی، ئەم ئەرکە نەك هەر جێ بەجێ نەکراوە، سەیرو سەمەرە لەوەدایە ڕێکخراوی مارکسی وا هەیە زۆر لەسیای ئەمەریکا داخ لەدڵ ترە لە سۆڤیەت و باسی و خواسی وایان کردۆتە خۆراکی بیر و بیرکردنەوە و رێبازیان، کە لە مەڵبەندە ئەصلیەکانی خۆیان ئیمڕۆ قاچاغە. ماوێتی و ئەنوەر خۆجەیی سەرۆکی ئەلبانیا کە ستالینی بوو بەپێی حسێب وکام مەزهەب ڕاستن و ئەگەر بۆ باری خۆشیان ڕاست بێ، چ بەرژەوەندییەکی کوردیان تێدایە؟! پیلانی ئیمپریالیزم و داگیرکەرەکە بە دەوری ئەو دوو ئەرکەی سەرەوە و جوتە مەرجەی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردایەتی لەکوردستانی باکووردا چڕبۆتەوە، بۆیە هەنگاوی یەکەم و پوکاندنەوەی ئەوپیلانانەیە،ئەوەش تەنها بە یەکێتیی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و دەست بەرداری لەگومڕایی و دژایەتی سۆڤیەت و کۆبوونەوەی مارکسیە لینینیەکانی کورد لە ڕێکخراوێکی تایبەتی و ڕێباز دیاری دۆستایەتی سۆڤیەتدا، یان بەلانی کەمەوە دژایەتی نەکردنی دێتەدی. ئێمە لەڕووی دڵسۆزی و بەتەنگەوە هاتن و بەرژەوەندیی کوردەوە ڕێگە بەخۆمان دەدەین کە ڕەخنە و لۆمەی برایانە و هاوچارەنووسانە ئاڕاستەی ئەو برایانە بکەین. لەکاتێکدا ڕێز لە بۆچوون و بیرکردنەوە و ڕێبازی هەموو شۆڕشگێڕێکی کورد دەنێین و باوەڕمان بەئازادیی بیر و ڕێباز هەیە،بەو مەرجەی لەسنووری فراوانی بەرژەوەندیی کورد نەچێتە دەر. لەهەمان کاتدا بەتوندی دژی ئەو چەواشەکاری و پیلانانە دوەستینەوە کە لەبەرگی ئاڵ و واڵا و قسەی قوت قوتی گوماناوییەوە کە لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکەن و دەبنە خۆرکە و مۆریانەی کۆمەڵگای کوردەواری.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەش بەحاڵی خۆمان هیوایەکی زۆر گەورەمان لەسەر خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی باکووردا هەڵچنیوە و لەمەودای دووردا- ئەگەر ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکرێن، ڕابەرایەتیی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردیشیان تێدا دەبینین- لەم ڕووەوە،چی بە ئێمە بکرێت ئامادەین و هەردەم پێشمەرگەی هەموو کوردین.

١٤- دەربارەی کوردستانی خۆرئاوا ، کوردستانی سوریا چ دەفەرموون؟

ئێمە یەکێ لەو ئەرك و مەرجانەی سەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازیمان و بەڵکو گرنگترنمان بە (گرێ بەند و هاوکاری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و خەباتی رزگاری و دیموکراسی عەرەبی لەسەر بناغەی بەرابەری و رێزی بەرابەر و بەرژەوەندیی هاوبەش دیاری کردووە). لەم بارەیەوە لە (بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا )، بە روونی و ئاشکرایی ئەم ئەرکە دیاری کراوە و چەسپاوە. ئێمە دەمانەوێ پەیوەندی و هاوکاری ئێمە و نەتەوەی عەرەبە پەیوەندی و هاوکاری و دۆستایە تییەکی ستراتیژی و هاوچارەنووس و سەرتاسەری و هەتا هەتایی بێت. ئەمەش رەوتی مێژوویی و چارەنووسی هەر دوو نەتەوەی دراوسێیە جگە لە مێژووییەکی دوور و درێژی تاڵی و سوێری پێکەوە چێشتن و پەیوەندیی مێژووییمان، داهاتووی ژیانی نێو نەتەوەکان و پێکەوە ژیان و گوزەران و هاوکاریی (نەتەوە سۆسیالیستەکان) ئەوەمان داوا لێ دەکات وەکو پێویستی و فەرمان و ئەرکێك خۆی بەسەر هەموو دڵسۆزانی هەردوو نەتەوەکەدا دەسەپێنێ. هەرکەسێك و هەر لایەك دژی ئەم حوکمی مێژوو و مەنتقی مێژووە رەفتار بکات، نەك هەر دۆستی نەتەوەکەی خۆی نیە و دوژمنی لاکەی دیکەیە، بەڵکو دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکەی خۆیەتی. ئێمە چەند بە توندی و گردەبڕی دژی گیانی شۆڤیەنیەت و خۆبەزل گرتن و تەما و داگیرکەریی کوردستانین، ئەوەندەش دژی بیر و رەفتاری دایران و خۆوێکهێنانەوە و ناحەزایەتیی عەرەب دەوە ستینەوە، ئەگەر بار و هەلومەرجێك، یان دەستی ئیمپریالیزم و تێکدەر لە رابردوودا گەرایەکی وای لە ناوچەکەدا کرد بێت، پێویستە هاوکاریی مێژوو بکەین و لە گۆریان نێین. ئەم ئەرکەش کارێکی یەکجار سانا و بەردەستە بەتایبەتی کە گەلی عەرەب خۆی دووچاری ژان و ئەشکەنجەی داگیرکەری بووە و هەندێ لە خاکی پیرۆز و ئازیزی داگیرکراوە و (ضحیەی) بیرو رەفتاری رەگەزپەرستانەیە. بۆیە پتر دەتوانێ لە ژانی کورد بگات. گرنگی ئەم دیاردە و گۆران و بادانەوەی تێگەیشتن و لێکگەیشتنەش لە ئاسۆی بیری پێشکەوتووی عەرەبلی و ڕا و هەڵوێستی هەندێ رابەری عەرەبی و رێکخراوەکانی فەلەستیندا بەدی دەکەین و هیوایەکی گەورەمان دەخاتە بەر. ئێمە پێمان وایە و سورین لەسەر ئەوەی کە کوردستانی خۆرئاوا بە شێکە لە کوردستانی گەورە و نە رۆحی شۆرشگێرانەی عەرەبی ئەوە هەڵدەگرێ و نە لە بەرژەوەندی عەرەبە و نە پێویستیان بە چەند سەد کیلۆمەترێکی کوردستان

و میلیۆن و هەندێکی کوردە قووتی بدەن و رەفتاری داگیرکەرانەیان لەگەڵدا بکەن. ئێمە چاوەڕوانی ئەو دەکەین کە ڕەفتاری رابەرانی بزووتنەوەی رزگاری و نەتەوەیی عەرەب لەگەڵ کورد و کوردستانەکانی بەستراوە بەوانەوە، رەفتارێکی شۆرشگێرانەی بیر رووناکانەی هەڵقوڵاوی بیر و ئەندێشەی باخەڵ فەرەحی عەرەبی بێت و لە ڕۆحی ئیسلام و عەرەبیەوە هەڵوێست، وەرگرن. ئەوەی دروست ئەمە ناکات و پێرەوی ئەو گیانە عەرەبییە ناکات، دژی ئیرادە و خۆرسك و خەسڵەتەکانی عەرەبی دەوەستێتەوە. تەنها ئەوانە نوێنەر و معبری رۆحی عەرەبین کە پشتگیری خەباتی نەتەوەی کورد دەکەن و لەم رووەوە (برادەر معمر القزافی) نموونەیەکی بەرچاو و هەڵکەوتووی ئەو رابەرە عەرەبیە راستگۆ و نەترس و بەرچاو روونەیە کە پێویستە هەموو رابەرانی عەرەب و رێکخراو و پارتەکان چاوی لێ بکەن. دەبێ رابەرانی عەرەب قسەکانی (ناجی هیلال) یان هەردەم لە یاد بێت: (کە کوردستانی سەربەخۆ و یەکگرتوو، چاکترین و قایم ترین دۆست و قەڵا و پشت و پارێزی نەتەوەی عەرەب دەبێت.) بە کورتیەکەی

پێویستە برادەرانی عەرەب وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ و بەش بەش کراوی چەوساوەی داگیر کراوی خاوەن (مافی دیاری کردنی چارەنووس) بڕوانە مەسەلەی کورد و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. نەك کەمە نەتەوایەتییەکی بێخاك و میوانێکی ڕەزاگران و بەڵایەك لە نیشتمانی عەرەبدا!. پێویستە ئەوان دۆستی ڕاستەقینە و ڕابەری ڕەسەن و ڕاستی بزووتنەوەی کوردایەتی لە گەڕیدە و بازرگانە سیاسیەکان جیای بکەنەوە. چونکە ئەو ڕێکخراوە یان کەسەی بۆ مشتێ پول و پارە و دەسکەوتی کاتی و مەرحەبایەك چاو لەڕاستییەکی مێژوویی بپۆشێ و وێرای ووتنی  ڕاستی نەبێت و سەودا و مامەڵە بە کوردستان و مەسەلەی کوردەوە بکات، دۆستی کەس نییە، دۆستی گیرفان و مەقامی خۆی نەبێت و هەردەم ،ئامادەیە بەفلسێ زیاتر و مەرحەبایەکی گەرمتر، دەست تێکەڵاوی دەستی شەیتانیش بکات و لەشەڕۆژێکدا مەوقعی دۆستایەتی خۆی بگوێزێتەوە. وەکو دەستورێکی گشتی ئەگەر بۆ دۆست بگەڕێین تەنها (لە ڕۆڵە هەرە دڵسۆز و نەتەوەپەرست و پێشکەوتووخوازە بوێرەکاندا) دەستمان دەکەوێ و ئەوانەی دۆستایەتییان لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیان هەڵدەچنن، هەر ئەوانەن کەدەتوانن پارێزگاری ئەو دۆستایەتیە بکەن. پەیوەندی و هاوکاری دوونەتەوە و دوو بزووتنەوەش دەبێت لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی هاوبەش و یەکسانی و ڕێزی بەرابەری هەڵبستێ و هەمیشەش دۆستایەتی و هاوکاری لەبەرژەوەندی نەتەوەکانە. (ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان بەشێکی زۆری ئەو ئاڵۆزی و لێك نەگەیشتنە ی ئەو دوو بزووتنەوەیە –لە رابردوودا کە لە ئاستی پێویستدا نەبووە– ئۆباڵی دەخەینە ملی ئەو سیاسیە بۆ رژوا ترسنۆکانەی کە هەڵکەوتیان وابووە نەتوانن و مەبەستیان نەبووە مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەی نەتەوەیەکی تایبەتی و سەربەخۆی خاوەن هەموو مافێکی بە (مافی دیاری کردنی چارەنووسیشەوە) بخەنە روو و لەمەوە و لەسەر ئەو بناغەیە تەعامولی سیاسی بکەن. لیرەدا بەوپەڕی دڵسۆزی و پەتاو پەت دەڵێین: ئەرکێکی گەورە و مەسئولیەتێکی مێژوویی چاوەڕوانی رابەرانی سوریا دەکات کە تەرجەمەکەری عملی و راست بێژی بیر و باوەڕی خۆیان بن و رێچکەشکێن، دۆستایەتی دروست و سروشتی نێوان نەتەوەی عەرەب و بزووتنەوەی کورد بن و لە خۆشیانەوە دەست پێ بکەن.

١٥- هەڵوێستی حیزبمان بەرانبەر بیری (مارکسیزم) چییە؟

دەبێ ئەوە بزانرێت، با ئێمە حیزبی شیوعی عێراقی بە تاکە نوێنەری راستەقینە و هەڵگری بیری مارکسیزم دابنێین، بەڵام مارکسیزم وەکو فەلسەفە و بیرێك شتێکە و حیزبی شیوعیش شتێکی دیکە، بە مانا هەڵوێست لە حیزبی شیوعی – حوا نەخواستە – لەوانەیە بگۆرێت، بەڵام بیری (مارکسیزم) چەسپاو و نەگۆرە. بۆ نموونە حیزبی ئێمە هەڵگری بیر و فەلسەفەی کوردایەتییە، دەشێ نەتوانین دروست و چەسپ لەڕەفتار و سیاسەتماندا ڕەنگی ئەو بیر و فەلسەفەیە بدەینەوە و هەتا بترازێشین، ئەوسا ڕا لەسەر (پاسۆك) شتێکە و لەسەر بیری (کوردایەتی) شتێکی دیکە، وەك کابرایەکی موسڵمان ووتوویەتی: ئێمە ئەگەر نەتوانین ئیسلام بچەسپێنین و یان هەڵەی تێدا بکەین، ئەوە بێ توانایی و هەڵەی ئێمەیە نەك ئیسلام. مەبەستم ئەوەیە دوور لە سیاسەتی رۆژانە و پەیوەندیی حیزبانە، رای حیزب بەرانبەر (مارکسیزم) دەرپرم: مارکسیزم، بیر و فەلسەفە و هەوڵێکی وورد و گرد و فراوانی چارەسەری کێشەی مرۆڤایەتیە وەك مارکس خۆی و یستویەتی (فەلسەفەی تێگەیشتنی بوون و گۆرینی ژیانیش بێت نەك تەفسیری بوون. بەرەیەکی گەورە و پێرەوانێکی زۆری خۆیشی هەیە. ئێمە لەسەر بناغەی رێز لێنان و دژایەتی نەکردنی هەر بیر و باوەریك دژ بە کورد و بەرژەوەندی کورد نەبێت، رێزی پێویست لە فەلسەفەکە و هەڵگرانی دەنێین و ئەوەندەی بۆمان قووت چێت و لەگەڵماندا بسازێ و پێمان رەوا بێت وەك هەر بیرێکی دیکە، لە خانەی سوود لێ وەرگرتن بە

هەموو جۆرەکانیەوە لە بەر چاوی دەگرین. ئێمەبەش بە حاڵی خۆمان، خۆمانی تەسلیم ناکەین و سەرلەبەریشی رەت ناکەینەوە، گەر یەکەمیان بکەین، پاسۆك نین و خۆمان بە هەڵەدا دەبەین، گەر دووەمیشیان بکەین ئەوا دەبینە (نوقتەی چوارەمی ئەمەریکا لە کوردستاندا)! جارێ دژایەتی هەر هیچ، بۆ چەندایەتی و چۆنایەتی سوود لێ وەرگرتنی، ئەوا ئێمە بۆ (مارکسیزم) و هەر بیرو باوەڕ و تاقیکردنەوەیەکی دیکە سێ خاڵ بەرچاودەگرین:

١/ عیلمیەتی ئەو بیر و لە بارییەی هەر تاقی کردنەوە وەك واقعیەت و گونجاویی لەگەڵ سروشت و هەڵکەوتی مرۆڤدا.

٢/ گونجانی لەگەڵ بار و هەڵکەوتی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

٣/ سوود و بەرژەوەندیی کۆمەڵگەکەمان تێیدا.

دوا بڕیاریش تەنها بۆ جەماوەر و حوکمی مێژووە و ئێمە لەبەردەم هەر دویاندا ملمان لە موو باریکترە، چونکە خۆمان و حیزبمان و هەتا باوەڕەکەشمان هۆ و هۆکارن بۆ مەبەست و ئامانجی جەماوەری نەتەوەکەمان. لەڕووی (عەمەلی)یشەوە، بەرژەوەندیی کورد و چارەنووسی مەسەلەکەمان لە دۆستایەتی و هاوکاری و بەرابەری و یەکسانی کوردایەتی و بەرەی سۆسالیستخوازدا دەبینین. لەمەیدانی مل ملانێی نێو دەوڵەتیشدا، دانە پاڵ بەرەی ئیمپریالیزم یان هەتا بەیەك چاو تەماشاکردن و هاوتا کردنەوەی (بەرەی پێشکەووتو) و ئەوان کە ئەمە لایەنگیریەکی بەحوورمەتانەی هەڵاشاوی بەرەی ئیمپریالیزمە- دژایەتی کورد و کوردایەتیە و هەتا خیانەتێکی میللیشە. ئێمە (کوردایەتی)مان دەوێت و بیر و فەلسەفە و ئاراستەکەری بوون و ژیانی کوردەواری بێت، هەرنەتەوەیەك و کۆمەڵگەیەکی دیکە چی دەوێت و چی هەڵدەبژێرێ ئەوە کاری خۆیەتی و ئێمە تەنها لەسەرمانە ڕێزی ئەو خواست و هەڵبژاردنە بگرین و چۆن نامانەوێ و ڕێ نادەین (هیچ بەرە و دەسەڵات و لایەك لووت بژەننە چارەنووس و خوازی جەماوەری کورد، ئاواش نامانەوێ و ڕێگە بەخۆمان نادەینقسەی دەرەکی لەویست و خواستی هیچ کەسدا بکەین). بەکورتیەکەی: ئێمە مارکسی نین، بەڵام هەرگیزیش (ئەنتی مارکسی) نین و بەئەندازە و بارستایی ڕێزلێنانمان مافی دیموکراسیانە و پاراستنی ئازادی بیروباوەڕمان لەو بیرە دەنێین و حەزدەکەین لە بینەپرکێیەکی هێمنانە و برایانەدا لە نێوان هەموو بیرە جوێیەکاندا لە کوردستاندا بەرژەوەندی کورد بەدی بێت.

کێ راستە؟ و کێ راست نیە؟، هەردەم دەیدەینە دەست جەماوەر و حوکمی مێژوو و کەسیش قۆنتەراتی نەکرتووە بیرەکەی ئەو بە راست دەرچێ، خزمەتێکی بێ نیاز و هەوڵێکی دڵسۆزانەن بۆ کورد و مرۆڤایەتی. پێشمان وایە ئەگەر بە دووی گێچەڵدا نەگەڕێین و هەوا و هەوەسە زاتیە قرخنەکانمان تێکەڵی بارە بابەتی و بەرژەوەندییەکانی جەماوەرەکەمان نەکەین، ئەوەندەی خاڵی پێك گەیشتن و لێك گەیشتنمان لە نێواندا هەیە کە تا چەندین قۆناغ ئەو بیرە جوێ جوێیانە دەتوانن پێکەوە هەڵکەن و هاوکاری و دۆستایەتیش بکەن و هەتا یەکدیش دەوڵەمەند بکەن. خۆ هەتا لە قۆناعە پێشکەوتووەکانی داهاتووشدا بەرە بەرە بەرچاوان روون دەبێتەوە و هەمیشە ناوەڕاست ڕێیانێك هەیە کە تێیدا یەك بگرینەوە. با چاو بۆ دووریانی جیابوونەوە و لێك ترازان و پێکداکەوتن هەڵنەخەین، گرنگ ئەوەیە درووشمە دوورە دەست و دواییەکانمان پێویستی پێك گەیشتن و هاوکاریی ئیمرۆ و سبەمان لا لێ تێك نەدات. ئەمەش تەنها بە گەیشتن بە ئاست و پلە و تەمەنی (رشدی) سیاسی و فکری دێتە دی.

١٦- مەسەلەی چینایەتی لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی لە ڕوانگەی حیزبمانەوە چۆنە؟

کێشەی چینایەتی مەسەلەیەکی گرنگ و ئاڵۆز و یەکجار فراوانە و زۆر بیر و فەلسەفە و کەس ئەسپی خۆی تێدا لنگ داوە و هەتا زۆریش بینای خۆی لەسەر هەڵچنیوە. سەدەی نۆزدە و بیستەم، رووپەیەکی فراوانی مەسەلەی چین و چینایەتی و تا ئەو پەڕی خۆڵێ گێل کردن و دان پێدا نەنانی بووە. ئێمە چین بەو دەستە و بەرە خەڵکە دەزانین کە لە قۆناغێکی دیاریدا بەرژەوەندی و پیشە و ئاستی ژیان و مەوقعی کۆمەڵایەتییان یەکیان دەخات و لە چینێکی دیکە جوێیان دەکاتەوە. وەکو بونێکی بابەتی، خۆرسکی لە کۆمەڵگای ئیمڕۆی مرۆڤایەتیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ و لەسەردەمێکی کە مرۆڤ لە ژیانی نێو ئەشکەوت و بەندەن و وەحشی گەرێتیەوە پێی ناوەتە قۆناغی شارستانێتی و ژیانی کۆمەڵایەتی، بە حوکمی لێك نەچوون و جیاوازی توانا و بەهرە و ووزەی تاکە تاکەی مرۆڤ، ڕێگە پێدان و بەرنەگرتن بە گەشە و لە ئەندازە و سنوور دەرچوونی ئەو جیاوازی و لێکنەچوونە بۆتە هۆی دروست بوونی چەند پلە و پایەیەکی جیا جیای کۆمەڵایەتی کە هەردەم چینی سەرەوە لە رووی ژمارەوە زۆر زۆر کەمتر بوون لە چینە دامێنەکانی کۆمەڵگە و لە رووی دەسەڵات و سامان وگوزەرانەوە، هەڵکشاوتر بوون، ئەگەر نەڵێین بۆ ئەوان پاوان بووە. ئەم دیاردەیەش لە رووی چەندایەتی و چونایەتی و قووڵی و گردەپری و هەڵکەوتەوە بە پێی سەردەم و شوێن و کاتی دیاری دەگۆڕێ، ئەگەر چی وەکو بوونێکی بابەتی خەسڵەتێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، بەڵام لە رووی هەڵکەوت و دەور و کاریگەرێتییەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ و جیاوازی چەندایەتی بە پێی هەلومەرج و سەردەم جیاوازە. بۆ نموونە لە ئەورپای سەدەی هەژدە و نۆزدە و بیستەم و سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و جوشدانی دڕندایەتی و هەڵپەی سەرمایەداری و دابەش بوونی کۆمەڵگە بەسەر جوتە چینی زەحمەتکێش کە! (چینە هەرە زۆر و هەرە هەژارەکە بوون) چینی بورژوا (کە مشتێ سەرمایەداری چەوسێنەرەوەی خاوەن دەسەڵات و هۆی بەرهەم هێنان بوون)، کێشەی هەرە گەورە و تاوسەندووی ئەو کۆمەڵگایانە خەباتی چینایەتی بووە، کە ئەو ڕۆژە مەسەلە چینایەتییەکە پانتایی و رووپەرێکی فراوانی (پەلەی ژیان)ی گرتبوە وە، هەر بووە لەو سەردەمانەدا زۆربەی کێشە و هەوڵ و بیرکردنەوە و چالاکی رۆشنبیری و زانستی و فەلسەفی بە دەوری چین و مەسەلەی چیندا هەستاوەتە و چەقی بەستووە بە جۆرێکی وا کە هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگە و یاسا و چەرخی مێژوو و ڕەوتی مرۆڤایەتیش دەبرایەوە سەر ئەم مەسەلەیە. بەڵام پاش تێ هەڵکشانی مرۆڤ لە پلەی شارستانیەتی و پەرەسەندنی رۆشنبیری و بەئاگا هاتنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی و دەست دانە خەباتی چالاکانە و بێ پرانەوەی سەخت و دژوار و بەرە بەرە بەرز بوونەوەی ئاستی سیاسیی جەماوەر و هاتنە مەیدانی بیرو باوەڕ و کۆمەڵ و رێکخراوی شۆڕشگێر و ئازادیخواز و، زنجیرەیە سەرکەوتن و ماف ئەستەند و رەگ داکوتانی دیموکراسێتی ئەو بارە بەرەو هەڵگەڕانەوە و هەڵتەکاندنی و بنەماکانی چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی بێتەدی، بەڵام رەوتی بەرەو پێش چووی ژیان هەمیشە مل بەرەو ئەو ئاستە دەنێ و جیاوازی نا سروشتی و دەستکرد و چەوساندنەوە و هەر بوونی چینایەتی بەو شێوە و هەڵکەوتەی ئیمڕۆ خۆی روو لە نەمانە و دژی (مەنطقی) مێژووە. بۆیە دەبێ نەمێنێ. ئەمە راستییەکی بەرچاوی زانستیانەی بێ چەند و چۆنە، بەڵام ئێمە پێمان وا نیە ئەو مل ملانێ و شەڕە نەپراوە کڵپەی سەندووە، نەبە و جۆرە بەتین و ئاشکرا و فراوان و گردەپرە بێت و نە ئەو (شمولیەت) و (ئەبەدیەتەی هەبێت، نە بەو جۆرەشە کە هەمووتان و بۆی ژیان و بوون و چالاکی مرۆڤی گرتبێتەوە و سەرچاوە و بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی بوو بێت و بچێت لە تەك ئەم هۆیە و دیاردەیەوە سەدان و هەزاران هۆی دیکەی (نەتەوایەتی و ئاین و مەزهەبی و دەروونی و سیاسی و) هەن و زۆر جار هەڵدەکەوێ زۆر لە ململانێی چینایەتی کە توندتر و کاریگەتر و بەرچاوتر و بزوێنتر و هاندەرتر و شتتر بن و لە زۆر کۆمەڵگەدا کە مەسەلەی چین بەو جۆرە بەرهەست ناکەوێ و جوداوازییەکە لە رادە و سنوور

بەدەر نەبووە، مەسەلەکانی نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی و خێڵایەتی و هۆزایەتی و ناوچەگەری و هەتا شەخسیش کاریگەرتر و چتر هۆی پێکدا چوون یان لێك چوونن!

لە هەموو حاڵەتاندا بە هەموویان و هەرکامیان و چۆن و چەند و بەشێوەیەك خۆ دەردەخەن تەنها روویەکی (پەلەی ژیان)ن و بەس.

گێرانەوەی هەموو هۆ و هۆکارە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەیان و سەرجەمی بوون و ژیان و چالاکیی مرۆڤایەتی بۆ تاکە عامیلی (چین وچینایەتی) و (ئابووری)، دژی راست و واقع و منطقی مێژوو و رووداوە بەرچاو و مێژووییەکان و کورت هێنانی نیگای ژیانە و ناتوانێ تەفسیری هەزاران هەزار رووداو و بەسەرهات و دیاردەی بوون و ژیان بکات. ئەمەش هیچ لە راستی و گرنگێتی و بوونی (چین و چینایەتی) کەم ناکاتەوە. بە کورتییەکەی چەق بەستن و گێرانەوە و تەفسیر و هەڵسەنگاندنی بوون وژیان و چالاکی مرۆڤ بۆ سەر هەر تاکە عاملێك و دانە پاڵی تاکە هۆیەك، یان تێنەخوێندنەوەی ململانێی چینایەتی و گرنگی پێنەدانی و رەتکردنەوەی، لە هەردوو حاڵەتدا لەتر بە بیر و هەڵوێست و تێگەییەشتنی مرۆڤ دەکات، ماوەتەوە ئەوەی بڵێین: بەلای ئێمەوە مەوقعی هەر میرۆڤێك (لە ژیان و بوون و چالاکی کۆمەڵدا، جۆر و شێوەی بیرکردنەوە و هەڵکەوت و چەشمەندازی بۆ ژیان دیاری دەکات، نەك مەوقع و هەڵکەوتی چینایەتی ئەو مرۆڤە. بەش بە حاڵی خۆمان دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوە و رووتاندنەوە و بارێکی ناسروشتیی هەڵکەوتی مرۆڤ و کۆمەڵگەین، کە یەکێك لە گرنگ و بەر چاوەکانی کێشە و چەوساندنەوەی چینایەتیە و دژی هەمو (امتیاز و بەردەستەیەك و جیاوازییەکی) ناسروشتیی نێو تاکەکانی کۆمەڵین کە جیاوازیە ناسروشتییەکان دەگرێتەوە. تەنها باوەڕمان بە جیاوازیی خۆرسکی و سروشتی هەیە کە لە رووی (توانا و هەڵکەوتی مێشك و بازووەوە) پەیدا دەبێت بەو مەرجەی نەبێتە هۆیەك بۆ چەوساندنەوە.

ئێمە لە دوو سەرەوە دژی ئەو جیاوازییە ناسروشتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و ئەصڵی بوونی چینین، گەر بڵێین:

یەکەمیان: بارێکی ناسروشتی و نادروستی دژ بە بیر و هەڵکەوت و ژیانی مرۆڤانەیە.

دووەمیان: تەنها لە کۆمەڵگەی بێ چین، جیاوازیی ئەو (انسجام) و گونجانە پەیدا دەبێت.

هەموو تاکەکانی نەتەوە پێکەوە دەبەستێ و نەتەوە و نەتەوایەتی بگەیێنێتە دوا پلەی باڵا و (تسامی) و کۆمەڵگەی نەتەوەییانەی پتەو و بە توانا و یەکگرتوو بێنێتە دی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە قۆناغی نەتەوە سۆسیالیستە بێ چین و جیاوازە هاوکارەکان.

١٧- ئایا ئەو قۆناغی نەتەوە سۆسیالیستە بێ چەوساندنەوەیە هەنگاوی یەکەمە بۆ نەمانی نەتەوە و نەتەوایەتی و جیهانێکی نانەتەواییانە، یان زاڵ بوونی زمان و نەتەوەیەکە بەسەر هەموو جیهاندا و دروست بوونی یەك کۆمەڵگەی مرۆڤانەیە، یا چی؟

بەلای ئێمەوە نەتەوە زادەی سەردەم و قۆناغ و بەرهەمی چین و بارێکی کۆمەڵایەتی نیە. دیاردەیەکی کاتی و سەر بە شێوە و جۆرێکی تایبەتیی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە و بەند نیە بە پلەیەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە. شێوە و قاڵب و قەوارەیەکی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ خەسڵەتێکی دیاری و (متفرد)ی خۆرسکی مرۆڤە کە بە عەملیەتێکی مێژوویی درووست بووە و حاڵەتی هەرە سروشتیی ژیانی مرۆڤە لە سەرەتای مێژووەوە و پاش ئەوەی بەرە بەرە ماکەکانی نەتەوە کە (زمان و نیشتمان و مێژوو و هەست و داب و دەستووری) هاوبەشە، سەریان هەڵداوە و گەڵاڵە بوون و بەرەو کامل بوون چوون. کۆمەڵانی

مرۆڤ لێك جوێ بونەتەوە و هەر کۆمەڵەی شەقڵی تایبەتی و سەربەخۆی بەخۆیەوە گرتووە هەتا چەرخی رۆژگار و پێشکەوتن و فراژوو بوونیش خولێکی پێشکەوتووتری دابێ، ئەو شەقڵە پتر خصوصیەت و کەسایەتیی تایبەتی گرتووە و سەقام گیر بووە. دەتوانیین سەرەتاکانی دروست بوونی (نەتەوە) بگێرینەوە بۆ ئەو سەردەمانەی مرۆڤ پێی ناوەتە ژیانی شارستانێتی و ژیاریەتی و بەردەوام بوونی ئەو عملیەتە سروشتیە بەردەوام بووە تا دێتیش پتر جێگیر دەبێت و کامل تر دەبێت، دیارە زۆر هۆی یاریدەدەر و لاوەکی هەن بۆ پتر خۆ دەرخستن و دەرکەوتنی ئەو بارە کۆمەڵایەتیە، یان شێوە و قاڵب و بەرچاوکەوتن و خۆدەرخستنی، وەك بوونی ئاینێکی هاوبەش کە هەوێنی گردکردنەوە و تەعبیرکردن بێت لەو گوزەران و ئابوورییە، بە کورتی هۆیەکانی پێکەوەلکانی تاکەکانی نەتەوە، هەستی نەتەوایەتیش کە هەستێکی خۆرسکی و فیتری مرۆڤە، بە دوای پەیدا بوونی نەتەوەوە پەیدا بووە و بێ هیچ دەسکاریی مامۆستا و فێرگەیەك لە هەست و هۆش و ویژدانی مرۆڤدا سەر هەڵدەدات و لەم سەدانەی دواییدا گەورەترین بزوینەری مێژوو بووە. دیارە ئەو هەستە خورتە خۆرسکییە بە تەوژم و تینە، ئەگەر وەك هەر بوونێکی فیتری و خۆرسکی دیکە بەری بۆ بەرەڵا بکرێت و لە سنوور و ئاکاری سروشتیی خۆیدا پەروەردە نەکرێت و بوعدی ئیجابی و تین و مانای خێرمەندانەی نەدرێتێ، تووووشی لادان و زیادڕەوی و لە گرێژنەچوون و دزێوی دەبێت و لەسەر رەوت و مانا و جەوهەری خۆی نامێنێتەوە، سەرنجی هەڵپەی ژیان و گوزەران بدە کە بارێکی دەروونی و خۆرسکی ژیان و بوونە، کەبەری بۆ بەرەڵا دەکرێت و هیچ سنوور و (رادە)یەکی نابێت. دەبێتە خۆخۆری و ماکی چەوساندنەوە و رووتانەوەی لێوە شین دەبێت، هەتا غەریزەی جنسی، لەگەڵ ئەو پەڕی رەوایەتی و پێویستیدا کە هەموو ژیانی پێوە بەندە ئەگەر سنووربەند نەکرێت و رێی پێ بدرێت و لە خەتی سروشتیی خۆی دەرچێت، دژ بە هەموو یاسا و دەستوراتی ئاسمانی و ئەرزی دەبێتەوە. هەرواش نەتەوایەتی، بام بزوێنەر و ئاڕاستەکەری چالاکیی مرۆڤ و خەسڵەتی بنەڕەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ و دیاردەیەکی یەزدان کردی خۆرسکی بێت. ئەگەر گەورەترین هێز و باوەڕی دژ بە زوڵم و زۆرداری و داگیرکردن و ناهەقی بێت ئەگەر پەتی بۆ شل بکرێت و لە سنووری سروشتیی خۆی دەربچێت لە باتی ئەوەی هێزێکی ئیجابی بیناکەر بێت، دەبێتە هێزێکی تێکدەری سلبی. کە بەمە خەسڵەتی سروشتیی بنەڕەتی خۆی لە دەست دەدات و لە (نەتەوایەتی دەکەوێت). نەتەوایەتی هەستی ڕەوای سروشتیی ناخی دەروون و هەست بە بوونی نەتەوایەتیانە و انتمای نەتەوەییانەی مرۆڤە. هەستی خۆشەویستی و گیانفیدایی مرۆڤە، بەڵگەی دێرینی و زیندوویەتی ئەم هەست و بارە سروشتیەش لە دەیان و سەدان دەقی هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە لەبەر دەستدایە. لەم رووەوە هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەو بەر (قورئانی پیرۆز ) باسی لەو هەڵکەوت و بوونە نەتەوەییانە کردووە و مانا و رێچکەی سروشتیی بۆ کێشاوە و فەرموویەتی (وجعلناکم شعوبا و قبائل لتعارفوا) بە هۆز و گەل دروستم کردوون، تا لەیەك بگەن و پێك بگەن و هاریکاریی یەکدی بکەن. ئەمەش شەهادەتێکی مێژوویی یەزدانانەیە، دەشێ وەکو بە ڵگەیەکی مێژوویی دێرین بوونی نەتەوە و هەستی نەتەوایەتی حسێب بکرێت و رووی راست و ئیجایی نەتەوایەتی بێت. لەمە بترازێ نەتەوایەتی نیە، وەکو ئەو هەستە شێوا و لادراوە لە ڕێچکەترازاوەی بەهۆیەوە وڵاتە کەپیتالیستەکان و بۆرژوای چاوچنۆکیان دەستیان بەسەر وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینیدا گرتووە و جووتە جەنگی جیهانیان بەر پاکردوە و فەلسەفەی (نەژاد پەرستی) و ڕەگەز پەرستی و (فاشیزمی)یان پێ دەربازکردوە و بازاریان گەرم کردوون. هەموو ئەمانە دژی فەلسەفەی نەتەوایەتی و بیری خۆرسکیی نەتەوایەتین و تێکەڵاوکردنی (ڕەگەزپەرستی و فاشیزمی و دەمارگیریی میللی) لەگەڵ هەستی ئیجابی خۆرسکی)ی نەتەوایەتیدا وەکو ئەوە وایە (پۆل پۆت) بە تاکە نوێنەر و بەڵگە و نیشانە و (معبر)ی مارکسیزم بزانرێ یان لە رەفتار و بیری معاویە و یەزیدەوە ئیسلام هەڵبسەنگێندرێ!! ئەگەر بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکە، دەڵێم

(نەتەوە)کان بەرەو تواندنەوە و تێکەڵکێش بوون ناچن بە مانای لەبەین چوون و خۆکوژی و لەدەستدانی خصوصیەتی نەتەوایەتیمان. بەڵکو تا دێت پتر سەقامگیر دەبن و رەگ دادەکوتن، بەڵام پێمان وایە کە رۆژ بە رۆژ ئەو نەتەوانە لێك نێزیك دەبنەوە و پەیوەندی و هاوکاری و هاریکاری و دۆستانە لە شوێن شەڕ وهەڵلا و دژایەتی دادەمەزرێ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو ئەوە دەچێت نەتەوەکان دوا شەقلی خۆیان بەخۆوەبگرن و چەوساندنەوەی چینایەتی و هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك لە بەین بەرن و دەسەلات و چارەنووس بکەوێتە دەست جەماوەرەکانیان و پەیوەندیەکی دروست و خێرخوا و ئیجابی لە نێوانیاندا لەسەر بناغەی پاراستنی ماف و هەڵکەوت و سەربەخۆی هەریەکەیان و رێز و سوودی بەرانبەر دابمەزرێ. تا دێتیش هەوڵی سەربەخۆیی میللی و پاراستنی شەقڵی نەتەوایەتی و بوونی نەتەوایەتی و خۆنووساندنی بە خصوصیەتی نەتەوایەتیەوە توند و بەتەوژمتر دەبێت. هەموو هەوڵێکی کپ کردن و تواندنەوە لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، رووبەڕووی تێکشکان دەبێتەوە و سەر ناگرێت. ئەگەر وورد سەرنجی پەیوەندی نێو نەتەوایەتییانەی وڵاتە سۆسیالیستخوازەکان و هۆکارەکانی جیاوازی و ناتەبایی و لێکترازان و پێکەوە ژیان و پەیوەندی یان و هەستی نەتەوایەتیان، ئەو راستییە دەردەکەوێت کە لە ژێر سایەی ئەو رژێمانەدا، ئەگەر ئەو هەستی نەتەوایەتییە توند و بەتەوژمتریش نەبێت کەمتر نیە لە هەر لایەکی دنیا. جاروباریش بەندو باوی (مرۆڤایەتی) و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دێتە پێش کە ئەمە خۆی هەڵەیەکی گەورەی زانستی و فەلسەفییە چونکە مرۆڤایەتی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی نییە، تەنها هەستێکی هاوبەشی نێو مرۆڤە کە بریتییە لە هەستکردن بە مرۆڤایەتیی مرۆڤ و پەیوەندی بەرەگەزی مرۆڤەوەیە، بێگومان دەتوانین بە دیوێکی هەستە ئیجابی و خۆرسکەکەی نەتەوایەتی دابنێین یان حاڵەتە دەروونی یەکەی نەتەوایەتی رەسەن و دروستە.

١٨- ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لە کادری سیاسیی حیزبێکدا هەبێت و گرنگێتی کادری سیاسی چییە؟

پێویستە کادری سیاسی هەر حیزبێك، ئاستێکی چاکی رۆشنبیری و سیاسیی گشتی و ئاستێکی باڵای سیاسی و تایبەتیی بیرو باوەڕ و سیاسەتی حیزبەکەی هەبێت و توانای دەرپرینی رەوان و دروستی بیروباوەڕەکە و رەنگ پێ دانەوەی ساسەتی رۆژانەی حیزبی هەبێت. چونکە کادر پەیامبەر و نوێنەری حیزبە، وەکو دەڵێین تەرمۆمەتری حیزبە. کادر پردی نێوان جەماوەر و سەرکردایەتیی حیزبە، بێ ئەو پردە، تێگەیشتن و رابەرایەتیی جەماوەر ئەستەمە و مردنی حیزبێك – کە داپرانە لە جەماوەر و مەسەلە بنەڕەتییە ژیانیەکان – لە لاواز بوون و پووکانەوەی دەوری کادرەوە دەست پێ دەکات و ئەو خۆ نوێ کردنەوەبەی حیزبمان بەمەرجی بنەڕەتی و سەرەکی داناوە لە تەمەنی هەر حیزبێکدا لە رووی چەندایەتی و چونایەتییەوە بەندە بە کادرەوە، پێشکەوتن و گەشە و بەردەوامی هەر حیزبێك گرێبەندە بە چۆنایەتی کادرەکانیەوە و دەتوانرێ لە چۆنایەتی کادرەوە حوکمی پاشەرۆژ بدرێت بەسەر چارەنووسی حیزبێکدا. کادرە و تەنها کادرە کە دەتوانێ سەرکردایەتیی حیزب لە زۆر قۆرتی گران لە جەماوەر رزگار بکات و هەردەم ئەو پەیوەندی و لایەنگیری و (ولاء)ەی جەماوەر بۆ سەرکردایەتی و سۆز و دڵسۆزییەی سەرکردایەتی بۆ جەماوەر بپارێزێ و برەوی پێ بدات.

ئەمە گەورە کردنی دەور و ئەرك و پێویستی کادر نییە، هەڵکەوتی سروشتی کادر خۆیەتی چونکە لە سەرێکەوە سەرکردایەتیی هەر حیزبێك بە حوکمی مەسئولیات و دەور و جوغزی مەودای تێکەڵاویی ناو جەماوەریەوە ئەودەرفەتەی نییە کە بەتەواوی و وەکو پێویست بتوانێ گێچی داوا و طموحاتی جەماوەر خۆیەتی وەخوێنێ و هەتا لە رووی بیر کردنەوە و عەقڵیەتیشەوە هەروا بە ئاسانی ناتوانێ و بۆی نالوێ لەگەڵ رەوتی بیرکردنەوە و عەقڵیەت و

(میزاج)ی جەماوەرەکەدا بێت و سووکە دایرانێکی وا دەبێت کە کەڵەکەبوونی چەند ساڵەی دەبێتە لێك ترازاندن و لێك نەگەیشتن. کە هەندێ جار پێشکەوتووترین تاك و سەرکردە و کۆمەڵە رابەری سەردەمێك دەخاتە مەوقعی کۆنەپەرستی و دواکەوتووییەوە، تاکە چارەی ئەمەش گوێ گرتنە لەبەر چاو خستنەکانی کادر و گرنگی پێدان و سووك نەڕوانینە هەست و نەست و بۆچوون و پێشنیار و داواکاریەکانیان و ڕێگە خۆش کردنیشە بۆ بەرزبوونەوە و هەمیشە تێ هەڵکێش و (تطعیم) و نوێ کردنەوەی سەرکردایەتیی حیزب، بە کادرە پێشکەووتوو و کامڵەکانی حیزب بە پێی رێ و شوێن و دەستووره حیزبی یەکان، لەمەوە پێویستە کادر هەست بەو ئەرکە سەخت و مسئەولیەتە مێژووییەی سەرشانی بکات، وەکو گەیەنەرێکی را و داوا و بیرکردنەوەی جەماوەر بە سەرکردایەتی و خۆ کۆکردنەوە و خۆ راهێنان بە شان دانە بەر مەسئولیەتێکی چاوەڕوانکراو، لە سەرێکی دیکەوە هەرچی ووردەکاری و (تفاصیل)ی سیاسەتی حیزب و بیروباوەڕەکەشە دەکەوێتە ئەستۆی کادر، زۆر جار هەڵدەکەوێ بیروباوەر و سیاسەتی حیزبێك چەندە عیلمی و دروست وخزمەتگوزاریش بێت، ئەگەر لە ووردەکاری و (تفاصل) دا و بەچاکی تەرجەمە نەکرێت، بەرهەمی چاوەڕوانکراو نادات. کە ئەم ووردەکاری و تەرجەمە کردنەش دەکەوێتە ئەستۆی کادرو بەس. پێویستە ئەمەش بڵێم کە تەنها لانی ڕۆشنبیریی گشتی و سیاسەتیش یەك نیین بۆ ئەوەی هاوبیرێك یان کادرێکی چالاك بناسرێ، پێویستە هەموو مەرجەکانی تری وەکو دڵسۆزی و بەتەنگەوەهاتن و خۆ تەرخان کرن و لێبڕان و خۆگری و پشوودرێژی وگوێرایەڵی و نەبەزین و بێزار نەبوون لە هەموو بارو هەلومەرجیکدا لە خۆیدا کۆ بکاتەوە کە شیاوی ئەو ناوە و دەورە بێت. بەکورتی کادر دەبێ حیزب بێ بە چکۆڵە کراوەیی.

١٩- چاکترین کادری سیاسی لە حیزبدا کێیە؟

ئەگەرچی کەمیان لە ئاستی طموح و ئەو ئاستەدان کە حیزب وەکو ستاندەرێك بەرچاوی گرتووە و ئەرکی سەخت و پیرۆزی (پاسۆك) چاوەڕوانیانە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندەی من بزانم و راستەوخۆ بیانناسم (خراپ) یان تێدا نابینم و گێچی باش و خەراپی نیسبەتی پێشکەوتن و نێزیك بوونەوەیە لەو ئاست و ستاندەرەی حیزب دایناوە، بەم پێودانگە هیوای گەورەمان لەبەرە و تێکرا جێی رەزامەندیمانن. چاکترینیشیان (شەهید فەرهاد) بوو، بەڕادەیەکی زامن، پێم وایە هەر حیزبێك خاوەنی دە شەهید فەرهاد بێت، لە هەموو خەمێك دەرەخسێت. شوکر بۆ خوا خەریکە زۆریان شوێی شەهید فەرهادمان لەدڵ دەردەکەن.

٢٠- ئیلتزامی حیزبایەتی لای ئێمە تا چ سنورێکە و پەیوەندی بە سەرپەرشتی تاکەوە تا چ ئەندازەیەکە؟

چۆن بەرەڵایی و بێ سنووری خەسڵەتێکی ژیانی ئاژەڵانەیە، ئاواش ئیلتزام و خۆبەستنەوە بە داب و دەستوور و یاسا یەکی تایبەتیەوە، ژیانی مرۆڤانەیە و هەر هەڵکەوتێ مرۆڤ داوای جۆرێك لە ئیلتزام و رێك و پێکی دەکات. ئازادی و سەربەستیش دوو شتی دژ و پێچەوانەی ئیلتزام نین، بەڵکو ئیلتزام ئەو ئازادی و سەربەستیە دێنێتە بەر و دەیهێڵێتەوە و یەکێکە لەو دینگە سەرەکیانەی سەربەستی لەسەر ڕادەوەستێ، جگە لەوەی سەربەستیی تاك و کۆمەڵیش بێ ئیلتزام نا یەتە دی و (قانون الغاب)ی دەستدار دەبیا و بێ دەست تەماشای دەکات، لە بێ ئیلتیزامیەوە سەر هەڵدەدات. سەربەستیی بێ سنوور و یاسا و دەستوور و ئیلتزامێك گەڕەلاوژێ و (فوضوی)یە نەك سەربەستی. دیارە ئیلتزامی گشتی تا ئەو رادەیە رەوا و پێویست و شیاوە، کە سەربەستی پارێز بێت، نەك وەك وەکو زۆر جاران رووی داوە بە بەهانەی ئیلتزامەوە فرزە لە خواز و ویستی مرۆڤانەش براوە، لەم حاڵەتەدا بەرەڵایی و بێ

ئیلتزامی چەندە دزێو و ناڕەوایە، ئیلتزامی دیکتاتۆریانەی فرزە لێبراویش ئەوەندە خەراپ و دژ بە مرۆڤ و هەڵکەوتێتی. ڕوویەکی دیکەی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە، کە حیزب، هەر حیزبێك بریتییە لە کۆم بوونی خۆویستیی ئەوانەی باوەڕیان بە بیرو ڕێباز و سیاسەتی ئەو حیزبەیە و تێدەکۆشن بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە دیاریانەی دەست نیشان کراون، بە ڕێگەی سەرکردایەتی و لیژنە باڵاکان و کارگێرەکانی ئەو حیزبەدا کە خۆیان چ لە داڕشتنی سیاسەتەکە و قبوڵ کردنی بیرەکە و هەڵبژاردنی ئامرازی جێبەجێکەری بیر و ڕێبازەکەدا دەستیان هەبووە و بەویستی ئەوان بووە یان چ نەبێت جێی ڕەزامەندی و قبوڵیان بووە. خۆی هەر بە قبوڵ کردنی (پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزب) و داوای هاتنە ریزەوە و کارکردن لە ڕیزەکانی حیزبدا، مانای ئیلتزامە بە بیر و ڕێباز و سیاسەتی حیزبەوە، لە ڕووی دەستوریەوە چ دەرفەتێکی سەرکێش و ملنەدان نامینێ و هەموو خۆبەستنەوە و دیسپلین شکاندنێك لایەنی دووەم و ژێربار و تاوانبار دەکات. ئەمە هەتا لە پێشکەوتووترین ڕژێم و ژێر یاسای بوو یان عەقل یری تا ئیمرۆی مرۆڤدا وابووە و وادەبێت و هیچ (بدیل)ێکی نییە. بەڵام لە حیزبدا دیسانەوە لایەنی سەربەستیی تاك بە زیادەوە پارێزراوە و چەندین جەمسەری وەکو (دیموکراسی ناوەندی) و مافەکانی ئەندام لەنگەری نێوان ئیلتزام و سەربەستیی تاکی ڕاگرتووە. بە جۆرێکی وا کە تەنها ئەگەر ڕگەی نۆی مادەی هەشت لە پێڕەوی ناوخۆدا ببوایە و بەس، ئەو سەربەستیەی تاکی دەپاراست کە دەڵێ (لە هەر مەسەلەیەکدا لەگەڵ ڕای سەرکردایەتی و لیژنە باڵاکانی حیزبدا ڕێ نەکەوت، مافی ئەوەی هەیە ڕای خۆی بپارێزێ –احتفاضی پێوە بکات– و بەهەل و ڕێی بەجێ ڕای خۆی بەرز بکاتەوە و هەوڵی چەسپاندنی بدات، بەمەرجێ بەرێیەکی حیزبی بەجێدا بێت و پەکی ئەرکەکانی سەر شانی نەخات و لە سنووری دیموکراسیی مەرکەزی نەچێتە دەرێ) .هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە نە بووە و نەهەڵدەکەوێت، دوو تاك دروست و چەسپ لە هەموو شتێکدا وەکو یەك بن و وەکو یەك بیربکەنەوە و ڕەفتار بکەن و مزاجیان یەك بێت. بەڵام ئەم ڕاستییە زانستیەی هەڵکەوتی مرۆڤ ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە دەتوانرێ لەسەر هێڵی درشت و زۆربەی هەرە زۆری مەسەلەکان و وردەکاری (تفاصیل)یشی یەك بکەون و یان هەر نەبێت هەر تاکەی زۆرترین شتی خۆی لە قەوارەیەکی دیاریکراودا ببینێتە وە و بۆ بەدیهێنانی ئەوەی خۆی هەندێکی غەیری خۆشی بسەلمێنێ. بێ ئەمە نەك هەر حیزب پێك نایەت و چ کارێکی سیاسی مومکن نییە، ژیانی کۆمەڵایەتایش دروست نابێت. شەرحی (دیموکراسیی ناوەندی) و مافەکانی ئەندامی حیزب و ئەرکەکانیشی تێکڕا و پێکەوە هەم خەبات و چالاکییە و هەم سەربەستیی تاك دەرەخسێنێ. مافی بێ ئەرك، مشەخۆریە و ئەرکی بێ مافیش کۆیلەیەتی. هەر دوو شتەکەش دژی هەڵکەوت و خەسڵەتی مرۆڤانە و ژیانیەتی. بۆیە تەنها ژیان و بوونی مرۆڤانەی ڕاستەقینە و دروست لەنگەرگری و توازنی نێوان ئەرك و مافە یان ئیلتزام و سەربەستی.

٢١- کە دەڵێین: (پەلەی ژیان دەستووری هەرگیز نەگۆڕاو و بنج داکوتاوی قوڵایی دەروون و بوونی مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەویە بووە و دەبێت)، واتە ئەمە دەستوورێکی (مطلق)ی سەراپا ژیانی مرۆڤە، ئەی خۆکوشتن و مل لە مردن دان لە پێناوی مەبەستە جۆر بە جۆرەکاندا چۆن ڕوون دەکرێتەوە، دەکەوێتە بەر حوکمی ئەو (پەلەی ژیان)ە؟

ئا ئەم شتانەیە کە دەوری سەروەری و (تفرد)ی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەویە دەردەخات و باوەری بنجیی حیزبمان بەوەی کە (تاکە عامیلی ئیجابییە) دەسەلمێنێ و بە ئیسپات دەگەیەنێ. هەر ئەمانەشن کە مرۆڤ وەکو گیانلەبەرێکی جیا و بێ نموونەی خاوەن هۆش و بیرکردنەوە و خواز، نەك لە مادەی مردوو و بەستووی جیا دەکاتەوە و خەسڵەت و هەڵکەوت و بوونی یەکجار و تایبەتی و جیاواز و سەربەخۆی دەداتێ، بەردی سەدان هەزار ساڵ لە خۆڕا و

بە پێی ویستی خۆی، کە هەر لە بنەڕەتەوە ویستی نییە، لە بنارێکەوە هەڵناکشێ بۆ ترۆپکی چیایەك ئەگەر ئەو هەڵکشانەی هەموو گەردوون راگرێ و یان نەبزووێنێ و لە گرێژنەی بەرێ! یان گیان لەبەرێك چڵەپووشێکی بەر لووتی، یان کوتە گۆشتی بەر ددانی بۆ هاوەڵەکەی جێ نایەڵێ مەگەر هەستێکی غەریزی و کردارێکی میکانیکیانە ئەمەی بەسەردا بسەپێنێ. بۆیە مانای ژیانیش لای ئەو و لەچاو ئەدا جیاواز و جوێ جوێیە لەو هەڵپە فیترییەی کە ژیان تەنها لای ئاژەڵ مانایەکی رووتی بایۆلۆجیانەی سارد و سڕی بێ مانایە و بەس لای مرۆڤەکە ژیان بە ئەندازە و رەنگاوی پەلکە زێرینە دەبینێ و سەدویەك مانا و روو و بوعدی هەیە لای. دیارە ئەمەش لە روو و مانا و ناوەرۆکی مانەوەی بایۆلۆجیی ژیان کەم ناکاتەوە، لە شوێنی خۆیدا بارست و قورسایی خۆی هەیە. بەڵام تاکە دیدگە و دەرفەت و بوعدی ژیان نییە. بە تێهەڵکشاندنی مرۆڤ و فراوان بوونی، ئاسۆی بیرکردنەوە و چەشمەندازی و قوڵ بوونەوەی لە مرۆڤایەتیی خۆی و ژیانی و ماناکانی بوون، ئەو لایەنی بایۆلۆجی و مانەوە رووتە مادییانە بچوکتر وکەم مەوداتر دەبێتەوە و لایەنە عەقڵی و دەروونی و رۆحییەکانی فراوان تر دەبن. ئەم دیاردەیەش لە کۆنەوە بووە، بەڵام لە جوغزێکی تەسکدا و لە پەیامبەران و پیاوچاکان و فەیلەسوف و (مصلح)ەکاندا چێتر و روونتر بەرچاوەکە وتووە. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتن و گەشە و نەش ونمای کۆمەڵدا و تێهەڵکشانی مرۆڤدا، پتر پانتایی رووبەری، ئەم لایەنە فراوانتر بووە و تا بۆتە خەسڵەتێکی ڕەسەن و نیشانەی مرۆڤایەتیی مرۆڤ. هەر ئەو مانا عەقڵی و دەروونی و رۆحییانە خۆیان قوڵ کردنەوە و نرخ دان و بایەخ کردنی ژیانە بایۆلۆجییەیە کە مرۆی تێهەڵکشاو دەچێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بوونی خۆی و ژیانی لەو فەلسەفە و بیرکردنەوە و ڕێبازەیدا ببینێ، بۆیە هەر قوربانی و کۆشش و خۆکوژییەکی لە پێناودا بکات، قوربانی و هەوڵ وکۆششە بۆ ژیان، یان هەتا ئەوانەی رووبەڕووی سەرکەوتن و تێشکان و دیواری داخراوی ژیان دەبنەوە و نائومێد دەبن، هەتا ئەمانەش کە لانی سلبی خۆکوژییە، مردن بە بەردەوامی ژیان و خزمەتی مانەوە دەزانن و قەتاعەتیان لەسەر ئەوە چەسپ دەبێت کە مانەوە رووتەکە چ مانایەك نادا و مانای بوون و ژیان لە خۆکوژیدا دەبیننەوە، زۆر جارانیش داب و دەستوری کۆمەڵایەتیی چەسپاو، وەکو(هیراکاری) لای یابانیەکان ئەم بوعدە دەدات بە ژیان، کە بە کورتییەکەی و بە فراوانی هەموو (پەلەی ژیان)ە بەڵام لەو رەنگ و رواڵەت و دیوە جۆربە جۆرەکانیدا، کە باڵاترین (پەلە) مردنە لە رێگەی بیروباوەر و ئامانجەکانی کۆمەڵدا.

٢٢- بۆچی مەڵبەند و کایەی حیزب شاری (کەرکوك)ە؟

لە رووی واقیعەوە شاری کەرکوك گەورەترین شاری کوردستانی باشوورە و لەوەش دەچێت لە پاشەرۆژدا گەورەترین شاری کوردستان بێت وەکو چەسپاندنی (کورد) ێتی شارەکە لە هەموو دەرفەت و هەلێکدا و بۆ دەرخستنی سووربوونی حیزبمان، لە ژێر هەر بار و هەلومەرجێکدا کە کەرکوك بەشێکە لە کوردستان و هیچ جۆرە سازش و مەسڵەتێکی هەڵناگرێ و (مساومە) لەسەر خاك بەلای ئێمەوە خەیانەتە. ئیمرۆ و سبەی و سەدساڵی دیکەش بێت، مەسەلەی کوردێتی شاری کەرکوك جێ باس و لێدوان نییە و با بەڵگەی ئەوەی کە شاری کەرکوك (مەڵبەند و کایەی حیزبە) بچێتە سەر ئەو سەدان بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەی دیکە. بە نیسبەت حیزبی ئێمەشەوە یەکەم تەکانی راست بوونەوەی دوای هەرەس لە (کەرکوك)ەوە بووە و لە نەخشە و بەرنامەی حیزبمانیشدا ئەوە لەبەرچاو گیراوە کە پێویستە (کەرکوك) بنکە و (منطلق)ی حیزبمان بێت بۆ سەرتاسەری کوردستان.

٢٣- بۆ دەبێ ئەندامی حیزب (کورد) بێت؟ ئایا ئەمە جۆرێك لە دەمارگیری حسێب ناکرێت؟ یان کەمە نەتەوایەتیەکانی نێو کوردستان لە چالاکی سیاسی دوور ناخرێتەوە و لە مافەکانی کەل ناکات؟

مەسەلەی کورد بوونی ئەندامی حیزب لە سروشت و هەڵکەوتی حیزبەوە پەیدا بووە.

مادەی سێیەمی پێڕەوی ناوخۆ دەڵێت (سوشتی حیزب، پاسۆك پارتێكی نەتەوەیی سۆشیالیستی ئازادیخوازە، لە یەكگرتنی خۆویستی نەتەوەییە سۆشیالیستە ئازادیخوازەكانی كورد پێك هاتووە بۆ (رزگاری و یەكگرتنەوە و ئازادیی كوردستان و یەكسانی نەتەوەی كورد) بەمەدا ئێمە لە بنەڕەتەوە حیزبێكی نەتەوەیین و كەرەسەی ئامانجەكانی حیزب بە ڕۆڵەكانی نەتەوەی (كورد)، دەزانین، ئەمەش بە هیچ جۆرێك و هەرگیز تەسكبینی و دەمارگیری نییە، واقعێكە و ئەوەندەی لە ژیان و زانست و فەلسەفەی كوردایەتیش گەیشتبین، پێویستە مرۆڤ خۆی بخاتە سەربارێك كە لەگەڵ (واقع) و (زانست) و (ڕاستی)دا بگونجێ نەك واقعە مەوزوعییەكان و راستییە زانستییەكان بفیچێنیتەوە تا بە بەژنەباڵای (مودێل) و هەوای زاتیی چەوتدا دروست دەرچێت. ئەو ئەركە ستراتیژییە میللییانەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد لە چوارچێوەی پارتێكی نەتەوەیی سۆشیالیستخوازدا تەنها و تەنها بە (كورد) خۆی هەڵدەستێت. ئەمە دەرسی یەكەمە لە سیاسەتی (پشت بەخۆ بەستن) و خۆڕاهێنان بە پاڵ نەدانەوە بە دیواری خەڵكیدا. ئێمە دەزانین لەم واقعی بینینەماندا و (ولاء)مان بۆ ڕاستی و زانست گەلێك بیری قاڵب بەستووی شەختەكردوو و بانگەشەی (باو و مۆدیلات) و دروشمی جەماوەر فریودەر لە خۆمان دەورووژێنین و هەتا بە زۆر هۆشی كول و بیری شلك و نەفسی پشووسواریشدا ناچێت، بام مەبەستی چەواشە كردنیش نەبێت، بەڵام خوتخوتەی ترسی كۆمەكردن و وورۆژاندن و نەسەلماندن لە داگیركەر و دوژمن و هەتا – بیركردنەوە سەراویەكانیش – بەدڵی خۆماندا رانابوورێنین. چونكە ئێمە باوەڕمان بە بیرێك هێناوە و شانمان داوەتەبەر ئەركێك، كە مەترسیی كۆمەكردن و دوژمنایەتی كردنمان، تا لەناو بردنی بێ رەحمانەش ، لە پێشمانە و لەچاو ئەوبەرپەرچدانەوە و (اعتراضات)انەدا هەر چ نییە!! ئێمە دوكان و كۆگای پۆشاكمان نەكردۆتەوە، كە نیوەی سەرمایەكەمان لە دیكۆر و دیعایەدا بە خەرج بدەین و بەدڵی كڕیاران هەڵسوورێین و هێشتا هەر قازانجمان بێت و هەراجخانەشمان نییە شتان لە خەڵكی سەرەو ژوور كەین و تەقلە بە كڕیار بدەین. ئێمە شۆڕشگێرین و خاوەن باوەڕ، چ راست و واقعی و زانستی بێت و لە بەرژەوەندیی كورد بێت، ئەوە پێڕەو دەكەین و دەسەلمێنین و بڵند دەكەینەوە. مەسەلەیەكی وا پیرۆز و بە پێز و مەزن حەیف نییە لەبەر پشووكورتبینی هەندێك و جەنجاڵیی ساحەكە و ئاژاوەی فیكریی دوژمن، هێندە بكرێتە كەندەڵان و سەر بكێشێتەوە بۆ بە سەهوبردنی جەماوەر و یان هەر چ نەبێت بە خۆمانی رەوا نابینین دەگەڵ رەوی چەواشانەدا خۆمان و جەماوەرەكە بەرەو هەڵدێر بەرین. جا ئێمە ئەگەر ئەو نەوێرە، ترسنۆكە بووینایە، چ رەوای هەق بوو لە سەرەتاوە سیاسەتمان بكردایە، یان ناوی پیرۆزی هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوایەتیمان لە خۆبنایە، كە بیروباوەڕی كوردایەتی خۆی واقعی و زانستی و چاكەی رووتە. ئەمە لە سەرێكەوە و لە سەرێكی دیكەوە، بۆچی دروست مەبەستەكە پێچەوانەی ئەو گومانە نەبێت كە تەواو پێچەوانەیە!! ئێمە لە زێدە رێزمان و مافپارێزی بوون و تایبەتێتی و نەتەوایەتیی كەمە نەتەوایەتییەكانەوە و لەو باوەڕەوە كە ئەو كەمە نەتەوایانە پێویستە و دەبێ بوونی نەتەوایەتیانەی خۆیان بپارێزن و گەشە و نەش و نمای پێ بكەن لە چوارچێوەی كۆمەڵگەی كوردەواری و سنووری كوردستاندا، هەموو مافێكی مرۆڤانەی خۆیان هەیە و لەسەر (كورد)ی خاوەن ماڵەكە میوانداریی چاك و میهرەبانانەیان بكات و ئەو مافە دەگاتە رادەی سەربەستی و ئازادیی هەموو چالاكییەكانی مرۆڤ بە چالاكی و ئازادیی (بیرورا وحیزبی سەربەخۆ) دروست كردنیشەوە، بۆ نەڵێین كۆكردنەوە و تێترنجاندنی كورد و كەمەنەتەوایەتییەكان لە پارتێكی نەتەوەیی كورددا، نا هەر بڵێ هەر پارتێكی كوردیدا، سەرئەنجامی توانەوە و لە ناوبردنی ئەو كەمەنەتەوایەتیانە نییە، ئەگەر ئەمە دروست وا نەبێت و یان لەبەر هەر هۆیەك نەسەلمێندرێ، پێویستە هەڵوێستە چەواشە و چەوتەكەی (بەعسی بەغدا) و بیرە رزیوەكەی رەگەزپەرستان

بسەلمێندرێت کە حیزبەکەیان حیزبی هەموو عێراقی و سەر تاسەری نیشتمانی عەرەبییە! ئێمە هەتا لە مەسەلەی (کورد)بوونی تاکەکانی کوردستانیشدا و لە پێناسی (کورد)دا، مەسەلەی ئیرادەی مرۆڤەکە خۆیمان بەرچاوگرتووە و سەرباری هەموو ماك و خەسڵەتەکانی (نەتەوە)، مەسەلەی خۆبەکوردزانینمان کردۆتە بڕبڕەپشتی (کورد)ێتیی هەر تاکێك کە ئەمە خۆی ئەوپەڕی ڕەهایی و گونجاندن و ئاوێتە بوون و پیشاندانی جووتە دیوی (نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی)یە ودۆزینەوەی بنەمایەکی بنەڕەتی نەتەوایەتی نەك کورد، بەڵکو هەموو دنیاشە. بەڕاستی و بێ خۆهەڵدانەوە، چۆن کوردایەتی هەڵقوڵاوی ناو ناخی جەماوەری کورد و شابیر و فەلسەفەی خۆرسکیی بوونی کوردە، ئاواش (پاسۆك) کاڵای پڕ باڵای کوردە و (باڵاترین ڕێکخستنی ریزەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە) من بەش بە حاڵی خۆم گلەیی لەوانە ناکەم کە بە چاویلکەی ئەوروپییانە تەماشای نەتەوایەتی و بیری رەسەنی کوردایەتی و پاسۆك دەکەن و بە بزووتنەوە – بەناو- نەتەوەییە چەواشە ئیستعمارییەکانی ئەوێ و ختورەی بزووتنەوە بەناو نەتەوەییەکانی دیکە بە دڵیاندا رادەبوورێ، یان سەرنجی قوڵ لە بیری خۆرسکی پێشکەوتووی کوردایەتییان نەداوە، ئەم پرسیارە بکەن یان هەتا دوژمنانی بیروباوەڕەکەمان و داگیرکەرانی کوردستان بۆ مەبەستێکی ئاشکرا و و دیاری گومڕایانە ئەم تەپوتۆزە هەڵبستێنێ. بەڵام ئەوەی یەك قوم ئاوی لە سەرچاوەی خاوێن و روونی پاسۆك خوارد بێتەوە و یەك سات لەژێر ئاڵایدا قەراری گرتبێ و ناسیبێتی، ئەگەر گومانی لە بیر رووناکی و بەرچاو فەرەحی و زانستێتی و واقع بینیی پاسۆك و بیری پاسۆك بەدڵی خۆیدا بێنێ، یان زۆر گێلە یان سپڵەیە!!

من زۆر سوپاست دەکەم و دەزانم لە چ ژانێکەوە ئەم پرسیارە دەکەیت و هەلێکی چاکت بۆ ڕەخساندم ، چ لەوەدا هاوبیرانم بە ئاگابێنمەوە و چ بە گوێی دوژمنانمدا بچرپێنم، کە پاسۆك لەو ریکخراوە کلاسیکییە نەوباوانەی بەردەم گێژەڵووکەی (مۆدێل) و (سەپاو) و (چاولێکەری) بە موسمیانە نییە خۆی داپێت بەدەم شەپۆلی بوونی ((ماددی و مەعنەوی و فیکریی زیانبەخشەوە) و تۆپەڵە مووی دوای کلکی بیرێکی دیکە یان رووداوەکان بێت. دەبێ هاوبیران ئامۆژگاری و رێنموویی دڵسۆزانەی –هەر کەس و لایەك- لە فرمێسکی تیمساحانە و تەڵەی ناحەزانە جیا بکەنەوە، ئێمە سوپاسگوزاری یەکەمیانین و هەردەم گوێبیست و چاو و هۆش کراوەین بۆ هەر شتێکی بەفەڕ. بەڵام لە ئاستی دووەمدا نەك هەر بێزارین و بەس، بەڵکو دیووی ئەو دیوی بۆگەنیان دەخوێنینەوە. وەکو ئەوەی هەندێ جار بە خەندەی ڕیچاوی، مەبەستی شاراوە و یان بە (استغلال) کردنی دڵ سافی و سافیلکەیی هەندێ کەسەوە، گومان یان تەڵەمان بۆ دادەنێن، گوایە ئەم کورد کوردە بووە چی و نەپرایەوە؟ ئێمە دەزانین ئەوانە کوێیان دیشێ و مشتەی ناو کام هەمانە کۆڵی کوتاون! ئەوانەی کە چەکی پرندەی فەلسەفەی کوردایەتی بەدەستمانەوە دەبین و لە چاو شمشێرە دارینەی فس فس پاڵەوانە دۆن کیشۆتەکانی ئەواندا هەزار بەرابەر دەوەستێتەوە، چ لە واقێعدا و چ لە لای جەماوەر، چ رێیان لەبەر نییە یان بەو (میکاڤیللییەتە) دەبێ چەکمان کەن، یان خۆیان بادەنەوە و چەکی فەلسەفەی کوردایەتی هەڵبژێرن. دیارە هەڵکەوت و مەبەستی خودی ئەوانە رێگەی لێ بریونەتەوە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر یەکەم. بەهەر حاڵ با ئەوانە و ساویلکەکانیش ئەوە بزانن، ئەو چەکە، واقعێکە ئێمەش هەڵگری نەبین واقعە مەوزووعییەکە پیاوی دەرەخسێنێ. بۆیە هەوڵی ئەوانە ئاو لە دنگدا کوتانە!

٢٤- لە شادەماری شەشەمینی پرۆگرامی حیزبدا هاتووە کە (رێزلە هەموو یارمەتی و کۆمەکێکی خێرخوایانە دەنێین کە پێشکەشی کورد بکرێ، لەهەر لایەکەوە بێت بە مەرجێ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەکەوێتە مەترسیەوە) ئەگەر بە (تحدید)تر دیاری بکرایە چاتر نەدەبوو، چونکە دوور نییە هەندێك لای خۆیانەوە (وهم) بەدەوریدا هەڵبستێنن؟!

ووشە و تەعبیر و واتای ئەم شادەمارە ئەوەندە روون و ئاشکرا و رەوانە، کە هیچ مەرجێك و زرە تەئویلێك هەڵناگرێ خانەگومانە لە ناوەرۆك و مەبەستی زەق و بەرچاوی بە تایبەتی پاش تێرامانی لەگەڵ تێکرای بیر و فەلسەفە و بڵاوکراوەکانی دیکەی حیزبدا یان تێنەگەیشتنی فەلسەفەی کوردایەتیی پیرۆز و بڵندە، یان کەم لوتفییە ئەگینا ئێمەی (پاسۆك)، بەرەی ئیمپریالیزمان نەك هەر لە (یارمەتی و کۆمەك)ی مومکن هەڵبواردوە و هەرچی پێی بووترێ بەرژەوەندی و خێر و فەڕ، لێیان چاوەڕوان ناکەین، بەڵکو لە بنج و بناواندا هۆی داگیرکردن و ژێردەستەیی و پارچە پارچەیی و چەوسانەوەی کورد، بەوان دەزانین و دیوی ئەو دیوی داگیرکەرەکەن، چۆن کورد دەڵێ: (دایکە دزانەن) هەموو گومان و – اعتراض- ی لەم بابەتە دروست لەو سوفسەتائییە دەچێت کە بۆ مەبەستی چەوت، دەیان ووت خوای مەزن فەرموویەتی نوێژمەکەن و بەلایدا مەچن (لاتقربوا الصلاه) بێ ئەوەی رستەکە تەواو بکەن کە دەفەرموێ: وانتم سکاری! دەبێ چ لەوەی دیاری تر و گردەبڕتر بێت کە دەوترێ (بەمەرجێ سەربەستی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەکەوێتە مەترسیەوە) ئایا ئەمە هەتا بەر لە هەندێ فەندەفێڵ و دایك برایی دۆستیش ناپڕێتەوە؟ و هەتا بەنسبەت دۆستانی چاوەڕوانکراویشەوە، ئەو کۆمەك و یارمەتییە دەبێت مەرجی بەدیهێنانی بەرژەوەندیی کوردی تێدا بناغە بێت. ئەمە بەر لەوەش دەگرێت کە لە گێلێتییە وە، یان لە ساویلکە ییەوە (کوری خۆمان بکەینە قوربانی کیژی خەڵکی) ئەو خەڵکە چ دەبێ و کێ دەبێ با ببێ. بۆیە هەردەم لە پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ دۆستە ستراتیژی و هاوچارەنووسەکانیشماندا پێ لەسەر (رێزی بەرابەری و بەرژەوەندیی هاوبەش و چوون یەك و یەکسان) دادەگرین. جگە لەمانە ئێمە لە شادەمارەکاندا شاڕا و هێڵی درشتی بیر و سیاسەتی حیزبمان دیاری کردووە و لە بڵاوکراوەکاندا و لە سیاسەتی رۆژانەی حیزبدا پێویست بەو دیاری کردن و (تحدید)انە دەکات و لە شیکردنەوەی ئەو شادەمارانەدا لە ئاڵای سووری کوردایەتی و بڵاوکراوەکانی ترماندا، چ پەردە و چارشێوێکمان نەهێشتۆتەوە و پەتا و پەت لە ووردەکاری و (تفاصیل)ی دواوین. لەم بارەیەوە (بەرنامەی خەباتی حیزبمان لەم قۆناغەدا)، تیشکی تەواو گومانبڕی خستۆتە سەر زۆر لایەن و بە تایبەتی ئەم شادەمارە و مەسەلەی دۆستایەتیی ستراتیژییانەی حیزبمان. ئێمە ناحەزانی بیروباوەرەکەمان بەرەو رووی ئەو بەرنامەیە دەکەینەوە.

٢٥- هەڵکەوتی بزووتنەوەی کوردایەتی، لەم قۆناغەدا تاك حیزبی یان فرە حیزبی هەڵدەگرێت؟ ئەگەر تاك حیزبی بێت، تاقی کردنەوەی شۆرشی ئەیلوول ئەوەی دەرخستووە کە چارەنووسی مەسەلەیەك بە تاکێکەوە یان حیزبێکەوە بەسترایەوە ،نەهامەتیی وەکو هەرەسی لەپێشە و ئەگەر فرە حیزبیش پەسەندکەین، ئەوا ئەو گەڕەلاوژێیەی وەك شەڕی براکوژی و پشێوییەی ئیمڕۆی لێ شین دەبێتەوە. لەم بارەیەوە سەرەنجی حیزبمان چییە؟

ئەم مەسەلە کۆمەڵایەتیانە، ئەوەندە سەراو و ساکارنین کە بە چاکە و خراپە و خۆزگە و کاشکی و هەوەسی کەس بگەڕێ و بێتە دی. مەسەلەکەش حوکمی نەزەرییە و تێرامانی فەلسەفیی رووت و قووتیش نییە. ژیان خۆی ئەو کارانە بەلادا دەخات و شێوە و ناوەڕۆکیان دیاری دەکات و مەسەلەکان فەرز (جیا) دەکاتەوە، هەر قۆناغەی بە پێی بار و هەلومەرجی مێژوویی و پلەکانی گۆرانی کۆمەڵگە و چەندایەتیی گەشەی کۆمەڵایەتی، سەد و یەك تەرحە هۆ و هۆکاری جیا جیای زاتی و بابەتی و ناوەوە و دەرەوە، رێباز و شێوازی تایبەتی بە خۆیەوە دەگرێت. قۆناغی پێش هەرەس تاکە حیزبی هەڵدەگرێت و دەوری تاك وەکو شەخصی لە (بارزانی)دا خۆی سەپاند بوو. نەدەسکردی کەس بوو نە بەری پێ دەگیرا و نەهەڵەیەکی مێژوویی بوو. دروست جووت بووە لەگەڵ هەڵکەوتی کۆمەڵگەی کوردەواری و واقیعە مێژووییەکە –بەهەموو جەمسەرەکانیەوە– ئەگەر لە حاڵی فەرزدا هەڵەش بوو بێت، هەڵەی ژیان خۆیەتی و

کەس تا ڕادەی تاوانبار، تاوانی تێدا نییە ئەگەرچی کەموکوری و کەمتەرخەمی و خەمساردی ئەم یان ئەویش سەرباری چەسپاندنی ئەو واقیعە بوون یان نەیانتوانیوە واقعێکی پێشکەوتووتر بێننە پێش. دیسانەوە ئەمەی کە ئیمرۆ روو دەدات –لەگەڵ هەموو نەسەلماندن و ڕەتکردنەوە و هەوڵی گورینێکدا– دیسانەوە بەشێکە لە عەمەلییەی گۆرانە مێژووییەکە و وەکو ژانێکی پیرۆز، نەتەوەکەمان پێیدا تێدەپەرێ، دروست وەکو ژیان و بوونی سروشتی ئەو ژانە ئەگەر لە سنوورێك دا بوەستێ و کاری دەرەکی و زیاد لە هەڵکەوتی بزووتنەوەی کوردایەتی نەبێت وەکو ڕسکانی منداڵ، لە دایك بوونێکی نوێ و ژیانێکی تازەی پێوە دەبێت بۆ نەتەوەی کورد، ئەگەر بەردەوام و تەشەنەکەر بێت و لەسەر توانای بزووتنەوەکە بێت، بێگومان بارێکی شۆرشگێری لە بار دەبات. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان کە هاوارمانە بۆ راگرتنی ئەو ژانە لەوەوە کە خەریکە مل بە نائاساییەتەوە دەنێ و لە سنوور دەردەچێ، کە ئەو بار و هەلومەرجە شۆرشگێرییەی کوردستان دەخاتە مەترسیەوە، ئەگینا ئەوەی بووە –دیارە زیادەڕەوی و بێ لزومی زۆریشی تیدا بووە– پێویست بووە بۆ هەڵتەکاندنی واقعی تاك حیزبی و عەقڵیەتی تاکە سوارەیی و کوێخایەتی. هەتا بۆ دەرخستنی سەرنەکەوتن و باو بەسەرچوون و نەشیاو و نەگونجانی خۆ سەپاندن و کوێخایەتی لەبەرگ و ناو و شێوازی تردا –چونکە سەرنجی وورد ئەوە دەردەخات، ئەوەی هەیە ململانێیەکی مێژووییە لە نێوان واقع و عەقڵییەتی خۆسەپاندن و تاکە سوارەیی و تاکە حیزبی (لە رەنگ و ڕواڵەتی جیا و شێوازی جیاوازدا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر هەمان جەوهەر و ناوەرۆکە، ئەگەر چی پاڵەوان و ئەکتەرەکانیشی گۆرابن) کە باوی بەسەر چووە و لە زەمینەی کوردستاندا هەڵقەندراوە و وەکو تەرمێکی بێ گیان، گیان بە بەراکردنەوەی هیچ مومکن نییە، بۆیە تا هەوڵی خۆسەپاندنەکە توندتر و بەتین تر بێت، ململانێکە بەتین تر دەبێت.

مەسەلەی فرە حیزبیش، بار و هەلومەرج و هەڵکەوتی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی کوردایەتی پێویستی دەکات و ئەو بیرو باوەڕە جوێ جوێیانەی تا دوێنێ لە رەحمی کۆمەڵگەدا، یان لە هەناوی رێکخراوی دیاریدا بە ناکامی مابوونەوە، قۆناغی دوای هەرەس کامڵی کردوون و پێگەیشتوون و گەیشتوونەتە ئەو ئاست و ئاقارەی ماڵی سەربەخۆی خۆیان بکەن و جیا ببنەوە. بۆیە ئێمە تەنها بە قەدەر رازی نەبوون لە پلەی گۆرانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردەواری، ناقایلین لە تاك حیزبیی پێش هەرەس و گلەیی لە ژیانی کۆمەڵگە و هەڵکەوتی کۆمەڵگە دەکرێت، نەك تاك حیزبی خۆی کە واقعێك بووە لەو واقعە کۆمەڵایەتییە شین بۆتەوە. هەروەها لەگەڵ حوکمی مێژوو و گەشەکردن و نەش و نما و تێهەڵکشانی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی کوردایەتین، کە خەسڵەتێکی قۆناغی پاش هەرەس فرە حیزبییە تا رادەیەکیش سووکە ململانێ و یان رانەهاتن بەو واقعی فرە حیزبی و کەمە گرفتێکی ژیانی حیزبایەتی و ئازادی بیروباوەڕیش بەو مەرجەی نەگاتە زەبروزەنگ و دابران، هەر بە کارێکی ئاسایی و سەرئەنجامێکی ئەو گۆرانە دەزانین. بەڵام بە توندی و گردەبڕی و ئاشکرا دژی شێوازی پێکەوە ژیانی شێواو و نەگونجاوی نێو ئەو رێکخراوانەین و مەسەلەی شەڕی براکوژییە کە ریسوایە لای ئێمە، کە ئەم شێواز و مەسەلەیە خەسڵەتێکی بنەڕەتی و فرە حیزبی نییە، ئەمە بنگۆر (الغام)ی دوژمنە لە سەرەڕێی ئەو گۆران و گەشە کردنە. ئەگینا با سەرنجی رێکخراوە فەلەستینیەکان بدەین، دە دوازدە رێکخراوی فەلەستینی جۆر بەجۆر هەیە کە لە چەپی چەپەوە تا راستی راستیان تێدایە و لەمەش بترازێ هەر لە ناو (الفتح)دا کە گەورەترین ڕێکخراوە چەندین (اتجاه) و بیرکردنەوە هەیە، کەچی هەر هەمووشیان برایانە و پێکەوە هەڵدەکەن و زۆر جار باری سەرنجی خۆشیان ناشارنەوە وەکو (الفتح) یان تێدایە کە توانا و پشتگیریی ٨٠% ی، سەرجەمی بزووتنەوەکەی هەیە و جەماعەتی (احمد جبريل)پشیان هەیە کە کۆمەڵێکی بچوکن، بەڵام لە وێدا ماسییە گەورەکان ماسییە بچوکەکان ناخۆن، یان بەلانی کەمەوە (فرسەتی بەلاش) نادەنە دەست دوژمنەکانیان. یان کوردانەتر بڵێین لەسەر

ئاخوری مایینی نەکڕاو ،هەرا و گەردەش نانێنەوە. ئەگەر باری رێکخراوە کوردستانییەکان بەوان بگیرێت، اصلا هەر هیچی تیا نامێنێتەوە کە دڵی یەکتر نیگەران کەین نەك (شێری ماڵەوە و رێوی دەوەوە بین) لە ناو خۆماندا. هەمووی (حوکمی زاتی راستەقینە و دیموکراسی)دەوێت، کەچی پێکیشەوە نالکێن. دە ئەمە یان شەڕە کورسییە، یان پوازی داگیرکەرە و پلانی نێودەوڵەتی، ئەگینا چییە؟ با ئەوەش لە بیر نەکەین وەکو کابرای بەدبین بڵێین: نیوەی پەرداخەکە بە تاڵە و هەر بە تاڵایی ببینین! خۆی هەرواشە ئەوە لەسەرجەم پەیوەندیی ئەو حیزب و رێکخراوە کوردستانییانەی کوردستانی باشووردا و لایەنێکی زۆر گرنگی عێراقی نیوە کوردستانی و نیوە عێراقی دا ئەوپەری رێز و هاوکاری هەیە (سۆسیالیست، پارتی، پاسۆك، حیزبی شیوعی) بەرای من لە ئاست و ژمارەی حیزبەکان، دۆست و برا و هاوکارن و شایەتی توانای پێکەوە ژیان و شیاوی فرە حیزبی دەدەن. ماوەتەوە لە (٢٠)ەکە ئەویش خوا چاکی کات!

٢٦- فرسەتی خۆرایی چییە، کە بدرێت بە داگیرکەر؟

ئەوەیە ئێمە لەسەر نەهاتوو نادیار و ئەو شتانەی لە حوکمی (غەیب) دان و یان نەرسکاون گەردەش بنێنەوە و لێك بترازێین. یان خۆمان بە شتانێکەوە خەریك بکەین کە بۆ دەیان ساڵی دیکە ئیمکانی پێشهاتیان نەیێت و مەسەلە ئەساسی و گرنگ و سەرەکییەکەی بەردەستمان لە بیر بچێتەوە. وەکو ئەوەی هاوسێیەتی و دۆستایەتی ئیمڕۆمان لە ئێستاوە تێك بدەین لەسەر ئەوەی پاش دە ساڵی دیکە مناڵەکانمان گەورە دەبن و لە کۆڵان لەسەر هەلوکێن تێکدەچن! بە زمانی سیاسی بڵێین: ئێمە ئیمڕۆ هەمووان بەرەنگاریی دوژمنێکی سەرسەخت و داگیرکەرێکی ماڵ بە تاڵانبەر بووینەتەوە و ململانێکەمان، ململانێی مان و نەمانە، ئەم هاوچارەنووسی و هاوئامانجی و بەرژەوەندییە بەلاوە بنێین و لەسەر ئەوە تیروشیر لەیەك بسوین، گوایە سبەی کە وولات کەوتە بەردەستی خۆمان جوتیاری (٢٠) دۆنم زەوی بدرێتێ یان (٣٠) دۆنم یان جارێ هەمووان لە گەرووی نەهەنگداین و چاوبنوقێنین، دەم دەدابە یەکدا و ئەگەر یەکێکمان بکاتە بەر بانگ، ئەوی دی هەڵدەگرێت بۆ پارشێو. کەچی لە سەر ئاغایەتی و پێشڕەوایەتی و پێستی نەهەنگەکە شەڕ بکەین. ئێمە ناڵێین هیچ جیاوازی و لێك نەچوونێکمان نییە و دروست و چەسپ وەکو یەك بیر دەکەینەوە و وەکو یەك شتان دەبینین و مەبەستیانە، ئەگەر وابین دەبینە یەك. بەڵام دەڵێین لەم قۆناغەدا و لە قۆناغەکانی داهاتووشدا و تاماوەیەکی زۆر زۆریش ئەگەر بە دووی خاڵی لێك چوو و یەکخەر و هاوبەشدا بگەرێین، زۆر پترن لە خاڵی جیا و چەشمەندازی جوێ و لێك نەچوو، بۆیە جارێ با لەسەر ئەوەی هەیە و پێویستە رێکەوین کە چارەنووسی هەمووانە، پاشان کە ئەوە هاتە دی دووبارە بەسەر حسابەکاندا دەچینەوە، یان خۆی ڕۆژگار دەسەبەرەی ئەوە دەیێت و وردەکاری و هەتا بۆچوونی یەکێکمان پتر بسەلمێنێ یان (تەرجیح) بدات، ئیمڕۆ با دوژمنەکە لەماڵی خۆمان وەدەرنێین و ماڵە میراتی بابمان ساغ بکەینەوە، ئەوسا شەرعی خۆمان دەبەینە لای جەماوەر.

٢٧- سۆسیالیزمی حیزب باوەڕی پێیەتی و کردوویەتییە دروشمی دووەمی حیزب، چییە و جیاوازیی چییە لەگەڵ تیور و قوتابخانە سۆسیالیسزمەکانی دیدا؟

سۆشیالیزم وەکو زاراوە و مەفهومێکی کۆمەڵایەتی و شێوازێکی ژیان و باری ئابووری کۆمەڵگە، لەو ڕۆژەوە، زوڵم و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی بەرچاوکەوتووە و هاتۆتە بەر هەست و هۆشان، تاکە خێرخواکانی کۆمەڵگە، ئەو بارە ناسروشتییە سەپاوەی دژ بە هەڵکەوت و مانای ژیانی مرۆڤایەتییان رەتکردۆتەوە و پێی قایل نەبوون، هەر یەکەی بە پێی سەردەم و هەڵکەوت و هەلومەرجی مێژوویی سەردەم چارە و بۆچوونی تایبەتیی هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی، سۆشیالیزم وەکو مەفهومێکی فەلسەفە و فراوان بریتی یە لە (نەهێشتنی چەوساندنەوەی

مرۆڤ و بەرگرتن بە چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە. هەڵتەکاندنی ئەو بنەما و زەمینە مادی و فیکرییانەی ئەو چەوساندنەوەی لێ شین دەبێتەوە) ئەمە مەفهومی فراوان و جەوهەریسۆسیالیزمە. جا چۆنیەتی و شێواز و ڕێگە و جێگە و کەرەسەی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە بە پێی سەردەم و بار و هەلومەرج و بۆچوونەکان دەگۆرێ، هەر لەمەوەیە، دەیان و سەدان قەتابخانە و رێچکە و تیوریی سۆشیالیزمانە پەیدا بوون. ئێمە پیمان وایە کە رەوتی بەرەو پێشچووی ژیانی مرۆڤایەتی، خۆی بەرەو هەڵتەکاندن و پاکتاوکردنی بنەما و زەمینەی فکری و مادی چەوساندنەوە دەچێت و هیچ هێزێك نییە بەری پێ بگرێت بە مقداری پێشکەوتن و فراژوو بوونی کۆمەڵگە و بەرزبوونەوەی ئاستی هەستی مرۆڤانە و رۆشنبیری و وشیاریی جەماوەر لە ڕۆژی نەمانی ئەو چەوساندنەوەیە نێزێك دەبینەوە، دیارە ئەمەش بە (کن فیکون) و چەند پرشیارێکی فەوقی ڕوونادات و نایەتە دی. دەوری مرۆڤ چەندە یەکەمایەتی و کاریگەر و سەرەکی بێت، یاریدەدەری پێشخستن و پێشهێنانی ئەو ڕۆژەیەیە. ئێمە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤین بە هەموو جۆر و شێوەیەکەوە، نەك تەنێ چەوساندنەوە ئابوورییەکە، بام لەم قۆناغەدا خانەی سەرەکیشی هەبێت، بۆیە سۆشیالزمی ئێمە ئەگەر ئەو ناوە هەڵگرێت، هەڵقوڵاوی پێداویستیی کۆمەڵگەی کوردەواری و چارەنووسی پاشەڕۆژی کۆمەڵگەکەمانە. ئێمە باوەڕمان بە نەهێشتنی ئەو چەوساندنەوەیە، جا چۆن و بەچ ڕێگە و شێوازێك و کام پلە و کام ڕێگە و بە کام بەرنامە و نەخشەیە دەکەوێتە سەر بار و هەلومەرجی گونجاو و هەڵکەوت و بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری چۆنێتی(تفاصل) و ڕەگە ورد و وردەکاری و جۆر و شێوەی داهاتووی ئەو هەنگاو شێوەیە بەندە بە پلەی گۆران و گونجانی ئەو هەنگاو و ئیجرائاتانەی دەگونجێ لەگەڵ باری ئابووری و دەروونی و فیکری و مادیی کۆمەڵگاکەماندا (تطبیق) و تاقیکردنەوەیەکە دەتوانێ جلیوە بە تیوری سۆشیالیزمان ببەستێ و چوارچێوەبەندی بکات، چونکە مەیدانی کار و (تطبیق)، بواری ڕاستەقینەی چەسپاو و دروستی پێکهێنانی تیۆر و بۆچوون و هەنگاو و باوەڕەکانە. تاقیکردنەوەی دنیاش فێری کردووین چوونە ناوەوە (تفاصیل) وە زۆر جار وا دەرناچێت و هەر خۆی زیان لە ئەصڵی تیورەکە و مەبەست و ئامانجەکە دەدات، ئەگەر نەڵێین ئەو دەرنەچوون و بەدرۆ کەوتنانەوە کۆسپی گەورە دەبن لە سەرەڕێی زانستێتی و بە راست دەرچوونی شارێگە و بیر و فەلسەفەکە بە گشتی. لەم بوارەشدا ئێمە، نە خۆمان دەبەستینەوە بە تیورییەکی دیاری و گردەیری (قورئان ئاسایی) واوە کە دەرچوون لێی و لێدایرین و خستنە سەری بە پێی پێویست و واقع و هەڵکەوتەکە هەڵناگرێت، بە مانا نە خۆمان دەکەینە زەیەوانی هیچ بت خانەیەك و ئەو تیۆرانە بگەیەنینە ئاستی ئایینە ئاسمانییە غەیبییەکان. وە نەدەرگاش لە رووی هیچ تیۆر و تاقیکردنەوەیەکی دادەخەین. واتە نە بە تەواوی تەسلیمی هیچ دەبین و نە پێشەکیش ڤیتۆ لەسەر هیچ دادەنێین. هەر بیر و فەلسەفە و تاقی کردنەوەیەك ئەم سێ مەرجانەی لە خودا کۆبکاتەوە، ئێمە پێشوازی لێدەکەین و پێرەویشی دەکەین:

١/ زانستی بێت بەمانا لەگەڵ هەڵکەوتی مرۆڤدا بگونجێ و قابیلی (تطبیق) کردن بێت.

٢/ لەگەڵ بارو هەل ومەرجی مادی و مەعنەوی و فیکری کوردیدا بگونجێ.

٣/ لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بێت.

٢٨- ئایا ئەو (سۆسیالیزم)ەی حیزب بەرچاوی گرتووە زانستییە؟ یان (سۆسیالیزمی زانستی) تەنها مارکسیزمە و زانستی تیۆری سۆسیالیزمی پاوانی ئەو بیرەیە!؟

وەڵامی پێشوو ئەوە دەردەخات کە سۆشیالیزمی ئێمە زانستی و واقعی و سۆشیالیزمی راستییە. کەسیش بەهی خۆی نالێ (ناعیلمی) و هەوو کەسیش ئازادە و ساناشە بۆی چ

ناوێ لە خۆی بنێ، بەڵام مەرج نییە ئێمە بەو ڕێودانگە مەسەلەی ئەوان یان باوەڕەکەیان بپێوین. ڕاستە (سۆشیالیزمی زانستی) بۆتە (اسم العلم)ێك بۆ مارکسیزم، بەڵام وەك هەر ناوێك دەلالەت لە ناوەڕۆکی ناکات. ئێمە مل بۆ ئەو پاوانخوازییە نادەین. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لەو و لە هەموو بیر و تیۆرێکی دیکەش دەنێین. هیوادارم بتوانین لەم بارەیەوە لە دەرفەتێکی نیزیکدا ڕوونتر و فراوانتر رای خۆمان دەربڕین، جارێ هەر ئەمەندە (بەکورتی) دەست دەدات.

٢٩- دەربارەی خەڵکی ئاوارەی ئەوروپا و خەباتی (ئەوروپیانە) بوختانی ئەوەمان پێوە دەکرێت کە (تەڕ و وشك) پێکەوە دەسوتێنین. ئەو رایانە هەندێ توندی و بێ ڕوحمی تێدایە کە ناراستەوخۆ کەم کردنەوەی دەوری خەباتی سیاسییە؟ لەم بارەیەوە ئەگەر بفەرموون بە ڕوونتر رای حیزبمان دەربرن!؟

هەموو ئەو بوختان و ئاوەژووکردنەوەیە لە لایەن کەسانێکەوە دەردەچێت کە ڕوو زەردی لای مەسەلەی نەتەوەکەیانن و بەزیو و هەڵاتوون.ئێمە دەزانین جەنگ درێژەی سیاسەتە و ئامرازێکی جێبەجێکەری مەسەلەیەکی سیاسییە. ئێمە چتر لە هەر لایەکی دیکە گرنگیی دەدەین بە لایەنی سیاسیی مەسەلەی کورد و پێمان وایە یەکێ لە ناتەواوییە هەرە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەوەیە کە نەتوانراوە مەسەلەکەمان لە ڕووی سیاسییەوە بگاتە ئاستی پێویست و جۆرە داپرانێك هەیە لە نێوان خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسی. واتە کورد، بەگشتی جەنگاوەری چاکن و سیاسیی خەراپ. ئەگەر نەڵێین هەر سیاسی نین! خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، بەشێك و ڕووبەرەکی لە ئەندازە بەدەر و زۆرینەی بە خەباتی –کە ئەو ناوەش هەڵناگرێت– ئەوەندە لاواز و شەپڵە لێدراوە، پربا نەبووایە. کوا و کامەتە ئەو بەرهەم و کەسبە سیاسیەی –تێکرایی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد– ئەوەی بە زۆر و ناهەق ئەو ناوەی لێ دەنرێ، بریتییە لە کۆمەڵێ شەڕە دەنووك و تۆمەت و تاوان پێچانە ملی یەکدی و ناو زڕاندن و بوغزاندنی یەکدی. بە جۆرێکی وا مەسەلەکەیان ڕەزاگران و تاڵکردووە، کە خێر خوایەکی بێگانە ڕێگە بە خۆی بدات و بەهەندێکیان بڵێ (ولك استحوا). ئەو خەڵکە لەوانەیە دووراودووور شەبەنگی چەند ناتەواوی و کەموکورییەکەمان درکێ پێ بکەن، کەچی خۆمان و هەر یەکەی لای خۆیەوە دەچێت لایەکی شڕە سەرپۆشی سەر حەیا و حورمەتی لاکەی دیکە شنەر شنەر دەکات و عەیب و عاری بەو سەحرایە وەردەکات. دکتور تەرەماشێك ملی دەشکێنێ و دەچێتە سوید و کۆڕ بۆ خەڵکی دەگێرێ، لەبری هەموو پیاوەتی و دەرخستنی مەغدوریەتی کورد و ڕەوایەتیی مەسەلەکەمان، بە ووشەی (نامەرد) ناوی پێشمەرگەی لایەنێك دەبات لە کاتێکدا ئەمان خۆیان و خۆی و هاودەروونە ڕەشەکانی، خالقی هەموو مانا و شێوازەکانی (نامەردی)ن لە کوردستاندا. درێژەی نەدەمێ، بە کورتی و کرمانجی و بەزمانی ساکار دەڵێین: ئێمە پێمان وایە سەد بەرەی شەڕ و سەرکەوتنی سەربازی، هێندەی بڕیار و پشتگیری و دان پیدانانێکی سیاسیانەی مەسەلەکەمان تین و تاوی نییە و نابێت. دیارە ئەمە هیچ لە گرنگێتی و پێویستی و یەکەمایەتی مەسەلە سەربازیەکە کەم ناکاتەوە، چونکە ئێمە تا بزووتنەوە و شۆڕش و خەباتی چەکداریمان نەبێت، مسی نێو گوێی دنیای بەرژەوەندپەرست ناتوێتەوە، بەڵام ئەو دوو مەسەلەیە ئاوێتەی یەکدین و مەسەلەی سیاسی، هەوێنی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەکەمانە. بەڵام هەر گیز ئەو جرت و فرتە گومان لێکراو و قسە و قسەلۆکی سەر مێزە ڕازاوەکانی ئەوروپا و شەڕە مست و چەنە حەلانێی تۆمەت و تاوانباری و دوورەوەرییە بە ناتەواوییەکانی سەر ساحەکە بە سیاسەت نازاین.

ئێمە نەك مەبەستمان لەو خوێندکارانە نییە، سەرباری مەینەتی و کوێرەوەری و نەداری و خوێندنی بە ئەرك و گوزەرانی نارەحەت، خۆیان گوتەنی ترپەی دڵیان لەگەڵ هەنگاوی پێشمەرگەدایە و خەریکی چالاکی پاك و کوردانەی سیاسین، بەڵکو ئەوپەڕی ڕێز و تەقدیرمان

بۆیان هەیە و ئەوانەن سبەی چارەنووس بە دەستانی مەسەلەی نەتەوەکەمان. چۆن ئیمرۆ پێشمەرگە پێویستە بۆ رزگاری و سەرفرازیمان، سبەی دەهیندە، شارەزا و پسپۆر و شەهادەتی بەرزمان گەرەکە بۆ بینای کۆمەڵگەکەمان و ئەوانن پارێزگاریی بەرهەمی خوێنی شەهیدان دەکەن. خەڵکی بێ چارە و ئاوارە و دەست و پێ بەستراوی دڵسۆز، نەك جێگەی لۆمە و تانە و تەشەر نین، ئەوەی ئێمە دەیکەین، بەشێکی تۆڵەسەندنەوەی ئەو ئاوارەیی و دەربەدەرییەی ئەوانە و بەشێکی بۆ گێرانەوەی ژیانی ئاسایی و مافی ژیانی ئەوانەیە. خۆ ئەوانەش کە کۆر و کۆمەڵە سیاسییەکان بەپێی بەرنامە و نەخشەیەکی دیاری بۆ تەواوکردنی دەوری خەباتی نێو وڵات دانراون و ئەرکیان لە ئەستۆیە، دوو جاران پێشمەرگەن، پێشمەرگەن وەکو خەباتگێرێك لە مەوقعێکی پێویست و دانراودا، پێشمەرگەن وەکو دوور لە وڵات و غەریبایەتی چێشتن. ئەمانە دوور تا نزیك و کەم تا کورتێ و هەرگیز بەر ئەو حوکمە ناکەون و هەمیشەش دەستمان بۆ ئەو لایەنە درێژکردووە. بەڵام، ئەو ملئەستوورە،گەندە،مشەخۆرە، قسرە، دەم هەراشە، هیچ لە بارانەبوو و هەڵاتووە، بەزیوە، ترسنۆکە، بەتاڵانەی بەسەر لاشەی پێشمەرگە و خوێنی شەهیداندا هەنگاو دەنێنن و هەڵدێن بۆ ئەوروپا و خۆ لە ئەرك و مەسەلەی میللیەکە دەدزنەوە، هەر بەمەشەوە ناوەستن، بۆ داپۆشینی عەیب و عار و بەزیووی و هەڵاتنی خۆیان، دەکەونە تانە و تەشەر لە شۆرش و شۆرشگێران و دۆزینەوەی پۆزش و بیانوو و بەهانەی پووچ بۆ خۆ بە پیاو چاکزان و خەڵکی تاوانبار کردن. ئەوانەی کە پیاوی ئەو بارە نەبوون و لە ژێریدا دەرفرتان، ئەوانەی تا کردیان و بردیان و خراپەیان کردبوو و کە پر بوون و مسۆگەر بوون، خۆیان دزیەوە، ئەوانەی دەستیان کەوتۆتە روو و چی دی بۆیان نەچۆتە سەر، ئەوانەی سەقەت بوون و لە بارچوون، ئەوانەی خەباتیان نەبووە و بێ ناسنامەن، دەکەونە نا پیاوی و ئابروو بردنی کورد. هەرخۆت سەرنج بدە، لەسەدا نەوەدی ئەوانەی لەم دوو ساڵەی دواییەدا ملیان شکاندوە بۆ دەرەوەی وڵات، لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکەی خۆماندا عەیبدا ر بوون، دەبێ ئێستا لەو وڵاتە پیشکەوتووانە چ بن و چ بکەن؟ بپرسن و بزانن ئەوانە چەندە لەقەدر و حورمەتی کوردیان کەم کردۆتەوە. ئەوە جگە لەوانەی کە هەر بۆیان هەڵنەسورا، دەبنە پیاوی ئەو (موخابەرات) و ئەو دەزگا جاسوسی یە. مەبەستمان ئەمانەن.

دیسانەوە مەبەستمان ئەوانەشە، کە بە قسەی پف هەڵدراو و فەلسەفەی وشکی سەرمێزی رازاوە و نووسینی بەر کۆندیشن، سەری حەوت حەوت دەبڕن و تەلاری هەزار نهۆمیی خەیاڵدروست دەکەن و فەرمایشت و ناماقوڵی زیاد دەکەن. دیسانەوە مەبەستمان ئەوانەشە، کە شۆرش و جەرگەی خەباتەکە پێویستی پێیانە، کەچی وەکو دکتۆر ئاو و هەوای ئەوروپای بۆ پربیێتەوە و وەکو ماسی ناو ئاو نەتوانن بێنەوە، هاتنەوەیەکە کە چاومان ئاوی چوو لە چاوەڕوانیدا. ئەو کەسانەش کە دەتوانن زۆر شت لەسەر ساحەکە بگۆرن، بەڵام بە ئەوروپاوە جام بوون، هەموو ئەمانە ئەگەر ئازایەتیی ئەدەبیان تێدا بێت و بە قەدەر توانایان بفڕن و بخۆن، چ گلەییان لەسەر نابێت یان دان بەوەدا بنێن کە ئەوان پیاوی شۆرش و شۆرشگێرایەتی نین، بەڵام مامۆستای قسەی زلن. یان هەر چ نەبێت لە قسەی زل بکەون. چونکە کە خاوەن ماڵ دز بگرێت سەر ئەنجامی دیارە. بەس خەمی گران ئەوەیە (دز خاوەن ماڵ بگرێت).

٣٠- هەر لەم بارەیەوە دەڵێیت: لەو نووسینەدا ئەوە (جاش) یەك خراون و ئەمەش رەوا کردنی (جاشێتییە) باشە هەڵاتن خراپە بەس بەو جۆرە نا!؟

چاك بوو ئەمەت خستە روو، ئێمە کە دەربارەی ئەو بەزیوە هەڵاتوانەی نەبوونەتە مایەی ئابڕووبردنی کورد دەست دادەگرین، لەوەوەیە خەڵکی عەقڵی هەیە و شتان لێك دەداتەوە باشە ناڵێن ئێوە لە باتی شۆرشێك، خوا نەیبڕێ جووتێ شۆرشتان هەیە و ئەگەر لایەکی ساحەکە براکوژیی تێدایە، خۆ لاکەی دیکە ئەم دەردەی نییە، ئیدی بۆ خۆتان دزیوەتەوە؟ ئێمرۆ و

لەم قۆناغەدا لە خزمەتی نەتەوەکەتاندا نەبن کەی دەبن؟ پاش قەبرەکەی ئەڵێ یان کە بە خوێنی هەزاران شەهید کە ئێوە لەسەر حسابیان تەرانێن دەکەن، رزگاربوو، بچنەوە ببن بە سیپاڵ بەسەر گەلەکەتانەوە. سەد حەیف ئەو رێز و قەدەرەی ئەوروپاییان لە نەتەوە دلێرەکەی خۆرهەڵاتیان دەنا و بۆ نموونەی خۆگری و شۆرشگێری دەیان هێنایەوە، ئیمرۆ ئەو جڕوجانەوەرانە ئەوەش، دەکرتێنن و سەدان سەرگوزشتە و رووداوی وا شەرمهێن باس دەکەن و رووی داوە کە رووی نووسینیان نییە. زۆر کارێکی ئاساییە پیاوی خۆفرۆش و ناپاك لە ناو نەتەوەیەکدا هەڵکەون و زیانەکەشیان لە چوارچێوەی وولاتەکەدا ناچێتە دەرەوە و زۆر جاران ناپاکی و پیاو خراپی (جاش)ەکان هاندەرێك دەبێت بۆ خۆدزینەوەی زۆر کەس و بە هۆشدا هاتنەوەی زۆری دیکە، بەڵام ئەمانە جگە لەوەی ناتەواوی و کەموکوریی نەتەوەکە دەبەنە دەرێ و لە شارەکانی ئەوروپا دا هەڵی دەخەن، رێخۆشکەر و هاندانی سارکردنەوەی خەڵکی دیکەشن. بۆیە دروست ئێمە پێمان وایە ئەو کار و کردەوەیەی ئەوان لە (جاشێتی) بەدترە و ئەمەش هەرگیز پاساودانی (جاشێتی نییە) دۆزینەوەی بار و هەڵکەوتێکی بەدفەڕ و زیانبەخشە کە زیان و بەدیەکەی لە (جاشێتی) خرابترە. بێگومان ئەو بەناو کوردە – بەزیوە ترسنۆکانە، بەم قسانە قاڵس دەبن، تەگەرە دەیان گرێ. ئەو (مردووی بەشی زیندوو خۆرانە) ملیان وورد دەبوو و هەر بۆ دۆزەخ چاکن. تەنها ئەوەندەی هەیە خەڵکی دیکەش نەگلێننە خۆیانەوە و خۆیان نەدەنە پاڵ کەسانێکی دلسۆز و شۆرشگێر کە پێویستی و مەوقعی خەباتیان وا هەڵدەگرێت لە ئەوروپا بن. جگە لەوەش ئێمە شتێ بە یەکێ ناڵێین و حوکمی نادەین، کە پێشەکی بۆ خۆمان بەرچاو نەگرتبێ و پێشەکی بە خۆمانمان نەووتبێ و حوکممان بەسەر خۆماندا نەدابێ.

یەکێ لەو بەزیوە بودەڵانەی خۆی ئاگادارە من بە خۆیم ووتوە: ئەگەر –وەکو ئێستای ئەو و ئەوان هەڵێم، لە ئەوروپا ببمە ئەسکەندەری سەر زەمین، ئینجا هیچم، کە من بە خۆمی بڵێم و ئەوە رای حیزب بێت، ئیدی چۆن چاوپۆشی یان مجامەلەی بەزیوانێکی وەکو ئەو دەکەین. ئێمە هەندێ حوکمی (مطلق)مان هەیە و پێشەکی دەبێ هەموو (پاسۆك) یەك یەك بیسەلمێنێ وەکو ئەوەی لە باڵاترین بەرپرسیاری حیزبەوە، تا پێشمەرگەیەك، بێ پاسۆك ئێمە سفرین. بۆیە کە یەکێ نەیتوانی و شیاوی شەرەفی (پاسۆك)ایەتی نەبوو بە پێی حوکمێ کە خۆی پێشتر باوەڕی پێبووە (سفر)ە لە حسابی ئێمەدا، خوای دەکرد رۆستەم دەبوو!

٣١- تا چ رادەیەك توانراوە ، هاوبیران فێری ئەو (ئازایەتییە ئەدەبییە) بین و بتوانن خۆیان حوکم بەسەر خۆیاندا بدەن؟

ئەو ئازایەتییە مەرجێکی ئەندامێتیی حیزبمانە. بۆیە ناچارانە دەبێت هەر هاوبیرێك لانی کەمی تێدا بێت. ئێمە پێمان وایە (ئازایەتیی ئەدەبی کە بریتی یە لەبەگژخۆدا چوونەوە) و (قاولە خۆکردن) و بەئاشکرا محاسەبەکردنی خۆ. گەورەترین و گرنگترین جۆری ئازایەتییە، هەر بۆیەشە یەکێ لە مەرجەکانی ئەندامێتیی (حیزب) ئازایەتییە. ئەوەی بتوانێ بچێتە ژێر زنجیری تانکەوە، بەڵام وێرای ڕاستی دەربرین و دەنگ لە خۆکردنی نەبێت، بەلای ئێمەوە تەنها (ئازایەتییەکی حەیوانی) ئازایە و بە پێودانگی مرۆڤانە (ترسنۆکە). ئازایەتیی مرۆڤانە ئەوەیە مرۆ بتوانێ دەست بکات بە چاوی خۆیدا و کوردواتەنی (چۆن بە درێژی خۆتا دەڕوانی ئاواش بە پانی خەڵکدا بڕوانە) کەی تاکەکانی کۆمەڵ توانیان بەو گیانە رابێن و پەروەردە ببن، هەرچی بەڵاو درێوی و ناجۆریی نێو کۆمەڵ هەیە لە خۆوە دەپوکێتەوە. سەرنج بدە چاوچنۆکی، ناپاکی، دەستدرێژی، چەوساندنەوە، بەری رەنجی یەکدی خواردن، داگیرکردن، درۆ، دەسپری..... هتد) هەرچی خراپە هەیە بژمێرە تەنها و تەنها لەوەوە هاتوە کە مرۆ (دنیا لە خۆیدا ببینێتەوە) و خۆویست و خۆپەسەند بێت. ئەگەر ئەو کردار و رەفتار و گفتاری دەیکەیت رەوا بوون و رەوا

نەبوونی بۆ خۆت بخوێنیتەوە و خۆت بخەیتە جێی بەرانبەرەکەت، پاشان بە بێ چاك بوون و خراپ بوونی، حەز و ناحەزی و ویستن و رەتکردنەوەی لای،خۆتەوە بپێوی و پێرەوی بکەیت، هەرگیز کارێ ناکەیت، شتێ ناڵێی کە زیان بەخش بێت. ئەمە تۆباویەت و ئیفلاتۆنیەت نییە. بە حوکمی ئەوەی مرۆ ئەو لایەنە چاکەی تێدایە و گەر بیەوێت بیخاتە گەڕ دەتوانێ بەو مەرجەی بەسەر هەوا و هەوەسی چەوتی زاتی خۆیدا زاڵ بێت، خودا دەفەرمووێ (فالهمها فجورها وتقوها، قد افلح من زكاها). چەندە دروست و قوڵ بە ناخی هەڵکەوتی مرۆڤدا چۆتە خوارێ. هاوبیرەکەم، تا ئەم گیانە دروست نەکرێت، مەسەلەی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن – کە بۆتە گاڵتە و گەپجاری ئەم سەردەمە– و لە هەموو پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزبێکدا تۆمار کراوە، لە نووسینی سەر پەڕەکان تێپەڕ ناکات. ئەوەشت پێ بڵێم: گوێت لە هەر کەسێ گرت شانامەی خۆی خوێندەوە و خۆی لێت کردە پەری، بێ ئەوەی بە توندی و ئازایانە دەست نیشانی کەموکوری و هەڵەت و هەڵەتەکانی خۆی بکات، بزانە بەرانبەر درۆزنێکی یەکجار ساختەچی دانیشتووی و چەندەش قسەکانی لەبار و سەرەنج ڕاکێش و هەتا دڵنیاکەریش بێت ئەوەندە شەیتان تر و عەوام خەڵەتێنەترە بەکورتیەکەی (جادوگەر)ە. من کە لە خۆمەوە تەماشا دەکەم، وەکو قوتابیەکی بچوك و گوێڕایەڵی ئەو بیرو باوەڕ و حیزبە و لەتەعامولی ڕۆژانەی ناو هاوبیرانمدا،دەتوانم بڵێم ئەگەرچی هێشتا ماومانە بگەینە ئاستی پێویست و دڵنیاکەر، بەڵام وەکو بوونێك زۆر بەزەقی هەستی پێدەکرێت و هیوای ئەوەی لێدەکرێت کە ببێتە خەسڵەتێکی (متفرد)ی حیزبمان. ئەگەر نموونەیەکی بچوك بێنمەوە دەڵێم:

لەساڵی ١٩٧٩حیزب ئەرکێکدا بەسەرمدا، کەبەڕاستی نەمدەتوانی وەکو پێویست بم. هەرچەندە هەزار و یەك پۆزشم هەبوو بەڵام هەرگیز بایی ئەوەندە نەبوون، لەو شەرەفە دوابکەوم، بۆیە بەوپەڕی (ئازایەتی)ی ئەدەبییە بۆ حیزبەکەم نووسی: (تۆز لە ئاو هەڵناستێ و مەردایەتی لەدەست نامەرد نایەت، ئیمڕۆ من ئەو نامەردەم!). هەر سێمانگ دوای ئەو حوکمە، توانیم ئەو بەرگی (نامەردایەتی)یەی -بەناچاریش بوویێت- بیگۆڕمەوە بە (مەردایەتی)یەك تاکە سەرچاوەی شانازی و سەروەریمە. هەر ڕۆژێکی دیکەش نەتوانم لەئاستی پێویستدا بم و ئەو ئەرکەی حیزب لێم دەخوازێ بەجێی نەهێنم، هەر ئەو ڕۆژەیە براکەم، ئێمە کوردایەتی دەکەین، کوردایەتیش (فرض العين) و نوێژ و تاعەتە. بۆیە بچوکترین گیر و گەڕ، توشی گوناح دەبین.

مەسەلەی خەبات و کوردایەتی بازرگانی نییە، چاوبەست و مامەڵە بێت، زیرەکی و پێکوڵی لە دەستکەوتەکەدا بێت، جا چۆن دەبێ با ببێ. نەخێر، دەبێ چۆن دەڵێین (فناف الله) هەیە، ئاواش (فناف الحزب) و (فناف الكردايەتی) بێت. بڕواش بفەرموو، ئەگەر لە تەسکیی شەخسیشەوە ڕوا نیتە ئەم – مەسەلەیە ئەو (راستگۆیی) و ئازایەتییە ئەدەبییە (چاترە). چونکە خەڵك چاوی هەیە و چ شتێك نییە بە چەوتی تا سەر بشاردرێتەوە. جا پێش ئەوەی خەڵکی لێت بکەنە قاو و لە دەهۆڵت بدە، حەیف نییە تۆ خۆت بە دەستی خۆت وای لێ نەدەیت بیدرێنی، نەبادا ناحەزێ، لەبەر هەر مەبەستێك بێت، پەلە پیتکەیەکی لێ بدات لەسەر خڕ وەکات. پیاو کە ماڵی لە شوشە بوو دەبێت لە ماڵەوە (گۆشەگیر) بێت کە هێشتاش هەر سەلامەت نییە. کە ویستت سیاسەت بکەیت، ماڵەکەت لە بەردی ڕەق هەڵچنە و بناغەی قوڵ لێ بدە بۆ ئەوەی تۆپیش کاری تێ نەکات.

٣٢- هاوبیر علی کێیە؟

هاوبیرێکی بچوك و سەربازێکی حیزب و خزمەتگوزارێکی کوردە.

٣٣- ناو ناونیشان و پلەی؟

ناوی (پاسۆك)ی علییە و بێ پاسۆك، بێ ناو و قورساییە، ناونیشانی هاوبیرە و پلەی پێشمەرگەیەکی گوێ لە مستی حیزبەکەی.

٣٤- ئەم (تواضع)ە بۆ؟

کەی (تواضع)ە؟ لەوە خۆهەڵدانەوە پتر چییە کە مرۆ شەرەفی ئەوەی هەبێت پاسۆك بێت و من ئەو شەرەفەم لە هەموو شتێ لا گەورەتر و زیاترە.

٣٥- تەمەنتان چەندە؟

تەمەنی راستەقینەی حەوتساڵانە و چەند ساڵێکی پێشتریش کە بە هەمووی ناکاتە پازدە ساڵان، ئەوی دیکە ریش سپی کردن بووە و بەس.

٣٦- بۆ بوویتە پاسۆك؟

چونکە کوردم و کەسیشم لە کورد خۆشتر ناوێت!

٣٧- ئەی مرۆڤایەتی؟

بۆ کورد مرۆڤ نییە، من نەم گوتوە ڕقم لە کەسە و کەسم خۆش ناوێ. من دەڵێم کەسم لە کورد خۆشتر ناوێت. تۆ منداڵەکەی خۆتت لە هەموو منداڵێ خۆشتر دەوێت، ئەمە مانای ئەوە نییە رقت لە منداڵە دراوسێکەت بێتەوە. تێم ناگەیەنن ناجۆری و تناقض چییە و کامەیە لەوەدا کە مرۆ نەتەوەکەی خۆی خۆش بوێت و مرۆڤ پەرستیش بێت؟ حیزب فێری کردوم کە (مرۆڤایەتیی کورد، کوردایەتییە) و هەرواشە و هەموو دنیاش هەروا بووە و وادەبێت. نازانم بۆ کەسی ئەم (اعتراض)ە سازدە ناکوتێ بە دەموچاوی رەسوڵی حەمزە تۆفدا کە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سوفیەتییەکانە و دەڵێ من هەموو دنیا لە چاوی داغستانەکەی خۆمەوە دەبینم؟! هاوبیران مەترسن، سڵ مەکەنەوە، خۆشەویستیی گەل شانازیە و ئەوەی لەو خۆشەویستی و شانازییە هەڵدەسڵەمێتەوە، یان عەیبێکی هەیە دەیەوێ داپۆشێ، یان بێ بنچك و بێ ڕیشاڵە!! ئەوەی نەتەوەکەی خۆی لە هەموو شتێ خۆشتر نەوێت (مسخ) و سیپاڵە.

٣٨- راتان بەرانبەر شۆرشی ئەیلوول؟

شۆرشی ئەیلوول، ویست وخواستی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەی کورد بووە، گەورەترین و باڵاترین شۆرشی سەردەم بووە و هەتا هەتایە وەکو لاپەڕەیەکی گەش و پر شانازی لە مێژووی کورد دا دەمێنێتەوە، ئەوەی لەمەودواش دەکرێت و بەدی دێت و بەجێ دەکات، لەسەر بناغە و سەر ئەستوری ئەو شۆرشە دەبێت، ئەم قسانەش هەروا رایەکی حەماسەت ئامێز و دەمارگیرانە نییە و داخەکەم مەودای ئەوە نییە وورد وورد دووی قسەکانم کەوم و بە ئیسپاتیان بگەیەنم، کە خۆیان لە خۆیاندا ئیسپاتیان گەرەك نییە، ئەگەر هەموو شێواوی و دەستی بێ ویژدانی و خۆ بەکەم گری و خۆشکانەوە و لاسارانە نەبووایە کە هۆش و هەستی خەڵکیان لە گرێژنە بردووە. سەیر لەوەدایە زۆر هەن پێیان وایە ئەگەر عەیب و خەوش لە شۆرشی ئەیلول نەدۆزن، ئیدی (شۆرشەکەی ئەوان) یان شۆرش بە گشتی رەنگ و روخساری نایێت، یان نەکەونە گیانی شۆرشگێرانی ئەیلول، ئیدی مەقام و سەرۆکایەتی ئەوان ناچەسپێ و بەد گومان دەبن لێی!

شۆڕشی ئەیلول هەڵقوڵاوی ناو ناخی جەماوەر و پێداویستەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە و هەموو ژیانی کورد بووە، ژیان بووە لە شوێن و کاتێکی دیاریدا بۆیە ڕەنگدانەوەی ئەو بوون و ژیانە بووە بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بە قەشەنگی و دزێوەیەوە، بە چاك وخراپییەوە بە پێشکەوتن و پاشکەوتنیەوە. دەتوانم بڵێم (نجلی)ی سەردەمێك و کۆمەڵێك بووە، شۆڕشی نێو کتێب و زیندەخەو نەبووە، بەهەموو (تناقضات)وە ڕسکاوە و هاتووە و بەردەوام بووە و بەو سەرئەنجامەی گەیشتووە!

٣٩- زۆر جاران لەم بارەیەوە پێمان دەڵێین، دەڵێی لە (مەلیك) مەلەکیترن! خاوەنی شۆڕشەکە خۆی بەو کوڵ و دڵەوە باسی شۆڕشەکە ناکات؟

کاکە کورد خاوەنی شۆڕشەکە بووە، کورد سووتەمەنی و کەرەسەی شۆڕش بووە. هەموو چین و توێژاڵ و بیرکەرەوە و دەستە دڵسۆز و شۆڕشگێرەکانی کورد بەشداری شۆڕشی بوون و هەر هەمووان پشکیان بە شۆڕشەوە بووە. راستە (بارزانی) رەحمەتی رۆڵی هەرە گرنگی هەبووە لە شۆڕشەکەدا و (پارتی) پێشڕەوایەتیی کردووە، بەڵام هەمووان دەزانین (بارزانی) ئەو ڕۆژە تجسیدی خواستی کورد بووە و لە حیزبێك گەورە تر بووە، ئەو رۆژە هی هەموو کورد بووە و حیزبایەتی لای ئەو گرنگێتی و ئهتمامی دەرەجە دووی بووە. بۆیە بۆتە سەرۆك، چۆن ئەو لە سەرۆك خێڵێکەوە تێهەڵکشاوە بۆ سەرۆکایەتیی حیزبێك، ئاواش لەو باڵاتر بوە و لەبەر یەك کشاوەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی هەموو کورد. وا نەبووایە هەر سەرۆك خێڵێك و مەلای کوێرە گوندێك دەبوو. ئەوەش بیەوێ لە بنەماڵەکەیدا یان حیزبێکدا (حصری) بکات و بیترنجێنێتە قاڵبێکەوە دوژمنایەتی (متقن)ی راستی دەکات. ئێمە ئەگەر بە شۆڕشی هەموو کورد خۆمانی نەزانین و واش نەبێت راستە بەڵام ئێمە پێمان وایە شۆڕشەکە لە تاك و ڕێکخراوێك باڵاتر و فراوانتر بووە و ئەوانەی وەفادارن بۆ گیانی شۆڕشگێرایەتی و خوێنی شەهیدان و بەردەوامی رەورەوەی شۆڕشی میللی، ئەوانەخاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕشەکەن، ئەوانەی خواستی نەتەوە کەیان رەنگ پێ دەدەنەوە لەبیر و هەڵوێست و ڕێبازیاندا، ئەوانە بەرۆگری ئەیلولی مەزنن. بەشی هەمووانیش دەکات و (حکر)ی کەسیش نییە. ئەوانەی چەوتیش بیر دەکەنەوە سێ دەستەن:

یەکەمیان – ئەوانەی روو زەردی لای مێژوون. بێ رووزەرد کردنی حەفتا هەزار شەهیدی کورد و تێبردنی شۆڕشی سێزدە ساڵی مێژوویی کورد، رەنگیان سوور نابێتەوە!

دووەمیان – ئەوانەی، بێ کەمبوونەوە و ریسواکردنی شۆڕشگێرانی ئەیلول مقام و سەرۆکایەتیی ئەوان ناچەسپێنێ و لێیان قەبوڵ ناکرێت!

سێیەمیان – ئەوانەن کە بەشدار و تاوانباری لایەنە هەرەدزێو و تاریکەکەی شۆڕشەکەن و نرخی رەش کردنەوە و دزێو کردنی هەموو لایەنەکانی دیکە رووی سەر مەسرەحی ئیمرۆیان سپی نابێتەوە، یان بە ڕەش دیار بێت. هەر سێ دەستەکەش لە روانگەی زاتی و بەرژەوەندیی گڵاوی خۆیانەوە هەقیانە چ بڵێن. بەڵام لە دیدگای راستی و زانستیی کوردەوە ئەو هەقەیان نییە. لێیان ناسەلمیندرێ. هەشن خەڵکی زۆردڵسۆز و بێ نیاز و بریندار و زەربە خواردوو کە لە داخی دڵیان، یان لەبەرکەوتنە تەوژمی گێرە شێوێنی و تەئسیری تیاری ئەو سێ دەستەیە بنێشتی ئەوان دەجوونەوە. ئەمانە ساویلکەیی و دڵسۆزییەکەیان پاساوی بەهەڵەچوویان دا دەدات.

٤٠- باسی لایەنی (دزێو) و (تاریك)ی شۆڕشەکەتان کرد. ئایا ئەمە عەیبداری ناکات و قسەی ئەوان بە راست ناگیرێ؟

نەخێر! ئێمە نەمان وتووە و نالێین شۆڕشی هەرە بێ خەوش و مەلائیکەتی. ئەوانەی وا بە هەر شۆڕشێکی ئەم جیهانە دەڵین، شایەرن و هێندەی ناحەزەکە لە ڕاستیەوە دوورن، ئەوانە قسەی ناو کتێب و ئارایش دراون. شۆڕشێکی سروشتی و خۆرسکی و ڕەسەنی قوڵایی دەروونی کۆمەڵێك تیشك دانەوەی لایەنی چاك و خراپی کۆمەڵەکە دەبێت تناقضات و کەموکورییەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. خۆی شۆڕش کارێکی ململانییە بۆ بەلادا خستنی ئەو تناقضات و ناتەواویانە. بەم پێیە هەر شۆڕشێك لە لانی تاریك و دزێو خاڵی نییە! خەڵکی بە پەرۆش و زانستی و دڵسۆز و کورد ئەوەیە، دڵسۆزانە و علمیانە تەعامول لەگەڵ راستیەکاندا بکات، لەم بارەیەوە ئێمە دەڵێین با (مراجعە) و بەسەرداچوونەوە و تێرامانی شۆڕشەکە بۆ دوو مەبەستی خزمەتگوزاریانە بێت:

یەکەمیان: خۆ هەڵبواردن لە هەڵەو ناتەواوییەکانی بەر لە خۆمان.

دووەمیان: قوول کردنەوەی و برەو پێدانی لایەنە ئیجابی و سەرکەوتو و رۆشنەکانیان.

پێویستە هەر بەسەردا چوونەوەیەکی، هەر تاقیکردنەوە و شۆڕشێك بە شۆڕشی ئەیلولیشەوە، بە نیازی ئەو دوو مەبەستەی سەرەوە بێت کە بۆ ئەمە، ئیدی چ گومان و جۆرێك لە باس کردنی هیچ کەموکورییەك پەیدا نابێت و ترسی لە خۆبایی بوونیش بە بەسەردا گوتنی لایەنە چاکەکانی نایەتە پێش. شۆڕشی ئەیلول تازە لە (زمە)ی مێژوودا بە راست تێروانی، سوودەکەی بۆ خۆمان دەبێت و چەوت کردنەوەش هەر لەسەر خۆمان دەکەوێت. ئێمە لەبەر خاتری راستی و رەوا و بۆ بەرژەوەندی و سوودی داهاتووی ئەم شینە دەکەین، ئەگینا لە (مەلیك) مەلەکیتر نین و نابین و پێویستیشمان نییە، لەوانەیە لە بارێکی نائاگایی واشدا سوودی تایبەتیی حیزبیشی تێدا نەبێت. بەڵام شەرەفی راستی و رەوا و ئیلتیزام لەسەرو هەموو شتێکەوە دەبینین. بۆیە ورێنە و پلاری شەوکویران، دەرگای وێرای گوتنی راستیمان لەسەر داناخات.

٤١- درشتترین باری سەرنج، یان هەڵەی شۆڕشی ئەیلوول چی بووە کە پێویستە دووبارە نەبێتەوە؟

بەلای منەوە شکستی شۆڕشەکە، یان گەورەترین ناتەواوی لەوەدا دەبینم، کە شۆڕش پێویستە قوتابخانەی پیاو بێت، سەرکردە و مرۆڤی شۆڕشگێر دروستکەر بێت، مرۆڤی شۆڕش دروست بکات، کەسی خاوەن هەڵوێست و باوەڕ بە خۆبوو بێنێتە بەرهەم، نەك مشەخۆر و چاولەدەست خڕکاتەوە و، ژمارە بخاتە پاڵ ژمارە. خەڵکی جلەو خۆش و خۆش ڕووە و بێ هەڵوێست و بێ شەخسیەت لە رۆژانی تەنگانە و ناسك و پێویستدا بە چۆك دا دێن و وەك بەفری ئاخەلێوەی زستان خۆ بە ئەرزەوە ناگرن. حیزب یان سەرکردە، یا پێشڕەو، چەندە بەژنەباڵا و بەرچاو و بە توانا و هەڵکەوتوو بێت، هەر پێویستی بە ((بدیل)) و چەندین ((بدیل)) هەیە. پێویستی بە کەسانی زیبك و تۆکمە و پتەو هەیە، توغیانی کەسایەتی رابەر بەسەر کەسایەتی دەوروبەردا مەترسی بۆ مەسیرەی شۆڕشگێری پێش دێنی و وەکو هەڕەمێك دەردەچێت، سەروبنی لەسەر لوتکەی وەستابێت کەمترین جووڵە و لاربوونەوەی لووتکەی بەپشتا دێنێت. دەبێ ئەو هەڕەمە لەسەر باری سروشتی خۆی بوەستێ و بڵندایەتی ترۆپکەکەی لەسەر بناغەی بەرین و تۆکمەی خوارتر و خوارتری وەستا بێت. هەموو مەوقعێکی لوتکەیەکی خوار لوتکەی خۆی بێت. کێشە و گرفت و نوقتەی زوعفی هەموو بزووتنەوە و شۆڕشێك لەمەوە هەڵقوڵاوە. لە هەموو شۆڕش و ڕێکخراو بزووتنەوەیەکی پەتریاکی و مەرکەزی زۆر خەست و تاکڕەوی دا پاشەکشێ و شکستی دوای رابەر ناوەڕۆك و مەبەست و ئامانجەکانی دەپوکێنێتەوە. گەورەترین خەسڵەت و بەرهەم و نیعمەتی دیموکراسی ئەوەیە ئەو

ڕێکخراو بزووتنەوە و شۆرشانە لەو راتڵەکاندن و رۆچوون ودانە پاشە بەدوور دەگرێت ئەگەر مەسیرەکەش بە هۆی نەمان و بەلاداکەوتنی رابەر ئەگەر خاویش بێتەوە ، بەڵام هەر بەردەوام دەبێت و زۆر نابات کە زەخمی پێشوی دەگرێتەوە. بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە ((مانگا مرد و دۆ پرا)) دەبێت. شۆرشی ئەیلوولیش گەورەترین ناتەواوی و ماکی هەموو کێشە و نەهامەتی و مەینەتیەکانی ئەو ((بێ پیاوییە)) بووە. ئەوانەی بوون، چەندە بەرچاو و بەژنەباڵا و دیار و – بە رواڵەت قەبە و گران بوون، تەنها داوڵ بوون و سێبەری رابەر، ئەشکەوت بوون دەوریان دەنگ دانەوەی پێشڕەو بووە! خۆیان چ نەبوون. دەریش کەوت و باجەکەش درا لە ئازاری ١٩٧٥ دا کە بارزانی ووتی: هەرنەماڵی خۆ! تاکە یەك کەس لەو تاوسانەی سەر مەیدانەکە نەی ووت: نەء!!! تاکە یەك کەس نەبوو بێ ((بارزانی)) شت بێت! تاکە یەك کەسێ ئەژنۆی نەبوو! تاکە یەك کەس یاخی نەبوو! تاکە یەك کەس نەبوو مل نەدات!!! ئینجا چ لزومە پاش نیشتنەوەی گەرداوەکە مەلەوانی ساختە شۆرت لەپێ کات و شۆرشگێرایەتی و فلآنایەتی و فیسارایەتیمان پێ بفرۆشێ. پریاری هەرەس پێهێنان و هەڕن، تا ئیمڕۆ گەورەترین تەلیسم و مەتەڵە! با بڵێین وا نەبوو، ئەدی خۆ سیحری لەم خەڵکە نەکرد بوو؟! دیار بوو کەس نەبوو ئەگەر ئەو پریارە دروست نەبوێت، ئەگەر ئەمە هەڵەی کوشندەی شۆرش بوو بێت، ئەگەر ئەمە هەرچی ناودەنێین وا بوو بێت، بۆ سەری گرت و رۆشت و چەسپا؟! یان هەر پریار و سەرئەنجام و چارەنووسێکی خراپ و خراپتریش هەر دەچەسپا، چونکە نەبوو بڵێ: نەء کەسی تۆکمە و ((بدیل)) و خاوەن کەسایەتی نەبوو. ئەوەی هەبوو مشەخۆر بوو. هەتا لەسەر مستەوای ڕێکخراوەکانیش بە ((کاژیك)) یشەوە، دیارە مەبەست لەو سەرانەیە کە دەیان توانی گەر داوڵ نەبوونایە و شت بوونایە و ببوونایە، نەیان هێشتایە سەرئەنجامەکە وا بشکێتەوە. ئەگینا دەیان هەزار پێشمەرگە و خەڵکی کورد بەگشتی چاوەچاوی سرتەیە، ورتەیە، دەنگێ، رەنگێ بوون، چاوەڕوانی ((مهدی المنتظر)) یْك بوون کە ئەصلا لە دایك نەبوو بوو بە درێژایی ئەو سێزدە ساڵە. ئەمە کەلێنی گەورەی شۆرش بووە. هۆی دیش زۆر زۆر لەوە زیاترن کە بدرێن بە ملی کەسێکدا ، یان بگێردرێتەوە بۆ تاکە هۆیەك. بۆ هێز هەیە بەر بەخۆر بگرێت، ئەگەر سپێدەی بەیان دەرکەوت، بەڵام کەسیش ناتوانێ لە نیوە شەودا هەڵی بێنێ! لەمەش پتر روون کردنەوە و درێژە پێدان سوود بەخش نابێت و پێشم وایە بەس بێت بۆ قووڵترین ئیشارەت بۆ ئەو نەهامەتی یە و نەهامەتیی تریش ئەگەر بنەبڕ نەکرابێت.

٤٢- وا دیارە ئەو ناتەواوییە هەر وەکو خۆی مابێتەوە چونکە دوا رستەی قسەکە و ئەو ((ئەگەر))ە خانەگومانە دروست دەکەن؟

نا هەر نەمانی واقعی تاکە حیزبی و تاك رابەریی بەسەر هەڵدان و هاتنە مەیدانی چەند دەستە و ڕێکخراوێکی جوێ جوێ و پەیدا بوونی چەند کەسانێك و گۆرانی بارەکە، ئەم ناتەواوی و خانەگومانەی نەهێشتووە، بەڵام مەرج نییە دروست و تەواو کونپر و بنەپڕی کرد بێت یان ئەصڵا ئەو کەرەسەیەی دروست کرد بێت. من لەم خاڵەدا خۆشبین دەبم، قەیناکە!! بەس دەمێنێتەوە ئەوەی کە ((بدیل))ی ئەو بارە یان چارەی ئەو ناتەواوییە ((گەڕە لاوژێ و ((هەرکەس بۆ خۆی)) و ((گەندە پیاو دروست بوون)) نییە! خۆ هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزاغا نییە!؟ ئەگەر لەمەش گەرێم، کە ووتم پێویستە لە پێداچوونەوەی هەر تاقکردنەوەیەکدا بە نیاز و مەبەستی خۆهەڵبواردن لە ناتەواوی و کەموکوریەکانی و قووڵ کردنەوەی لایەنە رۆشن و ئیجابییەکاندا ئێمە کونێ بگرین و حەفتا کون بەڕەڵاکەین! ئەوە دامان نا، کونی گەورەترین ناتەواویمان پەستا، بەس مەرج ئەوەیە دەلاقەی دیکە دروست نەکەین! من بەش بە حاڵی خۆم لە زۆر رووەوە پاشەکشێ و ڕۆچوون دەبینم لە چاو ئەیلولدا. وەك ئەوەی باری یەکێتی و یەکبوون و پتەویی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی زۆر نشوستی هێناوە و رۆ چووە. لە باری

کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییە گەندەڵ و کۆنەپەرست و دواکەوتووەکانی کۆمەڵایەتی، وەکو خۆی ماوەتەوە و لە زۆر رووەوە دواکەوتوو تر بووە. ئاغایەتی و بەگایەتی و کوێخایەتی و بنەماڵەیی و هەتا مەحسوبیەتیش کە هەندێکیان لە تەوژمی ئەیلوولدا خنکاو و بێ گیان بوو بوون، ئیمرۆ زیندووکراونەتەوە. لەبەر (ئاغا و بەگ و کوێخا)ی تقدمی!! رێ بەر ناکەوێ!! سەرباری پێ دزکە پێ کردنی هەموو جۆر و شێوە هەرە دزێوەکانی بێ ئەخلاقیی سیاسی بۆ ناو ممارسە و پەیوەندیی سەر ساحەکە!!. بۆیە دەبێ مرۆ شتەکان وردکاتەوە و هاشە و هوشە و قرمەی ((دیعایە)) و گازندە و بانگاشە، چاوی بەسەر واقعەکەدا پێ تەتەڵە نەکات. جا کە واقعی تاکرەوی، تاکە حیزبی، دیکتاتۆریەت و چی ناو دەنێی نەماوە، بەڵام لە شوێنیدا سەد قوزەڵقورتی تر شین بۆتەوە. تۆ سەرنج بدە جاران لە گوندێکدا یان ناوچەیەکدا (ئاغا) یەك خەڵکەکەی دەچەوسانەوە، ئێستاش هەر ئەو ئاغایە، یان بەچکە شێخێك یان کادرێك و عەریفێکی ((متبرجز)) بێ، روحمانە تر دەی چەوسێننەوە ئینجا ((مختار))، پاشان ((سەرۆك جاش))ێك بەولاترەوە ((منزەمەی بەعس)) هەڵکشێ بۆ دائیرەی ئەمن، بەو لاترەوە ((جمعیەی فلاحی)) و ((نقابە)) والحاصل لە دەست شێرێك بەر دەبێت و دەمی گورگێ دەی قۆزێتەوە و لەو قوتاری بێت، سەگێ لاقی دەگرێت و لە میشیان رزگاری بوو پشیلە یەك پێی دەوەرێ نەك بۆی بمیاوێنێ!! دەسەد خۆزگەی بە ((ئاغا)) سمێڵ سوورەکەی جارانی!! ئەمە بەراورد بکە و ((اعتراضات))ی بێ سەر و پێی سەر شۆرشی ئەیلوولیش بەرە بەر سەرنجی ورد و بە واقعەکەی بگرە تا بزانیت هاواری هەمانەی بۆشمان نییە و مشتەکەی کۆڵەی کوتاوین!

٤٣- ئەم بێ پەروایی و سەراحەتەی بەرێزتان و حیزبمان دەردی عەرەب دەڵێ ((نشر غسیل الوسخ)) نایێت و زیان نادات؟

دیزە بەدەرخۆنە کاری ئەوانەیە کە دەیانەوێ کڕبن بەسەر واقعێکیی بۆگەنەوە، سوودی ئەوانەی تێدایە کە لەو زەلکاوەدا مەلە دەکەن و بە قازانجی ئەوانە تەواو دەبێت کە ئەو بارەیان پێش هێناوە، ئەگەر بە لێفە پێدادان و شاردنەوە و خۆ گێل کردن و ئەو واقعانە چاك دەبێت، ئێمە ئامادەین نەك بن لێفەیان دەین، بەڵکو پێشیان هەڵ دەڵێین. فایدەی چییە لە بری دەرمان تلیاك بدەینە نەخۆش؟ مارکس چ دوژمنایەتی لەگەڵ خوادا نەبووە، بەڵام لە باری سەرنجی خۆیەوە پێی وا بووە خەڵکەکەی پێ دەخافلێندرێ و بە وەعدەی ئەو دنیا، ئەمە یانی لە دەست دەکەنەوە. ساکارترین و سەرەتاترین خەسڵەتی شۆرشگێر ،قاو لێ کردنی چەوتی و ناراستی و ووتنی راستییە، ئەگەر لەسەر خۆشی داناوە. ئێمە ((ئازایەتیی ئەدەبی))مان بە مەرجی ئەندامیەتی حیزب داناوە. ئەمەش هەردەم هۆی پێشکەوتن و گەشەمان دەبێت و زانمی دڵسۆزی و بەردەوامیی خزمەتمان دەبێت. ئەوەمان لێبێتەوە دەبینە ژمارەیەکی ئاسایی سەر ژمارەکانی تری رێکخراوەکانی دیکە و لە ((پاسۆك))ایەتی دەکەوین. نەخۆش تا دەردی دەس نیشان نەکرێت، چارەسەری چی دەکرێت!؟ خۆ نوشتە و دوعا و حەت حەتۆکەی حەو دەرمانەمان نییە کە کەڵکی هەموو دەرد و دویەك بگرێت!؟ پاشان ((نعامە)) کە سەربەژێر لمەوە دەکات و پاشووی بە دەرەوەیە، کێ هەڵ دەخەڵەتێنێ و دەخڵافێنێ لە خۆی بەولاوە؟ کاتێ دەزانێ ڕاوکەرەکە زرمەی لە گازەرەی پشتی هەڵساندوە. چ هەیە بڵێین ئاشکرای کەن، دەری خەن، قاوی لێ بدەن بانگ هەڵ بەن. ئەوەی دۆستە و دڵسۆزە و پیاوچاکە با بە ئاگابێتەوە و خۆی چاکا، ئەمە بە پەرۆشەوەبوونە. ئەوەش ناپاکە و پەپکەی کردوە، با رسوا بێت و دەمامکی لەسەر لاکەوێت. ئەو ناتەواوی و کەموکوریانەی هەن، دوژمنان و داگیرکەران و ناحەزان نەك هەر درکی پێ دەکەن و چاکی دەزانن، چونکە زۆربەیان دەستکرد و دەستچێی خۆیانە. بەڵکو رۆژ بە رۆژ قوڵتریشی دەکەنەوە و ((توضیف))یشی دەکەن بۆ مەبەستی گڵاوی خۆیان. ئەوانن کە پەردە و لێفە و جاجمی بەسەردا دەکێشن تا کەس بە ئاگا نەیەتەوە و

نەخۆشی و ناتەواوییەکان سیرایەت بکێشێ و ((مزمن)) بێت و پاشان چاری نەکرێت. ئەوەی لە وتنی راستی قەڵس دەبێت یان زیان دێنێ، کەسانی ناپاك و نادڵسۆزن. هەر بۆ ئەو قەڵس بوون و زیانە چاکن. مەسەلەش رەخنەی دروستکەر و هەردەم ((بدیل))مان داوە و رێوشوێنی چارەسەرمان دەست نیشان کردووە. زۆر جارانیش خۆشمان خستووە، هەر چ نەبێ بۆ دروستکردنی گیانی ((باوەڕ بە یەك بوون)) و ((حسن الظن)).

٤٤- بۆ کاژیك بووە (پاسۆك)؟

ئەم پرسیارە بەو سیفەتە هەڵەیە، یان ئەگەر وەکو دەڵێین هەموو پرسیارێك دەشێ بکرێت و سیفەی هەڵە نییە وەڵامەکەی ئەوەیە کە ((کاژیك)) نەبۆتە (پاسۆك). دیارە، مەبەستەکەت ئەوە نییە و ئەو وەڵامەش رووت ناشکێنێ. لەوانەیە بوترێت بۆ ((کاژیك)) گۆڕا بۆ (پاسۆك)؟ هەندێ لە مەبەستەکەی تۆوە نێزیك بێت و لە واقعەکەش نێزیك ترە. ئەگەر ئەم پرسیارەت بۆ ئەو مەبەستە کردووە، وەڵامم هەیە. ئەگینا خۆت پرسیارەکە بکەرەوە.

٤٥- بەڵێ، هەر ئەوەشم مەبەستە.

چاکە! بەس نەبێتە ((المعنی فی قلب الشاعر!)) یان پرسیارێکت بەسەردا بسەپێنم.

کاژیك ئەو رێکخراوە نەتەوەییە بوو کە لە سەرەتای شەستەکاندا – کەم تا کورتێ – تەعبیری لە بیری نەتەوایەتیی کورد دەکرد. یان چاترە بڵێین چوار چێوەی کوردایەتی بوو.

بۆ یەکەم جار پاش دووەم جەنگی جیهانی کاژیك بوو کە بە ئاشکرا و گردەبڕ داوا رەوا و ئامانجە ستراتیژییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی – بێ هیچ ترس و شەرم و لادان وخۆدان بە دەستنەوەیەك – بڵند کردبۆوە. پێش کاژیك جێ چۆڵی و بەتاڵاییەکی فیکری لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردی دا هەستی پێ دەکرا. کە هەندێ جار لە شێوەی ململانێیەکدا یان باڵ و ((تکتل))ێك لە ((پارتی دیموکراتی کوردستان))دا سەری هەڵ دەدا. دیارە باری ئەو رۆژەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی و نەگەیشتن و سازنەبوونی زەمینە ((فرز)) و جیابوونەوەی بیرە تێك ئاڵاوەکان رێگەی نەدەدا کە ئەو ململانێیە بەلادا بکەوێت یان ئەو جێ چۆڵی و بۆشاییە پڕ بێتەوە. کە پاش گەلاوێژی ١٩٨٥ لە کوردستانی باشووردا ئەو بار و هەلومەرجە رەخسا. بەڵام ململانێکەی نێو (پارتی) لە هیچ بەرێکدا سانا پێ نەبووە، بەڵکو وەزعێکی ((توفیق)ی و نێوەراست رەوێکی نەمەیوو هاتە پێش، لێرەدا چ مەودای ئەوە نەما کە رێکخراوێکی نەتەوەیی سەرتاسەری نەرسکێ، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٩وە کۆمەڵێ رۆشنبیر و کۆنە سیاسی کە سەریان نابوو بە یەکەوە بڕیاری دروست کردنی رێکخراوێکی وایان دا و کەوتنە ئەوەی بەرنامە و پرۆگرامی بۆ دانێن و بێنە مەیدان و گۆڕەپانی سیاسەتی کوردییەوە. کە لە ساڵی ١٩٦٠ دا رێکخراوەکە کەوتە چالاکی، بەڵام کۆمەڵێ هۆی خودی و بابەتی بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو رێکخراوە نەتوانێ ئەوەی لێ چاوەروان دەکرا و دەشیا و دەبوو وابێت و ئەو بەرنامە و ئەرکەی دیاری کرابوو و دەبووایە دەست بەکاربن بۆی، سەدەیەکیش نەیەتەدی و جێ بەجێ نەکرێت نەك تەنها وەکو پارتێکی سەرتاسەری نەیتوانی رێکخستن و بوونی خۆی لە بەر یەك بکێشێتەوە و لە واقعی ناوچەگەرێتی و دابەشی کوردستاندا تێپەڕێ وەکو دەوترێ لەقەفەزی شاری سلێمانی خۆی پێ قوتار نەکرا و لە قلیاسان بەولاوە هەنگاوی نەناوە. من قسەم لەوە نییە یەکێ دووان پەڕیونەتەوە ئەم شاری کوردستان یان ئەویان، یا بۆ دەرمان لەم پارچەیە و ئەوی دیان کەسی دوانی کاژیك هەبوون!! بوونی هەر پارتێك بە چەندایەتی و چۆنایەتی تەئسیری لەسەر رووداوەکان دەپێورێ و حسێب دەکرێت. زەمانی بانگ لە کولەکەدان

و خەیاڵی شاعیرانە و نەخشەی سەر کاغەز دەمێکە لە عالەمدا گۆڕی گوم بووە. هۆی خودی و ناخودییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ:-

١/ نەبوونی سەرکردایەتییەکی خۆتەرخانکەر و (متفرغ) بۆ کاری سیاسی و ڕاپەڕاندن و بەدووکەوتنی هەنگاو و هەڵوێست و چالاکییە سیاسی و ڕێکخستنییەکان. کە هۆی هەرە گەورەی دوورکەوتنەوە و داپڕانی کاژێك بووە لە ئەرك و پێویستیەکانی. ڕێم هەیە بڵێم کاژێك بێ سەر لە دایك بووە، یان لەگەڵ بوونیدا سەری پەڕیوە و لە لاشەی داپڕاوە! من پێم وایە هەر زوو بە زوو ئەم نەخۆشییەی کاژێك فرزەی لێ دەبڕێ و لە ناوی دەبرد. کاژێك دەپووکایەوە، ئەگەر ئەو تێکەڵاوبوونەی ڕێکخراوێك بە ناوی ((پارتی گەلی کورد)) لە چەند کەسانێکی بێ فکر و لاواز لە رووی بیر و ئایدۆلۆژیەت و بەهیمەت و بزێو لە رووی عەمەلی و کارەوە تێکەڵاوی، کاژێك بوون، ئەمە هەندێ گوو و ((زخم))ی دانێ. بە کورتییەکەی رۆحێکی بەبەردا کردنەوە، بەڵام رۆحێك کە سەد جاران مەرگ لەو چاترە. چونکە لە هەندێ روو و لایەنەوە، هەندێ کار و چالاکییان زیانی گەیاندووە بە بیری نەتەوەایەتی و (انطباع)ێکی خراپی سیاسی جێ هێشتووە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ((کاژێك)) بەو شەپڵەلێدراوی و نیوە گیان و کەموکورییەشیەوە هەمیشە لە سەنگەری کوردایەتی و لە ریزەکانی پێشڕەوی خەباتی رەوای گەلە کەماندا بووە. لاپەرەیەکی تاوانی میللی بەرانبەر کورد رەش نەکردۆتەوە و هەتا یەك ((پیت))یشی لەم رووەوە تۆمار نەکردوون. ئەوەی کردوویەتی و هەموو کەموکوری و ناتەواوییەکانی وەکو حیزب زیانی بۆ خودی خۆی بووە. خۆی پاش کەوتووە و رۆچووە و داوێتیە باریکی و بنبۆشی و پووکاندنەوە. دەیان هەلی زێرین و زۆر لەباری لەدەست چووە.

٢/ کۆمەڵێ بۆچوون و لادانی فیکری، کە ئەم لایەنەمان ((رد الفعل))ی رووداوەکانی ئەو لەوانەیە لە رووی عملییەوە هەندێ پاساو و پۆزش هەبێت، بەڵام لە رووی فیکری و فەلسەفی و زانستییەوە ئەو بیانووانە قەبوڵ نییە، بۆیە نموونەی مەسەلەی ((ئەنتی مارکسیزمی)) زیانی زۆری لە کاژێك داوە، کە ئەمە گوایە ((رد الفعل))ی مارکسییە کوردەکان بووە! بەلای منەوە ئەم جۆرە ((رد الفعل))انە لە کورت بینی و بەرچاو لێڵی و سەرەوایی و ساکاری و قووڵ نەبوونەوە پەیدا دەبن و سەرهەڵ دەدەن. تێکەڵ کردنی بیر و فەلسەفە و رێبازی هەر بیر و ڕێکخراوێك و بەندکردن و گرێدانی بەکار و رەفتاری هەڵگرانی بیرێکی دیکەوە دەیخاتە خانەی ((سلبیەت)). فەرموو ئێستا پاسۆك مارکسی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ((ئەنتی مارکسی))یش نییە. ئێمە هەقمان نییە بەسەر ئەم بیر و ئەو فەلسەفەیەوە کە هەڵگرانی چ دەکەن و یان هەتا اصلا بیرەکانیش لە رووی تیئورییەوە چ دەڵێن، ئێمە ئەوەی پێمانە و باوەڕمانە دەیڵێین. جا لەوانەیە لە زۆر روو و جەمسەرەوە لەگەڵ ئەم یان ئەوەدا یەك بگرێتەوە و لە هەندێ رووشەوە بەرەنگار و هەڵبەزێتەوە یان مەسەلەی دوژمنایەتی کردنی ئەو گەلانەی کوردیان پێوە بەستراوە کە ئەمە لە رووی ((تەکتیك))ی و سیاسیشەوە هەڵەی خۆکوژە و خۆوە تاق خستنەوەیە. چ جای کە لە رووی فکری و فەلسەفی و عملی و زانستییەوە ناراست و چەوتە. من خۆم لە بڵاوکراوەیەکدا دیتومە و نووسراوە ((عەرەبی تات))! جا ئەمە بە هەموو مەزهەبان گێلیەتیی سیاسی و لادانی فیکری و چەوتێتیی فەلسەفی و بێ هۆشی عەمەلی و کورت بینیی زانستییە. ئەمە خۆکردنە ((دیزە))یەکە ئاکامەکەی تۆپینی خۆی و زیانی خاوەنەکەیەتی. ئەمانە و هەندێ شتی دیکە کە دور و نامۆن لە بیرو باوەڕی کوردایەتی رەسەن و تەنها هەڵچون و هەوا و هەوەسی زاتی و هەتا نەخۆشیشە. هەر ئەم ناتەواویانە بووە کە لایەن و رووە هەرە گەش و پیرۆز و زانستییەکانی ((کاژێك))ی وەکو بیریش داپۆشیوە و رەشیش کردۆتەوە. بەمە فرسەتێکی بەلاشی داوەتە دەست ناحەزان و دوژمنانی ئەو بیرە و خزمەتێکی خۆرایی ناحەز و داوڵە سیاسییەکانی تری کردوە، کە خۆیان هەزار و یەك کون و کەلەبەر و ناتەواوییان بووە.

پرندەترین چەك بووە دراوەتە دەست دوژمنانی بۆ شەڕپێ کردنی و بەربەرەکانی، کە زۆر دەرگا و مەیدان و بواری لەسەر داخستوون و لەو قاقلە جنۆکە و قەپیلکە تەسکەی ترنجاندون.

هۆ دەرەکییەکانیش بە کورتی دەگەڕێتەوە بۆ:

١/ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و هاتنە سەر مەسرەحی سیاسی کەسانێك بە ساختە ((کوردایەتی)) یان دەکرد و بە ملیاندا کەوتبوون. هەروەها ئەو ((محاربە)) و دوژمنایەتییەی کاژیك کە لە لایەن هەندێ لە لێپرسراوانی شۆڕشەوە دەکرا و تا گەیشتبووە رادەی ئەوەی لە ڕیزەکانی لەشکری شۆڕشگێری کوردستانیشدا محارەبە بکرێن. تازە شۆڕشگێر و تاوسەکانی سەر مەسرەحی کوردالیەتی، بە هۆی شۆڕشەوە هەموو ناتەواوییە شەخصییەکانیشیان شیو دراوە و بە چاکە و باشەش بۆیان شکاوەتەوە. سیاسی و فیکری و بەمە بوونی ((کاژیك)) هەندێ ((مبرر))ی کەمتر بوو بووەوە. خۆ ئەگەر ئەو هۆ خودییانەی باسم کردن نەبوونایە ئەوسا بەو شێوەیە ئەو ((مبرر))ی بوونەی لاواز نەدەبوو و دەیان توانی لە رووی فیکریەوە ساحەکە یان لە بن دەست دەربێنن، چونکە شۆڕش خواست و پرِوای، ئەوان بوو نەك خاوەنە ساختە و بەملداکەوتوەکانی. دەردی دەڵێین ((ماڵ لە خۆیدا نەبوو، میوانیش رووی تێ کرد)) ئەگەر باری ساڵی ١٩٥٩، ١٩٦٠، ١٩٦١ بمایە و ئەو هۆ زاتیانە. چارەربکرانایە. کاژیك ئەو رۆژە، خواست ویژدانی کورد دەبوو.

٢/ بوونی ((بارزانی)) رەحمەتی –لەو رۆژەدا– و پاشان لە سەرتاسەری شۆڕشدا تا ساڵی ١٩٧٥، وەکو رابەرێکی میللی مجسدی بزووتنەوەی کوردایەتی. کە لەبەر چاوی دۆست و دوژمندا بە هۆی رابردوو و ئەوسای خەباتی شۆڕشگێرایەتی و سیاسی قورسایی ورەمزی بزوتنەوەکە بووە دیارە دەوری ((تاك)) یش لە کۆمەڵگای وەکو کوردا چەند جار و تا بەرامبەر دەور و قورسایی بیرو فەلسەفەیە. بۆیە رەنگ و شەوقی کوردایەتی بەوەوە بوو، جەماوەرەکە رابەرێکی دەناسی لەگەڵ کێدا بووایە تا پۆی کوردایەتی – لەبەرچاوی جەماوەر –لای ئەو دەبوو. هەر بۆیەش بووە ((پارت))ەکانی ئەو رۆژە لە خۆشی و خۆشەویستیی ((بارزانی)) نا بەڵکو لەبەر ناو و ناوبانگەکەی و یان خۆیان وتەنی –بۆ ئیستغلال کردنی– لەگەڵ ئەو پەڕ و ئەم پەڕی جیاوازی و لێك نەچوونی هەڵکەوت و فیکر و بیرکردنەوە و رەفتاری لەگەڵیاندا، هەر پێوەی نوسابوون و لێی نەدەبوونەوە کە پاشان ((تناقضات))ەکە گەیشتە شوێنێ، یان ئەوانە پێ یان وا بوو خۆیان لە سێبەر و سایەی بارزانی – بۆ راستی ئەم بۆچوونە– ئەو کاتە و دواتریش دەربخست کە ((مجسمە))یەکی ئەوەندە گەورە و لەبەر چاوە کەوا هەروا بە سانایی و بەقسەی ناو کتێب ناپوکێتەوە، دیارە هۆی تریش زۆرن. بەڵام ئەمانە دیاری ترین هۆکانی خودی و دەرەکی، زاتی و مەوزوعی ئەو پێنەگەیشتنی و پووکانەوەیەی کاژیك بوون. کاژیك تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ هەروا بە شەپڵەلێدراوی مایەوە تا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کۆمەڵێ کادر گوڕێکیان دایە، بەڵام تازە کار لەوەدا نەمابوو کە بتوانرێ ئەو (درەنگە بە زووە) دا رابگات، هەرچەندە ئەگەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول تەنها ساڵێك دوا بکەوتایە، یان ئەو کادرانە کەمێ پتر هێمن و بەتەجرەبە بوونایە، یان لەو گۆڕانە ساڵێ دووان پێش ئەو رۆژە رووی بدایە نەك تەنها سەر ئەنجامی کاژیك، بەڵکو شۆڕش و بزووتنەوەکەش بە بارێکی تردا وەردەچەرخا. بە دڵنیاییەوە دەڵێم مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی رێچکەیەکی زۆر پێشکەوتوو و رۆشنتری دەگرت، بەڵام چمان بە ئەگەرەوە داوە. کورد وتوویەتی (ئەگەرمان چاند و نەڕوا).

کە هەرەسی شۆڕشیش هات وەك چۆن هەموو شتێکی رادا، ئاواش ((کاژیك)ی راماڵی. بەمە مەسەلەکە بەلادا کەوت و ((حسم)) بوو. چونکە هەروا سانا نەبوو لە پاشخان و داروبەردی کاژیك رزگارمان بێت. دەبووایە کارێکی زۆر بکرایە تا لەو گەندە و کەموکورییانەی ناوەوە و

دەرەوەی لەو ((انطباع)) و هەستە شێواوانەی –کە زۆربەیان وا نەبوون- لەو تۆمەت و گازندانەی دوژمنانی –لە مشەوەشی و نەزانی و فرسەتی بەلاش دانە دەست دوژمن خۆی- بە حیزبمانەوە نوساندبوو، لە هەندێ مشەخۆر و پورتکاو و بێ کەڵك، لە شێواز و هەڵکەوتی کیسەڵی و بەتریاکی، رزگار بووایە و پاك بووایەتەوە. بەکورتییەکەی پێویستی بیناکردنەوەی سەر لەبەری هەبوو کە هەرەسی شۆرشی ئەیلوول و هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێی سەرجەمی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشووردا ئەو هەلەی ڕەخساند کە بە یەك هەنگاو و بەیەك جار لە هەموو لایەنی سلبی خۆ رزگار کەین. هەر ئەو گۆرانە بەو قووڵی و گردەپڕییەوە و لەو بار و هەلومەرجەدا بەو کوتوپڕییەی –پاش شەش مانگان لە هەرەسەکە ئەوە دەردەخات کە ناوك و بنە تۆی ئەو گۆرانە لە ویژدانی هاوبیرانی بەرچاو روون و دڵسۆز و پێشکەوتوی، کاژیکی و کەسانی دیکەی نەتەوەییشدا هەبووە. نیەت و خواست و خوازی گۆران و خۆنوێکردنەوە لە ناخنەوە هەبووە. بۆیە دوای هەرەس، هاوبیرانی ((پاسۆك)) لەوە بیریان کردەوە خۆگردکردنەوە و جارێکی دیکە بێنەوە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و شۆرشگێری، بەر لە هەموو شتێ ئەم گۆران و نوێکردنەوە بەر چاو گیرابوو. ئەم گۆرانەش بە ((ئسولی ترین و یاسایی ترین)) شێوە و رێگەی گونجاوی هاتە دی. بۆ ئەم مەبەستە گشت برسی زۆربەی هەرە زۆری هاوبیران کرا و سێ مانگان تەرخان بوو بۆ زەمینە خۆش کردن و باوەڕ پێ هێنان و باوەڕ پەیدا کردن لە لایەن سەرجەمی ئەو هاوبیرانەی شەرەفی ئەو نوێکردنەوەیان بووە. ئەوەندەی لە بیرم بێت تەنها یەك هاوبیر کەمە ((تحفظ)) ێکی هەبوو، ئەویش تەنها لە گۆرینی ناوی حیزب و بەس. بەڵگەکەش رێتێچوو و بەجێ بوو، کە پێی وابوو لە بارێکی وا سەخت و دژواردا مەسەلەی گۆرینی ناو، هەروا بە ئاسانی لە لایەن جەماوەرەوە ((استعاب)) ناکرێت ئەگەر گومانیش پەیدا نەکات!! یان چەسپاندتی ناو و ناوبانگ و شۆرەتی حیزب –بە ناوی تازەیەوە– کارێکی زۆر و وزەیەکی تەواوی دەوێ. کە تا رادەیەك بەڵگەکەی بەجێ بوو بەڵام لەوە بەجێ تر و پێویست تر گۆرینەکە بوو. چونکە ئەگەر تەنها لافیتە گۆرین بوایە راست بوو! بەڵام نوێ بوونەوە بوو بینای تازە و هەڵگێرانەوە و پێداچوونەوە و راستکردنەوە و خستنە سەر و داشکان و گونجاندنی ناوەڕۆك و شێواز، بیر و رێباز، هەڵوێست و چەشمەنداز بوو. گۆرینێکی بنەڕەتی و نوێکردنەوەیەکی قووڵ و ئەساسی بووە. بۆیە لە یەکەم کۆنفرانسی حیزب دا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا پریاری یەکجاری و بەکۆمەڵ لەسەر نوێ بوونەوەی حیزب درا و بە ناوی ((پارتی سۆشیالیستی نەتەوەیی کورد)) لەسەر بەرنامە و رێبازێکی نوێ کەوتینەوە چالاکی، تا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٦ کە هەموو لایەن و جەمسەرەکانی ئەو گۆرانە چەسپا و پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ و بەرنامەی ((بەرەی کوردستان))ی و رێباز و هەڵوێست و سەرەتا بنەرەتییەکانی حیزب بریاری لەسەر درا و شێوە و قاڵبی دەستووری گرت و ناوی حیزبیش بە یەکجاری بووە ((پارتی سۆشیالیستی کورد)) کە کورت کراوەکەی ((پاسۆك))ە و لەو رۆژەوە هەموو هەنگاوەکانی حیزب بەرە و تەرجەمەکردنی ئەو بیر و سیاسەت و ڕێباز و هەڵوێستانە هەنگاو هەڵ دێنن. کە شا سەرەتا و گەورەترین بنەمای گیان و زیندوویەتیی حیزب لە باوەڕی چەسپاو و نەگۆڕ بەخۆ نوێکردنەوەی هەمیشەیی و بەردەوامە کە تاکە زامنی هەمیشە گەشە و فراژبوون و بەردەوامی حیزبمانە.

٤٦- لە ئاستی گومانێکدا کە بێتە پێش کە ئەو گۆران و خۆنوێکردنەوەیە ئەگەر لانی ((زاتی)) باوەر پێ بوونی تێدا بێت، خاڵی نییە لە تین و تاو و فشاری زروفەکەی ئەو رۆژە،کە زیاتر ئەم گومانە لە ناوی حیزبەوە کە ((پارتی سۆشیالیستی کورد))ە و لە (سۆشیالیست)ەکەیەوە هەڵدەستێ، چونکە باری پاش هەرەس باو و مودێلێکی خۆ ((سوورکردن))! و ناوی قەبە و بەخۆوەنان بووە؟ لەم بارەیەوە چ دەفەرموون؟

ئەگەر ئەم گومانە لە هەست و نەستی خۆتەوە سەری هەڵدایێت کە شتێکی رەوایە و با ئێمە دەرگای هیچ شتێکمان لە سەر کەس دانەخستبێ، بەڵام دیسانەوە پێشنیاز دەکەم کە جارێکی دیکە بە (دەورێکی دیکەی کادران) دا تێپەریتەوە. هاوبیر – گەورەترین نیعمەتی کە لەم قوتابخانە پیرۆزە دەستم کەوتبێ سەرباری سەدان نیعمەتی دیکە بە ((تواضع))ی شۆڕشگێرانەوە (ئازایەتیی ئەدەبی)یە بۆیە پێش نیازەکەی بەڕێزتانم قەبووڵە، بەڵام من زۆربەی ئەو پرسیارانەی دەیکەم بۆ زێدە رۆشنکردنەوەی لایەنە هەرەگەش و بە پێزەکانی بیروباوەڕ و ڕێبازی حیزبمانە. من دەزانم حیزب فێری کردووم و وەك ژیانیش تێیدا ژیاوم، حیزبی ئێمە لەو حیزبە کلاسیکی و ژمارە سەر ژمارانەی باو نیە. شتێکی نوێ دینامیکی ((متفرد)) و بێ نموونە لە بازاری نەگۆڕاو و چەق بەستوو و دەق بەستوا ندا هەروا ئاسان نییە ئەودیوی زیندوویەتی و نوێیایەتی و ((تفرد))ی بدیترێ، بۆیە پرسیارەکەم کردەوە، وا بێ چاکە!. منیش هەقمە، چونکە یەکەمین پرسیارتان ئەوەیە (عەلی) کێیە؟!

چ کارتان بە (علی) یەوە داوە؟ (علی) بێ پاسۆك سفرە و ئەوە بزانن و بەسە.

دێمە سەر پرسیارەکەت و دەڵێم:

ئێمە لە سەرەتاوە بە توندی هەستمان بەوە کردووە کە نەك لە کۆمەڵگەی کوردەواری، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیاشدا زۆر جاران سیاسەت و حیزبایەتی ((احتراف)) بۆتە پیشە و سەرچاوەی رزق و رۆژوو. هەر سەدان تێکەوتن و لێکترترازن و لێکهەڵبەزینەوە و کێشە و گرفتی زۆربەی حیزبەکان لەم سەرچاوەیەوە سەری هەڵداوە تا بۆتە مەتەڵ. سەیرکە و سەرنج بدە هەمووو کێشە و گرفت و شەڕی برا کوژی و سەنگەر بەندی ئەو چەند ساڵەی دوایی باڵەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر چی بوو؟ چ دەکەیت بۆت ناچێتە سەر یەك تۆ بە خەیاڵ کابرایەکی ئەروپایی بێنە باری نەتەوەی کورد، دوژمنەکانی، داوا و داخوازییەکانی بزووتنەوەکە، بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکان، رێباز و شێوازی خەباتیانی بخەرە بەردەم، حەتمەن سەری دەسوڕمێ کە ئەدی بۆ نابنە یەك؟! ئەم پتکە و دۆڵ بەشیە بۆ؟! پێی بڵێ: لە بێ خەبەران کەشکەك سلاوات! کوڕە ئەوەی دەستدارە، دە پیا و بێ و تەماشای بکات!! کەس ژیان بە کەسی دیکە ڕەوا نابینێ و راوە یەکترییە؟ هەرگیز ناتوانی قەناعەتی پێبکەیت و لەوانەشە پێی وابێت گەپجاڕی پێدەکەیت! بەڵام کە پەلت گرت و هێناتە کوردستان و دۆسیە و فایلی سەرەکانی بزووتنەوەکەت خستە پێش و دکتۆرێکی نەفسییش چەند ((جلسە))یەکی بۆ گرتن، تێدەگات گەپ جاڕ نییە و شێت خانەش نا!! دەزانێ مەسەلەی پێشکەوتوو و پاشکەوتوو، راست وچەپ، داد و نارەوایەتی، خیانەت و شۆڕشگێری، نییە. مەسەلەکە دوژمنایەتیی عەشائری و کۆنە قینی و مەقام تەڵەبی و شەڕە کورسی و شەڕە (ڕابەرایەتی)یە وبەس. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان بێ منەت بووین لەو شتانەدا. چاومان لەوە تەبووە چ بڵێین و چ بکەین، دڵی چەند رادەگرین و چەند بەلای خۆماندا دەکێشین، مزاجی پرتەقاڵی فڵانە ئەفەندی چ هەڵدەگرێت و جارێکی سست و شێواوە چۆن ئیستغلال دەکرێت یان هونەری جەماوەر فریودان و گەمە بە هەست و نەستی چۆن دەبێت، ئێمە ویستومانە و دەمانەوێ خوا لێمان نەگۆڕێ و خۆمان بە ((پاسۆك))ی بێڵێتەوە، ئەوەی باوەڕمان پێیە و بەراست و بەرژەوەندیی نەتەوەکە و جووتبووی راستی و زانستی دەزانین، ئەوە دەڵێن و دەکەین. ئێمە دەمانەوێ تیشکدانەوەی خواست ویستی جەماوەر بین. دەمانەوێ رەنگ بە بیر و هەستی زەحمەتکێشانی کورد بدەینەوە و شایەتیی مێژووی کورد بین. بۆیە چۆن لە ئیسلامدا سەرەتایەك هەیە دەڵێ ((لاطاعە لمخلوق فی معصیە الخالق))، ئاواش چ شتێ دژی راستی و زانست و کوردایەتی و ((منطق))ی مێژوو و خواستی جەماوەر، لای ئێمە پەیدا نابێت. جا با هەر – ناحەزان – واتەنی مەنجەڵە یاپراخەکە بین!! بابزانین گاگەلی ئەوان مل بە کوێوە دەنێ؟!!ئێمە حیزبایەتی بۆ ئەوە

ناکەین کە ناوێك بین لەناو ناواندا، یان لەبەر ئەوەی لەسەرەوە جێگامان دەست ناکەوێ لەسەر پێلاوانیش دانانیشین، بۆیە حیزبێك بۆ خۆمان پێك دێنین و دەبینە سەرکردە!!. ئێمە (خصوصیات)ی تایبەتیی خۆمان هەیە کە ڕەنگ و بۆ و تایبەتکاریی خۆمان دەردەخات بێ ئەو (خصوصیەتە)، لە حیزب دەکەوین و پێویستیی بوونمان نامێنێ. ئێمە لە کاتێکدا کە باوەڕی نەگۆڕ و هەڵقوڵاوی قووڵ ترین پروا و سەرەتای کوردایەتی و حیزبمان ئەوەیە کە ئاسوودەیی و بەختەوەریی مرۆڤی کورد مەبەست و ئامانجی هەرە باڵا و پیرۆزمانە. ((کوردستانێکی ئازاد)) مان بۆ بەختەوەری و ئاسودەیی (کورد) گەرەکە. بەختەوەری و ئاسوودەیی جەماوەریش تەنها لە ((کوردستانێکی ئازاد))دا ئیمکانی پەیدابوونی هەیە. خیزبمان ئامانجی سیاسی و یان کۆمەڵایەتی نییە.حیزبی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دوو ئامانجەکەش پێکەڵ پێکی یەکن. لە فەرهەنگی ئێمەدا جودایە و لامان وایە ئەوەی بە تەنها ((کوردستانێکی ئازاد))ی دەوێت بۆ ئەوەیەتی خۆی حوکمڕان بێت و لە شوێنی فلان داگیرکەر و فیسارە چەوسێنەر، فڵانی سەرکردە وەدەمراست و کوێخا بێت، ئەوەش پێی وایە ئاسوودەیی جەماوەر و رزگاریی زەحمەتکێشانی دیکەی هەر لە چوارچێوەیەکی دیدا، جگە لە ((کوردستانێکی ئازاد))دا دەست دەخرێ، ئاو لە دەنگەدا دەکوتێ، بەدووی (سێبەری منارە و تۆزی مێشولە)دا وێڵە! بۆیە دروشمی حیزبمان ((کوردستانێکی ئازاد)) و ((گەلێکی یەکسان))ە.

حیزبمان و باوەڕمان بە سۆسیالیزم و دادی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە چی کەم نییە لە باوەڕمان بە ((ئازادیی کوردستان)). بەڵگەی دندان شکێن و رەت کردنەوەی هەر گومانێکی لەم بارەیەوە قوڵ تێرامانی پاسۆك و بیروباوەڕەکەیەتی. ئێمە لە کاتێکدا کە ناوی حیزبمان بە شانازییەوە و لە باوەڕ و پرواوە (سۆشیالیست)ی هەڵگرتووە، لەهەمان کاتدا مەرجێکی ئەندامێتیی حیزبمان ئەوەیە (کە بەمانای فراوانی خواناسین، خواناس بێت –ملحد – نەبێت). کە ئەم خاڵە ئەو پەڕی پتەوی و تۆکمەیی حیزبمان دەردەخات بەرانبەر تەیارات و سێڵاوی لێڵی و باو و مۆدێلات. لە کاتێکدا کە ئێمە یەکەمین حیزبێکین لایەنی رۆحی و دەروونی و ئەخلاقی مرۆڤ و گردەپری و بێ ترسە دەچەسپێنین. لەوانەیە ئەمە چەند مێرد منداڵێکی سەراو بیرێکی سادە و شلك و بنبۆشمان لە دەست بدات، یان ((اعتراض))ی چەند نیمچە خوێندەوارێکی بێ پاشخان و ساکار و پشوو سواری نەزانمان لەبەردەم قوت بێتەوە! بەڵام حیزبی ئێمەلە پۆڵایە، بۆیە بەردەخڕەکەی منداڵانەی ئەوانە چ تین و تەئسیرێکی نابێت.

٤٧- چ ناکۆکی و نەگونجانێك دەبینن لە نێوان هەڵکەوتی نەتەوەییانە و سەرتاسەری رێکخستن و گۆڕەپانی خەباتی حیزبمان و ئەو قورسایی هاویشتنە سەر کوردستانی باشوور و هاوپەیمانە عێراقییەکان؟

مەسافەی هەزار میل هەر بە هەنگاوێ دەست پێ دەکات، وەکو پەندە چینیەکە دەڵێت، مەسەلەی قورسایی و بەرچاومان لە کوردستانی باشووردا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆ و هۆکاری زاتی و مەوزوعی حیزبیش و نەتەوەکەشمانە لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی رێکخستن و ((عملی)) یشەوە، ئەوەندەی بۆمان کرابێت و پێمان هەڵسا بێت، بە پێویستی حیزبی و ئەرکی میللیی سەرتاسەریشمان هەڵساوین. باوەریشمان بە هاوکاری و گرێدانی بزووتنەوەی نیشتمانیی ناوچەکە و دنیاش هەیە و رزگاریخوازی کورد بە بزووتنەوەی دیموکراسی و مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای میللیمانە. هەموو ئەمانەلە جوغز و چوارچێوەی تاکتیکی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، نەك چ ناکۆکی و نەگونجانێکی تێدا نییە، بەڵکو ئەو پەڕی ((توافق)) و چوونەوە سەریەکە. گرنگ ئەوەیە ئاگاداری،( افراط و تغریط) بین لەم مەسەلەیەدا و بەرژەوەندیی کورت تەمەن و بەرچاو، مەبەست و بەرژەوەندیی دوور و بنەڕەتییان لەدەست دەرنەیەنێ. خۆی نەك ئێمە بەتەنیا، هەموو باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرە و ئەو

هەڵکەوتەی ئێمە شەقاو هەڵدەگرن و ئەگەر مەسەلەی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی لێگەڕێت، (واقع)ەکە هاواری ئەوەیەتی هەر دەبێت بەرەو ئەو بارە ئاساییەی ڕێگە بگرێت، چونکە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (وحدە)یەکی سەربەخۆ و چەند ئەڵقەیەکی نەپساوەیە و بێ جێبەجێ کردنی ئەم یەکەم ئەرکی میللییە، مەسەلەی گرێدانی بزووتنەوەکە بە ناوچەکە و جیهانیشەوە ئیمکانی نییە، ئێمە لەو بازدانە بەسەر واقعەدا ناگەین، ئەوەیش بازبدات، خۆی لە حاڵتی ئیفلاسی و نەماندا دەبینێتەوە کە مەسەلەش هاتە سەر چەند و چۆنایەتی ئەندازە و شێوەی بە دیهێنان و جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە باس وخواس هەڵدەگرێت ئەگینا یەك پارچەکی بزووتنەوەی کوردایەتی لە حوکمی (مفروغ منە)دایە.

٤٨- مەسەلەی ((دیموکراسی)) لە دیدگای حیزبمانەوە چۆنە؟

دیموکراسی بەلای ئێمەوە پارێزگاری و ڕێزگرتنی و ویستی کۆمەڵ دا، دەرفەت و هەلی چوونیەك ڕەخسانە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵ. بەرنەگرتن و زەوت نەکردنی هیچ مافێکی مرۆڤە. دیارە چەندە بەڕەڵایی و کەس بەکەس دزێوە و ناجۆرە، سنووربەندی و خەتکێشان بە دەوری ویست و بیرورا و مافەکانی تاکیشدا بەهەر بیانوویەك بێت، ئەوەندە ناقۆڵا و نادروستە، بە هانای ((الغاء)) کردنی خوازی هەر مرۆڤێك کە لە چوارچێوەی خواز و ویستی کۆمەڵ بە دەر نەبێت لە دیدگای ئێمەوە حیلە شەرعی و گۆڕەوشاردانی مرۆڤایەتیی مرۆڤە، کە ریسوا و ملدانە لای ئێمە. تاکە زامنی لەنگەر ڕاگرتنی ماف و خوازی مرۆڤ لەگەڵ بەرژەوەندیی کۆمەڵدا ئەوەیە کە جەماوەر لە ئاست و هەڵکەوتێکدا خۆی لێ نەکاتە ((وصی)) و ردێن سپی. واتە کەس و هیچ کۆڕ وکۆمەڵێك نەبێتە ((بدیل))ی جەماوەرەکە، لەوانەیە هەندێ جار ((وصایە)) و مەرکەزیەت و ناچارکردن، دەستکەوتی کاتی و بەرژەوەندیی کەم تەمەن بۆ جەماوەرەکە دەست بخات، بەڵام هەمیشە و هەردەم دەقات و سەد قاتی لێ دەردێتەوە. وەکو دەڵێن وەکو ئەوە وایە ئێمرۆ دەنکێ ترێی بدەیتێ، سبەی کوپەیە ترشیاتی لێ دەردەهێنێتەوە!

٤٩- کەواتە مەسەلەی(( پێشرەوایەتی)) چۆن دەبێت؟

ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە لە سەرەتای نوێبوونەوەی حیزبمانەوە لە چەندین شوێن و مناسەبەتدا پەنجەی خراوەتە سەر. نوقتەی زوعفی هەرە گەورەی هەموو ئەو کۆڕ و کۆمەڵە شۆڕشگێر و پێشرەوانە بووە، کە پاشان بەرەو دیکتاتۆریەتی خزاندوونی! گومان لەوەدا نیە وەکو یاسا و دەستورێکی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لەم سەردەمانەدا تاکێکی هەڵکەوتوو و یان کۆمەڵێك دەتوانێ بڕوا و متمانەی جەماوەرەکەی دەست گیر بێت، ئەویش بە ((عملیە))یەکی زۆر ئاسایی و راستی. کە دروست ئەو شەرەفی پێشرەوایەتی و رابەرایەتیە هەڵبگرێت.

ئەمەش لە پێویستییەکانی ژیان و خەباتە.کەلێنەکە لەوێوە تێ دەکەوێ و درز دەبات کە ئەو تاکە یان کۆمەڵەیە بەهۆی ئەو باوەڕ و متمانەیەی جەماوەرەوە بەرە بەرە بەرە ببێتە، یان خۆی بکاتە (بدیل)ی جەماوەرەکە و لەوەش هەڵدەکشێ بۆ ((وصی)) و ((قیم)) لەسەر جەماوەرەکە کە ئەوسا لەبری ئەوەی خزمەتکار و خزمەتگوزاری جەماوەر بێت بەو ئیعتبارەی جەماوەرەکە بوون و دەسەڵاتێتی. جەماوەرەکە دەبێتە کەرەسە و ئامرازی ویست و خواستەکانی ئەو، مرۆ کە هەستی بێ منەت و بێ نیازە گومڕا دەبێت.

خودا لە قورئاندا زۆر بە قووڵی و گڕدەیری ئەم لایەنی گومڕایی و لە خۆبایی بوونەی دەست نیشان کردووەکە دەفەرمووێ ((ان الانسان لیطغی لما راە استغنی)). ئەمە دەردی کوشندەی هەموو پێشڕەوایەتیەکە و سەرچاوەی دیکتاتۆریەتە بەناو گەلی عقائیدیەکانە بۆیە دەبێ هەمیشە جەماوەر لەسەر بار و لە ئاستێکدا بێت کە ((پێشڕەو))ی خۆی دیاری بکات، لێی

بخات و لێی بپرسێتەوە. بۆ ئەوەی ئەو گومڕایی و (طغیان))ەی قورئان باسی لێوە دەکات پەیدا نەبێت، دەبێ چ تاك و چ کۆمەڵ هەست بەوە بکات کە بێ منەت نییە. نیازمەندی و ڕا لەسەر بوونی جەماوەر، پێشڕەوایەتی و رابەرایەتییەکی بەندە بە قایل بوون و ڕا لەسەر نەبوونی جەماوەرەکە و لەو شوێنەدا کە تاك یان کۆمەڵێك هەستی کرد چ نیازی بە کەس نەماوە، هەر چییەك بێت و هەرچۆنێ بێت مل بە دیکتاتۆریەتەوە دەنێ. هەرچی بزووتنەوەی دیموکراسی و شۆرشگێری و میللی هەیە، بەرچاوی بخە و سەرەنجی بدە بزانە چۆن لە سەرەتاوە بە ڕاستی و بەتەواوەتی و جەماوەری پێشرەو بووە کەڵە شۆرشگێر و رابەرەکانی ئەم دنیایە بێنە هۆشی خۆت کە چۆن سەردەمانێك لە ریزی پێشەوە بوون و تەعبیریان لە خواست و ویژدانی ئەو جەماوەرە کردووە. پاش سەرکەوتنی، پاش پێ نیاز بوون لە جەماوەر پاش ساغ بوونەوە و خۆداکوتاندن بونەتە مێمڵ و مێردەزمەی سەر کۆڵەسنگی جەماوەرەکە. چۆن لە ژێر چارشێو و درووشم و گوزارە و بەهانەی لاواز و قرچۆکدا جەهەننەمیان بۆ جەماوەرەکەیان داخستوە و پێیان وتوون لەم بەهەشتەدا قەرار بگرن، هەر کەسێکیش هاوارێکی لێ هەستێ، بە تۆمەت و تاوانی ناپاکی و نمەك بە حەرامی و تێکدان و (دژ بە گەل!!) سەرکوت دەکرێت. ئەمە سەرئەنجام و قەدەری هەموو بزووتنەوە شۆرشگێرییە کان بووە. دیاریشە کە سەرچاوەکەی لە بێ نیازبوون لە جەماوەرەوە هەڵدەقوڵێ. ئێمەی کورد گەر بمانەوێ سوود لە تاقیکردنەوەکانی خۆمان و جیهانی وەرگرین، بەوە نابێت لاپەڕەی زەرد و سوور و کەسك لەبەر بکەین و قسەی قوت قوت کاوێژ بکەیتەوە! ئەمە مەیدانی هەرە رەسەن و راستی و زانستییە با لە ئێستاوە هەموو لایەکمان بیر لەوە بکەینەوە هەر لە سەرەتا و لە ئێستاوە بەر بەو چارەنووسە بگرین، ئەوەش تەنها بەوە دەبێت کە جەماوەرەکەمان وا پەروەردە بکەین و فێر بکەین بڵێ (نەء) هەر کەسێکیش کە پێی وترا (نەء)، لە شوێنی خۆیدا بوەستێ با لەیێستاوە دیکتاتۆریەت تۆوپر بکەین و ناوکی خۆسەپاندن و گومڕایی گۆرەوشار بدەین.

دوو مەترسی گەورە لەبەردەم دوو بزوتنەوەدایە:

یەکەمیان، هەموو بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرە و جەماوەری و دیموکراسی لە قۆناغی پاش سەرکەوتن، لەبەردەم مەترسیی ڕۆچوون دایە بە لای (دیکتاتۆریەت)دا، هیچ بزووتنەوەیەکیش لەم مەترسییە رزگاری نەبووە مەگەر لە سەرەتاوە رێگەی ئەوەی پربیێتەوە، ئەویش بەوە بووە و دەبێت کە جەماوەرەکە بتوانێ تاپۆی (پێشڕەوایەتی) لەهەر کەس و لایەك بیەوێ، بیسەنێتەوە.

دووەمیان، هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی و نەتەوەیی لەبەردەم مەترسیی لادان دایە بەرەو (فاشیزمی)! مەگەر توانیبێتی و بتوانێ لەگەڵ مەرجی چاو لەدەست بوونی هەمیشەیی جەماوەر، مەسەلە ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان ئاوێتەی مەسەلە سیاسییەکان بکات و هەر لە سەرەتاشەوە گرێبەندی بکات بە دیموکراسیەتەوە. ئەم باسە هەڵدەگرێت و پتر

شیبکرێتەوە و روونبکرێتەوە، بەڵام ئەم سەرە داوانە بۆ هۆشی کراوەی دڵسۆز و پابەند بە ڕاستیی زانستییەوە بەسن بۆ بەدووکەوتن و وردکردنەوە و بردنەوە سەریەکی مەسەلەکان.

بام بابەتەکە زۆر نوێ بێت و لەمەوبەر کەس پێشبینی ئەم مەترسییەی نەکردبێت، یان وێرای گوتنی نەبوبێت، چونکە پریشکەکەی هەمووان دەگرێتەوە بە ئاخێوەرەکەشەوە بەڵام ئەوەندە راستیەتی بەرچاو و ڕوونەکە سەیرم لێ دێت بەو جۆرە چاوی سەرنجی لێ هەڵدەبەزێتەوە، یان گرنگی پێ نەدراوە. هەرگیزیش ئەوە ناسەلمێندرێ کە (کەی ئەمە کێشەی ئیمرۆمانە!؟) یان (کە کاتی هات خۆی چاك دەبێت)!!! چونکە ئەم مەسەلەیە چەق و مەرکەزی هەموو مەسەلەکانی دیکەیە و ئەوەی بێ بەرچاوگرتنی ئەمە هەنگاو بنێ، وەکو ئەوە وایە بینای ماڵی

لەسەر بەرمیلە بارووتی ((توقیت))کراو و هەڵچنێ وایە، کە پاشان مایەکەی دەبێتە مایەی پیازفرۆش.

٥٠- حیزبی ئێمە لەم بارەیەوە چ ((احتیاطێکی)) کردووە؟

هەست پێکردن و زانین و دەست نیشان کردنی هەر مەسەلەیەك و دەرپڕین و قاو لێ کردنی و پاشان ویست و خوازی پەیڕەو کردنی، نیشانە و بەڵگە و زامنی ئەوەن کە ئەم مەسەلەیە تێناپەڕێ و کاری بۆ دەکرێت. لە رووی عەمەلیەوە، ئێمە لە هەموو دەرفەتێکی هەڵکەوتو و شوێنی خۆیدا باسمان کردوە. یەکێکە لەو شتانەی هاوبیرانمان پێ گۆش کردوە. بۆتە مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە بیر و کارماندا. باوەڕی نەگۆر و بنجیمان بە دیموکراتی و جەماوەر و مرۆڤ کە بەردی بناغەی بیر و فەلسەفە و ئایدۆلوجیەتی حیزبمانە، کە هەر لە پرۆگرامەوە تا بڵاوکراوە و مەجالاتی رۆشنبیری و رۆشن کردنەوەی هاوبیرانمان، شادەمارەکان و سەرجەمی دروشمەکانی ((جەماوەر سەرچاوەی بوون ودەسەڵاتە))، ((مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابییە لەسەر گوێ زەوی))...هتد. لە تەك ئەو ئاوێتە کردنەوەی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان هەر لە درووشمی سەرەکیی حیزبماندا کە ((کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان))ە، تا ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرو ڕامان نەك هەر لە ((احتیاط)) تێپەریوە، بەڵکو بۆتە: چۆن دەڵێین ((مەسەلەی مەسەلەکان)) و چەقی بیر و خەباتمان، خۆزیا یەك لە سەدی ئەوەی ئێمە گرنگیی پێ بدرایە لە باوەڕ و قەناعەتەوە بووترانایە– بۆ ڕاوە ژیشکی جەماوەر نەبوایە– لە ڕفتارو کاری ڕۆژانە و رەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ڕەنگی پێبدرایەتەوە، نە ڕۆژمان بەمە دەگەیشت و نەئەوە حاڵمان دەبوو و نە ئەو مەترسییەش دڵە راوکێی پێدەکردین.

روونکردنەوەیەکی پێویست:

کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمەی بەردەستان بەم شێوەیەی ئێستای، دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆ و پێویستییەك کە بە تێکڕا چاومان لەسەریان گیرکردبوو. گرنگیی بابەتەکانی ئەم چاوێکەوتنانە، کە لەوەدا خۆی ئەنوێنێ، تەنها هەر قسەی رووت و قووت و فەلسەفەی ووشك و تاکتیکی رۆژانە و ڕاگەیاندن و بۆ بەڕێ کردنی رۆژنامەنووسێك بەناچارانە و مەیسەرکردنی دەستکەوتێکی ناڕەوا بێت لە رێگای پیاهەڵدان و هەڵوێست دۆراندنەوە، یان چاو پۆشی کردن لە مەسەلە رەواکەمان و نامەسئولانە دڵ و دەروونی خۆکردنەوە یەك وەك ئەوەی تا ئێستا لە فەرهەنگ و جیهانی سیاسەت و میدیای کوردیدا بەرچاو و باو و زاڵ بووە/ زاڵە. یاخود کاوێژکردنەوەی چەند رستە و دروشمێکی زەق بۆ تەفرەدان و لە خشتەبردن، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا کە دەکرێت بە پردێکی گەڕانەوە بۆ چوونەوە سەر مێژووی قۆناغێکی سەخت و هەرە ئاڵۆزی بە گشتی بزاڤەکەمان و کوردایەتی بە تایبەتی، دا بنرێ. هەمان کات لە بواری فکری و ئایدولۆژیدا پەنجە دەخاتە سەر زۆر لایەن و گەلێك داوە تیشکی رووناك کەرەوە بەناو تاریکستانی ئەم جەنجاڵی و گەڕەلاوژێ و تراژیدیایەدا گوزەر پێ دەکات. کە بە ئەندازەی لەبەرچاوگرتنی بار و هەلومەرجی ئەو سەردەمەی پاش هەرەس، سەنگ و بەهایان بەدیار دەکەوێت. لەبواری رێکخستنی دا سەروبۆر بۆ کۆمەڵێ ئەلف و بای ژیانی حیزبایەتی کردووە و ڕاستگۆیانە و ریالیستانە بارودۆخی شۆڕش و کوردایەتی خستۆتە بەرچاو و دەست. لە دامێنی ئەمانەشدا هەڵوێست و لێ هاتوویی و شارەزایی ریالیستبینێتی هاوبیری هێژامان شەهید کاك ئازاد مستەفا دەردەکەوێت. پاسۆکیش بە هەنیەی باسەکانەوە ئەدرەوشێتەوە و کوردایەتیش تاجی سەر و گیانی هەموو پرسیار و وەڵامەکانە. دیارە بەکەمی دەرچوونی (ئاڵای سووری کوردایەتی) جاران و ئەم دەستە و دەستکردنی لە نێو شارەکاندا بە نهێنی و ترسەوە، دوا دەست دەبووە خۆراکی قوتی تاوانباری ((توونی حەمام )). ئەم شاخە و ئەو دۆڵە و هەرا و

بەزمی باری حیزب، ئەم ژێر تاشە بەردوو و ئەو بنمیچی ئەشکەوت،  زۆری تریشی لێ فەت او بووە خۆراکی مارومێروو. نەبوونی ئەرشیف و کتێبخانەیەك لە ئارامیدا، بوونە مایەی بەرەو فەوتانی ئەم بەرهەمانە و بێ بەش بوونی بەشی زۆری هاوبیران و خوێنەران لێیان. زیان کەوتن لە کوردیەتی و پاسۆك. بیری لە دایك بوونەوەی ئەم بەرهەمەمان هێنایە گۆڕێ. ئاشکراشە دەیان نامیلکە و بەلاڤۆکی تری لەم بابەتە وە نزیکەی (٣٣) ژمارەی ئاڵای سووری کوردایەتی ((نەمان و  لەبیرچووونەوە)) هەڕەشەیان لێ دەکات کە بە هیواین بتوانین پۆشتە و پەرداخیان بۆ کوردایەتی و کتێبخانەی کوردی بکەینەوە.

ئێمە ئەوەشمان دەرك پێ کردووە کە ساتە وەختێك بەسەر ئەم چاوپێکەوتنانەدا تێپەڕیووە، بەڵام سەدجار لەوە دڵنیا بووین کە گیانی ئەم نووسینانە هێشتا زیندووە و دڵی مەسەلەکەش هەر لە لێداندایە و زەمینەی پێداویستییەکانی هەر هەناسە ئەدەن و بەکەڵکی ئەمڕۆ و سبەیش و داهاتوویەکی دوورتریش دێن. دەکرێت بە یەکێك لەو بەردە دانسقە زێڕینانەی دابنێین کە ئامادەن بۆ هەڵچنینی ((بناغەی تەلاری فکری کوردایەتی)). ئاشکرایە هەر لەم دید و بۆچوونەوە دەرهەق بە ئەنجام دانی ئەم کارە، گەردنی مێژوو ئازاد بێ بەر کام حوکمی خۆیمان دەدات و لە ئێوەش ((گەرکەماسییەکەمان)) هەبێ داوای بەخشین دەکەین.

چەند سەرەنجێکی پێویست:-

١/ ئاڵای سووری کوردایەتی، ئۆرگانی ناوەندیی هێزی پێشمەرگەی ( پاسۆك) ە و تەنها (٣٣) ژمارەی لێ دەرچووە.

٢/ ئەم چاوپێکەوتنانە لە پرسیاری (١) وە تا (١٤) لە ژمارە (١٣-١٤) ی مارتی/ ١٩٨٢ دا بڵاوکراوەتەوە لە پرسیاری (١٥) وە تا (٣١) لە ژمارە (١٥-١٦) ی نیسانی ١٩٨٢ بڵاوکراوەتەوە.

٣/ بەبۆنەی ساڵێك تێپەربوون بەسەر دەرچوونی (ئاڵای سووری کوردایەتی)دا سازکراوە.

٤/ لە ژمارە (٣٢)ی پرسیارەکانەوە تا کۆتایی لە ژمارە (٢٠)ی ئەیلوولی/ ١٩٨٢ دا بڵاوکراوەتەوە.

٥/ بەبۆنەی تێپەڕبوونی حەوت ساڵان بەسەر ساڵڕۆژی حیزبماندا کە وەك سیمینارێکی ئازادانە درایە ناساندن، سازکراوە.

کوردستان / ١٩٩٤